# ڕاپۆرتی
# جوانڕۆ؛

## ئاگری شەڕی دەسەڵات لە سەر دەستە بەتاڵەکان و سەنگەرەکانی ڕقی گەل



KURDISTAN HUMAN RIGHTS NETWORK

کمپین حقوق بشر ایران
Center for Human Rights in Iran

# جوانـــڕۆ؛

## ئاگری شەڕی دەسەڵات لە سەر دەستە بەتاڵەکان و سەنگەرەکانی ڕقی گەل

خەرمانانی ١٤٠٢

سێپتامبەری ٢٠٢٣

KURDISTAN HUMAN RIGHTS NETWORK

کمپین حقوق بشر ایران
Center for Human Rights in Iran

# جوانـــڕۆ؛

ئاگری شەڕی دەسەڵات لە سەر دەستە بەتاڵەکان و سەنگەرەکانی ڕقی گەل

سەرجەم مافەکانی ئەم ڕاپۆرتە پارێزراوە بۆ تۆڕی مافەکانی مرۆڤی کوردستان
کەمپینی مافەکانی مرۆڤ لە ئێراندا


Center for Human Rights in Iran
New York
Tel: +1 -347-689-7782

www.iranhumanrights.org

Kurdistan Human Rights Network
Paris
Tel: +33 -985-07-5640

www.kurdistanhumanrights.org

«تۆڕی مافەکانی مرۆڤی کوردستان» ڕێکخراوەیەکی سەربەخۆی قازانجنەویستی بێلایەنە کە ساڵی ٢٠١٤ لە وڵاتی فەرەنسا بە شێوەی فەرمی تۆمار کراوە. ئەرکی سەرەکیی ئەم ڕێکخراوەیە لە دوو بەشدا گەڵاڵە کراوە: بەشی فێرکاری و پەرەدان بە بەها و پرەنسیبەکانی مافەکانی مرۆڤ، هەروەها بەشی ڕاگەیاندن و بەبەڵگەکردنی حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ. بەستێنی چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوەیە کوردستان / ئێران دەگرێتەوە. ئاگادارکردنەوەی ڕای گشتی و ڕاگەیاندنەکان و هەروەها دامەزراوە و ڕێکخراوە جیهانییەکانی چالاک لە بواری مافەکانی مرۆڤدا، یەکێکی ترە لە کارەکانی ئەم ڕێکخراوەیە، هەر لەم پێناوەدا ماڵپەڕی تۆڕی مافەکانی مرۆڤی کوردستان (https://kurdistanhumanrights.org/ku) بە سێ زمانی کوردی، فارسی و ئینگلیزی بابەتەکان بڵاو دەکاتەوە و لە سەرجەم تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشدا ئێکاونتی فەرمی و تایبەت بە خۆیی هەیە. تۆڕی مافەکانی مرۆڤی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٧وە ئەندامە لە «ڕێکخراوەی هاوپەیمانی جیهانیی دژ بە لەسێدارەدان»دا. هەروەها پێوەندی و هاوکاریی نزیک و دوولایەنەی هەیە لەگەڵ دامەزراوە کوردستانی، ئێرانی و جیهانییەکانی مافی مرۆڤدا.

کەمپەینی مافەکانی مرۆڤ لە ئێراندا وەک دامەزراوەیەکی سەربەخۆی قازانجەویست کە لە ساڵی ١٣٨٧ی هەتاوییەوە (٢٠٠٨) کار دەکات بۆ پارێزگاریکردن و پەرەپێدانی مافەکانی مرۆڤ لە ئێراندا، لە تەنیشت توێژینەوە و بەبەڵگەکردنی حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ئێراندا و پێشکەشکردنی ڕاسپاردە بە کۆمەڵگەی جیهانی، هاوکات زەمینەی لێکۆڵینەوە و نواندنی پەرچەکرداری گونجاو بۆ دەوڵەتان، ناوەندە نێونەتەوەییەکان و دامەزراوە مەدەنی و توێژینەوەییەکان فەراهەم دەکات.

ئەم چالاکییانە کە بە زۆری بەرهەمی پێوەندیی ڕاستەوخۆیە لەگەڵ دادخوازان، چالاکان و ئەندامانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئێراندا، وای کردووە لە ڕاپۆرتە فەرمییەکانی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕاگەیاندنە متمانەپێکراوەکانی جیهاندا، سەرچاوە و لێکۆڵینەوەکانی کەمپەین بە شێوەیەکی کاریگەر بە کار بهێنرێن.

# پێڕست


٧ **زانیارییە سەرەکییەکانی ڕاپۆرتەکە**

٩ **کورتەپێشەکییەک**

١٣ **پێشنیار و ڕاسپاردەکان بۆ کۆمەڵگەی جیهانی**

١٤ **میتۆدی توێژینەوە و ئامادەکردنی ڕاپۆرت**

١٥ **بەشی یەکەم**
جوانرۆ؛ بەرخۆدان ژیانە

٣٣ **بەشی دووەم**
جوانرۆ؛ جەستەی برینداری شار و لافاوی خوێن لە کۆڵانەکاندا

٤٥ **بەشی سێیەم**
جوانرۆ شاری بێبەرگری؛ گوللەی ناو جەستەی برینداران و گرفتەکانی دەرمان

٥٣ **بەشی چوارەم**
جوانرۆ؛ ئەو دەمەی میلەکانی زیندان بە دەوری هەموو شاردا تەنراوە

٦٥ **بەشی پێنجەم**
جوانرۆ؛ سەرکوتکردنی منداڵانی شار لە پاییزی بێگەڕانەوەدا

٦٧ **بەشی شەشەم**
گیانبەختکردوانی جوانرۆ

٧٩ **بەشی حەوتەم**
بەرپرسانی تاوان؛ ناساندنی هەندێ لە بەڕێوەبەران و فەرماندەرانی سەرکوت

٨٥ **ئەنجامگیری و کۆتایی**



جـوانـڕۆ؛ ئاگری شەڕی دەسەڵات لە سەر دەستە بەتاڵەکان و سەنگەرەکانی ڕقی گەل

# زانیارییە سەرەکییەکانی ڕاپۆرتەکە

لە نێوان ١٦ای ڕەزبەر تا ١٠ای بەفرانباری ١٤٠١دا (٨ی ئۆکتۆبەر تا ٣١ی دێسامبەری ٢٠٢٢) هێزە ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە کەڵکوەرگرتن لە چەکی جەنگی و بە شێوەیەکی ئەنقەست و پلان بۆدانراو، خۆپیشاندەرانی شاری جوانرۆیان کردە ئامانج و لە ئەنجامدا هەشت هاووڵاتیی مەدەنی و بێچەک، لەوانە منداڵێک، کوژران. لەم سەرکوتکردنەدا لایەنی کەم ٨٠ کەس، لەوانە منداڵان، بە سەختی بریندار بوون.

دابینکردنی خزمەتگوزاریی پزیشکی و دەرمانی بۆ زیانلێکەوتوان و برینداران ڕووبەڕووی گەلێ کێشە و بەربەستی جۆراوجۆر بوویەوە. لە هەندێ حاڵەتدا برینداران لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە پەلامار و ئەشکەنجە دران. ٨٩ کەس، لەوانە ٢٦ منداڵ، بە شێوەی هەڕەمەکی و نایاسایی دەستبەسەر کران و بەشێکی زۆریان، لەوانە منداڵان، ئەشکەنجە و لە هەندێ حاڵەتدا تەنانەت ئازاری سێکسی دران. بنەماڵەی کوژراوان، برینداران و دەستبەسەرکراوان کەوتنە ژێر زەخت و گوشاری دامودەزگا ئەمنییەکانەوە تاکوو بێدەنگیی لێ بکەن.

تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لە جوانرۆ بە شێوەیەکی پلان بۆدانراو و لەژێر چاودێری و ڕێنوێنیی تەواوی بەرپرسانی دەوڵەتی و حکومیدا بەڕێوە چووە. ئەم تاوانانە بە تەواوی لە ڕیزی تاوانی کوشتنی بەئەنقەست، سەرکوتکردنی سیستماتیک و بەئەنقەست، بریندارکردنی سەختی هاووڵاتییانی مەدەنیی بێچەک لە ئاستێکی بەربڵاودا و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی لە قەڵەم دەدرێن .

کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دەبێ ڕاستەوخۆ لە هەموو ڕێگایەکی دیپلۆماتیک، سیاسی، ئابووری و یاساییەوە بەدواداچوون بکات بۆ ئەو کۆمەڵکوژی و تاوانە حکومییەی لە جوانرۆدا ڕووی داوە. لەوانە، بەدواداچوون بۆ پرسی بەرپرسایەتیی کەیفەریی بەڕێوەبەرانی ئەم تاوانە لە دادگا نێونەتەوەییەکاندا یاخود لە دامودەزگای دادوەریی ئەو وڵاتانەدا کە لە چوارچێوەی ڕێساکانی یاسای نێونەتەوەیی و پرەنسیبی ئەهلییەتی جیهانیدا کار دەکەن.



جـوانـڕۆ؛ ئاگری شەڕی دەسەڵات لە سەر دەستە بەتاڵەکان و سەنگەرەکانی ڕقی گەل

# کورتە پێشەکییەک

دوابەدوای کوشتنی حکومەتیی ژینا ئەمینی لە دەستبەسەرگەی پۆلیسی تاران و دەسپێکردنی خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان لە سەرانسەری ئێراندا، گۆڕەپانی خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان لە هەندێ حاڵەتدا زۆر خێرا گۆڕران بۆ کوشتارگەی خەڵک؛ زیاتر لە ٥٠٠ خۆپیشاندەر لە سەرانسەری ئێراندا بە دەستی هێزە ئەمنی و چەکدارەکان کوژران و زیاتر لە ٢٠ هەزار کەسیش دەستبەسەر کران[١]. کاربەدەستانی دەزگای دادوەری لە هەندێ دادگای فۆرمالیتەدا و بەبێ ڕەچاوکردنی ڕەوتە یاساییەکان، سزای لەسێدارەدانیان بەسەر حەوت خۆپیشاندەردا سەپاند و سزاکەیشیان جێبەجێ کرد[٢]. زۆربەی دەستبەسەرکراوان کەوتنە ژێر ئەشکەنجەی قورسی ڕۆحی و جەستەییەوە. جاوید ڕەحمان، ڕاسپێردراوی تایبەتی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مافی مرۆڤ لە ئێراندا، ڕووداوەکانی ئێرانی وەک «تاوانی دژبە مرۆڤایەتی» لە قەڵەم دا[٣].

هاووڵاتیانی کوردستان لە هەمان یەکەم حەفتەکانی دەسپێکردنی سەرهەڵدان و سەرکوتکردنی خەڵکەوە بە دەستی هێزەکانی دەسەڵات، قورسترین و توندوتیژترین شێوازەکانی سەرکوتیان ئەزموون کرد؛ بەپێی ئامارەکان، زیاترین ڕێژەی گیانبەختکردوانی سەرهەڵدانی جەماوەریی ١٤٠١ لە هاووڵاتیانی بەلووچ و کورد بوون[٤]. هێزە سەربازی و ئەمنییەکان لە سەرکوتکردنی هاووڵاتیانی کورد و بەلووچدا، تەنانەت لە شارە بچووکەکاندا کە ژمارەی دانیشتوانیان کەمە، پەنایان بردە بەر توندوتیژترین شێوازەکان وکەرەستەکانی سەرکوت.

ئامادەبوونی هێزە سەربازییەکان و پەنابردنیان بۆ کەرەستە و چەکوچۆڵی شەڕ، دەستبەسەرکردنی هەرەمەکی و ڕەشبگیری، ئەشکەنجەدانی خۆپیشاندەران، پێشێلکردنی ئاشکرای مافی منداڵان[٥]، خۆبواردنی هاووڵاتیان لە سەردانکردنی ناوەندە پزیشکییەکان لەبەر مەترسیی دەستبەسەرکران لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە و ڕێگریکردن لە دابینکردنی خزمەتگوزاریی پزیشکی بۆ برینداران، لە ڕیزی حاڵەتەکانی پێشێلکردنی یاسا و ڕێسا نێونەتەوەییەکاندا دێنە ئەژمار کە نموونەکانی لە ڕەوتی سەرکوتکردنی خۆپیشاندەرانی هەندێ لە شارەکانی کوردستاندا ڕوویان داوە؛ لەوانە لە شاری جوانڕۆ، شارێکی بچووک وکەم حەشیمەتی پارێزگای کرماشان کە یەکێک بوو لە ناوەندە سەرەکییەکانی سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکان لە ڕەوتی سەرهەڵدانی شۆڕشگێڕانەی «**ژن، ژیان، ئازادی**»دا.

هێزە ئەمنی و سەربازییەکان و سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی نێوان ڕەزبەر تا بەفرانباری ١٤٠١دا (ئۆکتۆبەر تا دیسامبەری ٢٠٢٢) بە شێوازی جۆراوجۆر خەڵکی ڕاپەڕیوی شاری جوانڕۆی پارێزگای کرماشانیان بە قورسی سەرکوت کرد. هێزەکانی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی لە ڕێگای بەکارهێنانی چەکی جەنگی ونیوەقورسەوە دەسڕێژیان لە هاووڵاتیانی مەدەنی کرد، برینداران کەوتنە بەر پەلامار و لێدانی هێزە چەکدارەکان و تەنانەت یارمەتیدەرانی بریندارانیش خۆیان بوونە ئامانجی دەسڕێژی هێزەکانی حکومەت. ژمارەیەکی بەرچاوی برینداران نەیانتوانی بۆ دەرمانکردن خۆیان بگەیەننە نەخۆشخانە و ناوەندە پزیشکییەکانی شار، چونکوو هێزە ئەمنییەکان بە مەبەستی ناسینەوە و دەستبەسەرکردنی خۆپیشاندەران، لە ناو و دەوروبەری ئەو ناوەندانەدا جێگیر کرابوون. هێزەکانی سوپا بە تەواوی دەروازەکانی شاریان کۆنتڕۆڵ دەکرد و هەر ئەمەیش بووە هۆی دروستبوونی کێشە و لەمپەری فراوان لە بەردەم گەیاندن و دابینکردنی خزمەتگوزاری و کەرەستەی پزیشکیدا بۆ بریندارانی جوانڕۆ. بۆ وێنە ڕێگری لە و ئامبوڵانسانە کرا کە لە شارەکانی دەوروبەرەوە دەیانویست خۆیان بگەیەننە جوانڕۆ.

تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لە جوانڕۆ لەم ماوەدا چوار مانگییەدا ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

- کەڵکوەرگرتنی جارجارەی هێزە چەکدار و ئەمنییەکان لە چەکی جەنگیی سووک و نیوەقورس، لەوانە دۆشکە و ڕەشاش، لە بەرانبەر خۆپیشاندەرانی مەدەنیدا کە لە ئەنجامی ئەم سەرکوتکردنەدا هەشت کەس، لەوانە منداڵێک (ی ١٦ ساڵان) کوژران و لایەنی کەم ٨٠ کەس، لەوانە منداڵان، بە سەختی بریندار بوون.
- دەستبەسەرکردنی نایاسایی و هەڕەمەکیی لایەنی کەم ٨٩ هاووڵاتی کە ٢٦ کەسیان منداڵ بوون
- ڕێگریکردن لە دابینکردن و پێشەشکردنی خزمەتگوزاریی پزیشکی بۆ خۆپیشاندەرانی بریندار و بەکارهێنانی ناوەندە پزیشکییەکان بۆ ناسینەوە و دەستبەسەرکردنی خۆپیشاندەران
- ئەشکەنجە و ئازاردانی سێکسیی زیندانیان و لەوانە منداڵانی دەستبەسەرکراو
- هەڕەشە و گوشاری هێزەکانی حکوومەت بۆ سەر بنەماڵەی گیانبەختکردوان، برینداران و دەستبەسەرکراوان بە مەبەستی بێدەنگکردنیان لە ئاست دۆخی ئازیزەکانیاندا و بەڕێوەنەبردنی ڕێوڕەسمی ئەسپەردەکردنیان

تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لە جوانرۆ پێشێلکەری یاساکانی خودی ئێران[6] و چەندین کۆنڤانسیۆنی جیهانییە کە ئێران واژۆی کردوون، لەوانە کۆنڤانسیۆنی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان[7]، کردارەکانی حکومەت هەروەها بە شێوەیەکی ئاشکرا پێشێلکەری ڕێسا بنچینەییەکانی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکانە[8] لەمەڕ بەکارهێنانی هێز و چەکی گەرم لە لایەن بەرپرسانی جێبەجێکاری یاساوە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە تا ئێستا تەنانەت یەک بەرپرسی حکومەتی کۆماری ئیسلامییش ئامادە نەبووە لە ئاست کوشتن و بریندارکردنی دانیشتوانی جوانڕۆدا وەڵام و ڕوونکردنەوە بدات.

لە خۆپیشاندانەکانی جوانرۆدا ٨ هاووڵاتی بە گوللەی هێزە سەربازییەکان گیانیان بەخت کرد و لایەنی کەم ٨٠ کەس بریندار بوون. ئەو هێزە سەربازی و ئەمنییانەی دەستیان لە سەرکوتکردنی خۆپیشاندەراندا هەبوو، بریتی بوون لە یەکەی تایبەت و ئیدارەی ئەماکنی هێزی ئینتیزامی، هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعات و سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی. ئەم هێزانە بە چەکوچۆڵی شەڕ و سەربازیی سووک و نیوەقورسەوە، لەوانە «دۆشکا»، دەسڕێژیان لە خەڵک دەکرد و سەرجەم گیانبەختکردوان و زۆربەی بریندارانی جوانرۆ بە گوللەی شەرکرابوونە ئامانج. برینداران بۆ دەرمان دووچاری کێشەی فراوان بوونەوە؛ لەوانە، کەمبوونی دەواودەرمان و کەرەستەی پزیشکی، جێگیرکردنی هێزە ئەمنییەکان لە نەخۆشخانەدا و خۆبواردنی برینداران لە سەردانکردنی ناوەندە پزیشکییەکان لەبەر مەترسیی دەستبەسەرکردن. دەستبەسەرکردنی هەڕەمەکی و ڕەشبگیری، ئەشکەنجەدانی دەستبەسەرکراوان، هەڕەشەکردن لە بنەماڵەی گیانبەختکردوان، پێشێلکردنی مافەکانی منداڵان و گەمارۆدانی شار لە لایەن هێزە سەربازییەکانەوە تا ٤ مانگ دوای سەرکوتکردنی خوێناویی خەڵکی جوانرۆ، بە نموونەی حاڵەتە ڕوونەکانی سەرکوتکردنی ڕێکخراوی دەوڵەتی دێنە ئەژمار کە بە کەڵکوەرگرتن لە هێز و گەڵاڵەی سەربازی دژ بە هاووڵاتیانی مەدەنی و بێچەکی

ناوچەیەکی دیاریکراوی جوگرافیایی جێبەجێ کراوە؛ نموونەی تەواوی تاوانی دژبە مرۆڤایەتی[٩]. بە باوەڕی گەلێ کەس، ئەوەی لە جوانڕۆ ڕووی دا، لە ڕیزی بێوێنەترین شێوازەکانی سەرکوت لە شارەکانی ئێراندا دوای سەرهەڵدانی شۆڕشگێڕانەی ژن، ژیان، ئازادی بووە.

کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دەبێ لە پێناو لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لە جوانڕۆدا، هەموو میکانیزمە دیپلۆماتیک، سیاسی، ئابووری و یاساییەکانی خۆی بخاتە گەڕ، لەوانە، بەدواداچوون بۆ پرسی بەرپرسایەتیی کەیفەریی بەڕێوەبەرانی ئەم تاوانانە لە دادگا نێونەتەوەییەکاندا یاخود لە دامودەزگای دادوەریی ئەو وڵاتانەی لە چوارچێوەی ڕێساکانی یاسای نێونەتەوەیی و پرەنسیبی ئەهلییەتی[١٠] جیهانیدا کاردەکەن[١٠].

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە ئاستی نارەزایەتییەکانی کۆمەڵگای ئێران لە حکومەتی کۆماری ئیسلامی بەردەوام پەرە دەسێنێت، ئەگەری کڵپەسەندنەوەی سەرهەڵدانی بەربڵاو لە داهاتووی نزیکدا گەلێ چاوەڕوانکراوە. تەنها هیوا و ئیمکانی کۆمەڵگەی جیهانی بۆ ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی ئەم جۆرە تاوانانە، بریتییە لە سەپاندنی تێچوو بەسەر بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا.

لەم ڕاپۆرتە توێژینەوەییەدا هەندێ پێشنیار و داواکاری ئاراستەی دەوڵەتانی جیهان و ڕێکخراوە و دامەزراوە جیهانییەکان لە بواری مافەکانی مرۆڤدا کراوە تاکوو لە ئاست کارەساتی سەرکوتکردنی جوانڕۆدا هەنگاوە مومکینەکان هەڵبگرن.

ئەم ڕاپۆرتە توێژینەوەییە، گێڕانەوەیەکە لە ڕۆژەکانی خۆپیشاندان و بەرەنگاریی خەڵکی جوانڕۆ لە بەرانبەر سەرکوتی توندوتیژی هێزەکانی دەسەڵاتدا و باس لەوە دەکات کە بۆچی ئەوەی لە جوانڕۆ ڕووی دا، نموونەی تەواوی تاوانی دژبە مرۆڤایەتییە.

ئەم ڕاپۆرتە لە ٧ بەشدا ئامادە کراوە؛ بەشی یەکەم گێڕانەوەی ڕۆژانی خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی جوانڕۆ و بەرخۆدانی خەڵکە لە هەمبەر سەرکوتکاریی هێزەکانی حکومەتدا، بەشی دووهەم لە دۆخی برینداران دەکۆڵێتەوە، بەشی سێهەم تەرخان کراوە بۆ کێشە و گرفتەکانی بەردەم دەرمان و خزمەتگوزاریی پێویستی پزیشکی، لە بەشی چوارەمدا ئاور لە دۆخی دەستبەسەرکراوان دراوەتەوە، بەشی پێنجەم تایبەتە بە پێشێلکردنی مافەکانی منداڵان لە ڕەوتی سەرکوتکردنی سەرهەڵدانی جوانڕۆدا، بەشی شەشەم ژیاننامەی کورتی گیانبەختکردوان و شێوازی کوشتنیانە و بەشی حەوتەمیش ناساندنی هەندێ لە بەرپرسان و بکەرانی تاوانی دژبە مرۆڤایەتییە لە جوانڕۆدا.

**دەوڵەتانی سەرانسەری جیهان دەبێ گەمارۆی قورسی پێوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤەوە بخەنە سەر هەموو ئەو کەسانەی بە شێوەیەک لە شێوەکان لە تاوانەکانی حکومەتدا دژ بە خەڵکی جوانڕۆ دەوریان هەبووە.**



# پێشنیار و ڕاسپاردەکان:

١. لیژنەی دۆزینەوەی ڕاستییەکانی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە سەرماوەزی ١٤٠١ (دێسامبەری ٢٠٢٢) دوابەدوای بڕیارنامەی S35/L1 ی شۆرای مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزرا، دەبێ بە وردی و تەواوی لێکۆڵینەوە بۆ ڕووداوەکانی جوانرۆ بکات و بەڵگە و دۆکیۆمێنتە پێویستەکان بۆ تاوانەکانی حکومەت و هۆکارەکانی کۆ بکاتەوە و شیکارییان بۆ بکات.

٢. دامەزراوەکانی مافی مرۆڤ، توێژەران، پارێزەرانی یاسایی، ڕۆژنامەنووسان و سەرجەم چالاکانی بوارەکانی تر، دەبێ هەموو هەوڵی خۆیان بۆ کۆکردنەوەی شایەتییەکان، پێشینەی پزیشکی، ڕاپۆرتی شایەتحاڵە مەیدانییەکان و هەموو بەڵگە و دۆکیۆمێنتە پێوەندیدارەکان بە هەڵسوکەوتەکانی حکومەتەوە لە جوانرۆدا بخەنە گەڕ و ئەم بەڵگەنامانە پێشکەشی لیژنەی دۆزینەوەی ڕاستییەکانی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن.

٣. بەرپرسانی پێوەندیدار بەم تاوانەوە دەبێ بەپێی پرەنسیبی ئەهلییەتی جیهانی بخرێنە بەر لێکۆڵینەوەی یاساییەوە. دامەزراوە و پسپۆڕانی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەوڵەتانی سەرانسەری جیهان، ئەنجومەنە یاساییە نێونەتەوەییەکان و دامەزراوەکانی مافی مرۆڤ دەبێ بە ئاشکرا پشتیوانی بکەن لە پرەنسیبی ئەهلییەتی جیهانی بۆ داواکاریی لێکۆڵینەوەی یاسایی لە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

٤. کۆمیسارییای باڵای مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەروەها ڕاسپێردراوی تایبەت بە ئێران بۆ پرسی مافەکانی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، ڕاسپێردراوی تایبەت بۆ پرسی پەرەپێدان و پاڵپشتیکردن لە مافی ئازادیی باوەڕ و ڕادەربڕین، ڕاسپێردراوی تایبەت بۆ مافی ئازادیی کۆڕ و کۆبوونەوەکان، ڕاسپێردراوی تایبەت بۆ پرسی ئێتنێکەکان، ڕاسپێردراوی تایبەت بۆ پرسی ئەشکەنجە و هەموو سزایەکی ستەمکارانە، نامرۆڤانە و دژ بە کەرامەتی مرۆیی، هەروەها سەرۆکەکانی کۆمیتەی کاریی دەستبەسەرکردنی ملهوڕانە و نایاسایی، دەبێ ڕاشکاوانە و ئاشکرا ڕابگەیەنن کە تاوانەکانی حکومەت دژ بە خەڵکی ڕاپەڕیوی جوانرۆ لە ڕیزی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتیدایە و داوای لێکۆڵینەوەی زیاتر لەم ڕووداوانە و لێپێچینەوەی نێودەوڵەتی لە بەرپرسانی پێوەندیدار بکەن.

**دەوڵەتانی سەرانسەری جیهان دەبێ لەسەر بنەمای ئەم خاڵانەی خوارەوە باڵیۆزەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بانگهێشت بکەن:**

- شەرمەزارکردنی ڕاشکاوانەی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لە جوانرۆدا (هەروەها لە سەدان شاری دیکەی ئێراندا کە ڕووبەڕووی سەرکوتکردنی توندوتیژ بوونەتەوە)
- سەپاندنی لێکەوتەی دیپلۆماتیک، سیاسی و ئابووری بەسەر ئەوکاربەدەستانەی کۆماری ئیسلامیدا کە بە دیاریکراوی لەم تاوانەدا دەستیان هەبووە.
- هۆشداریدان بە حکومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەمەڕ لێکەوتە دیپلۆماتیک، سیاسی و ئابوورییەکان ئەگەر ئامادە نەبن لە بەرانبەر ئەم سەرکوتکارییە قورسەدا وەڵامدەر بن و جەختکردنەوە لەسەر قورسبوونەوەی لێکەوتەکان لە ئەگەری درێژەداندا بەم چەشنە هەنگاو و کردەوانە.

دەوڵەتانی سەرانسەری جیهان دەبێ لە پێناو شەرمەزارکردنی ڕاشکاوانە و ئاشکرای تاوانەکانی کۆماری ئیسلامیدا لەگەڵ هاوپەیمانان و هاوبەشەکانی خۆیاندا بۆ پێکهێنانی کۆمەڵە هاوپەیمانییەکی چەندلایەنە هاوکاری بکەن. لەوانە دەرکردنی بەیاننامەی هاوبەش لە پرێس کۆنفرانسەکاندا و کۆڕ و کۆمەڵە چەندقۆڵییەکانی وەک کۆبوونەوەی گشتیی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان یاخود کۆنفرانسی لوتکەی وڵاتانی جی ٧.

دەوڵەتانی سەرانسەری جیهان دەبێ گەمارۆی قورسی پێوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤەوە بخەنە سەر هەموو ئەو کەسانەی بە شێوەیەک لە شێوەکان لە تاوانەکانی حکومەتدا دژ بە خەڵکی جوانڕۆ دەوریان هەبووە.

**دەوڵەتانی سەرانسەری جیهان دەبێ هەموو هەوڵی خۆیان بۆ یارمەتیدانی خەڵکی ئێران بخەن گەڕ، لەوانە :**


- سەرنجدان و بەرجەستەکردنەوەی دۆخی زیندانیانی سیاسی لە ئێراندا و پێداگریکردن لەسەر ئازادکردنی دەسبەجێی ئەم زیندانیانە.
- ئاسانکاری لە پرۆسەی دەستەبەرکردنی ئەو تەکنۆلۆژیا پێویستانەدا کە یارمەتیدەری خەڵکی ئێرانن بۆ پێوەندیگرتن لەگەڵ یەکدی و گواستنەوەی هەواڵەکاندا بۆ خەڵکی جیهان، بۆ ئەوەی حکومەت نەتوانێت تاوانەکانی خۆی بشارێتەوە.
- خێراکردنەوەی پرۆسەی هەناردنی پێداویستیی مرۆڤدۆستانە و پێویست، بەتایبەت کەرەستەی پزیشکی، بۆ ئێران.
- ئاسانکاری و خێراکردنەوەی پرۆسەی هەناردنی پێداویستیی مرۆڤدۆستانە و پێویست، بەتایبەت کەرەستەی پزیشکی، بۆ ئێران.

## میتۆدی توێژینەوە و ئامادەکردنی ڕاپۆرت

ئەم ڕاپۆرتە توێژینەوەییە دەرئەنجامی هاوکارییەکی هاوبەشی «**تۆڕی مافەکانی مرۆڤی کوردستان**» و «**کەمپەینی مافەکانی مرۆڤ لە ئێراندا**»یە؛ توێژەرانی تۆڕی مافەکانی مرۆڤی کوردستان لە نێوان ٣٠ی ڕەزبەری ١٤٠١ تا ١٢ی جۆزەردانی ١٤٠٢دا (٢٢ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٢ تا ٢ی ژوەنی ٢٠٢٣) لەگەڵ ٣٨ هاووڵاتیی خەڵکی جوانڕۆ بە شێوەی حوزووری و تۆمارکردنی دەنگیان لە نزیکەوە یاخود لە ڕێگای ئامێرەکانی پێوەندییەوە، «تێلێگرام و واتساپ»، وتووێژیان کردووە. لێکۆڵینەوە لە سەدان وێنە و ڤیدیۆی ڕۆژانی سەرکوتکردنی جوانڕۆ کراوە و دروستبوونیان سەلمێنراوە و دواجار ئەم ڕاپۆرتە لە لایەن توێژەرانی کەمپەینی مافەکانی مرۆڤی ئێرانەوە داڕێژراوە و کراوەتە ئینگلیزی. لە پێناو پاراستنی ئەمنییەتی گێڕەوەکان و شایەتحاڵاندا, ناویان لە ڕاپۆرتەکەدا نەهاتووە و بە ژمارە لێکدی جیا کراونەتەوە. لە هەندێ شوێنیشدا ناونیشانی ئەو کەسانەی کە شایەتحاڵان قسەیان لەسەر کردوون، بە پیتی کورتکراوە دیاری کراوە.

# بەشی یەکەم

# جوانرۆ؛
# بەرخۆدان ژیـانـە



شاری جوانرۆ ناوەندی قەزا (شارستان)ی جوانرۆی پارێزگای کرماشانە، نزیکەی حەفتاوپێنج هەزار دانیشتووی هەیە و لە ٩١ کیلۆمەتریی ناوەندی پارێزگا، واتە شاری کرماشان، هەڵکەوتووە. جوانرۆ لە رووی جوگرافییەوە سەر بە ناوچەی «هەورامان»ـە و دەکەوێتە نێوان سێ شاری پاوە، سەلاسی باوەجانی و روانسەرەوە، زمانی دانیشتوانی «کوردیی سۆرانی»یە و لە رووی ئایینیشەوە سوننەی شافیعین. بەشێکی بەرچاو لە داهاتی ئابووریی جوانرۆ گرێدراوی بازارە سنوورییەکەیەتی، بازارێک کە لە ریزی گەورەترین بازارە[11] سنوورییەکانی رۆژئاوای ئێراندایە و زیاتر لە ٣٠٠ دووکانی تێدایە. خەڵکێکی زۆر لە شارەکانی دەوروبەر و تەنانەت لە پارێزگاکانی تری ئێرانەوە بۆ کڕینی پێداویستییەکانیان سەردانی ئەم بازارە دەکەن.

مێژووی سەرکوتکردنی خۆپیشاندانی جەماوەری لە جوانرۆ، تەنها بۆ سەرهەڵدانەکانی ساڵی ١٤٠١ (٢٠٢٢) کورت نابێتەوە و لە ساڵانی دوور و نزیکی ئەم شارەدا خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان رووبەرووی سەکوتکاریی قورسی هێزەکانی دەسەڵات بووەتەوە. سەرماوەزی ١٣٧٥ (نۆڤامبەری ١٩٩٦) خەڵکی جوانرۆ وەک پەرچەکردارێک لە ئاست مەرگی گوماناویی مامۆستا مەلا موحەممەد رەبیعیدا[12]، ئیمام جومعەی سوننەی شاری کرماشان و لە زانا ئایینییە ناسراوەکانی کوردستان، هاوکات لەگەڵ شارەکانی تری پارێزگاکە و لەوانە روانسەر و کرماشان، چوونە سەر شەقامەکان. بەپێی شایەتیی هەندێ لە سەرچاوەکانی تۆڕی مافەکانی مرۆڤی کوردستان لە شاری جوانرۆ، لە خۆپیشاندانەکانی سەرماوەزی ١٣٧٥دا چەندین هاووڵاتی بە دەستی هێزە ئەمنی و سەربازییەکان کوژران و بە دەیان کەسیش بە دەسرێژی راستەوخۆی گوللەی شەریان بە هۆی حاڵەتی خنکانەوە بە گازی فرمێسکرێژ بریندار بوون. هەروەها لە سەرهەڵدانی گەلارێزانی ١٣٩٨یشدا (نۆڤامبەری ٢٠١٩) دیسان جوانرۆ بووە گۆڕەپانی خۆپیشاندان کە لە ئەنجامی سەرکوتکردنەکاندا لایەنی کەم ٦ هاووڵاتی بە ناوەکانی کاوە موحەممەدی، حەمزە نەقدی، موبین عەبدوڵڵاهی، جەبار تەجارە، عەلی فیرووزبەخت و هاشم مورادی بە دەستی هێزە ئەمنییەکان کوژران.[13]

خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی ساڵی ١٤٠١ کە پەرچەکردارێک بوو لە ئاست کوشتنی حکومەتیی ژینا ئەمینیدا، لە هەمان یەکەم حەفتەکاندا بە شێوەی پەرشوبڵاو لە جوانرۆ دەستی پێ کرد و لە رێکەوتی ١٦ی رەزبەردا (٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢) یەکەم گردبوونەوەی نارەزاییانەی جیدی لەم شارەدا دروست بوو. کچان و کورانی خوێندەڤان دەورێکی سەرەکییان لەم گردبوونەوەیەدا گێڕا. لە رەوتی خۆپیشاندانەکانی ئەو رۆژەدا، لایەنی کەم ١١ هاووڵاتیی جوانرۆ بە دەسرێژی گوللەی شەر بریندار بوون و ژنێکی دووگیانیش بە هۆی پەلامار و لێدانی هێزە ئەمنییەکانەوە منداڵەکەی لەبارچوو.

رۆژی ١٦ی رەزبەر هەروەها دەسپێکی زنجیرەیەک دەستبەسەرکردنی بەربڵاو و بەردەوام بوو، لەم رۆژە و رۆژانی دواتریدا ژمارەیەکی بەرچاو لە هاووڵاتییان، لەوانە ژمارەیەک منداڵ، دەستبەسەرکران. دوای خۆپیشاندانەکانی ١٦ی رەزبەر، کەشێکی قورسی ئەمنی باڵی بەسەر شارەکەدا گرت. سەرەرای ئەمەیش، نارەزایەتیی پەرشوبڵاو هەر درێژەی هەبوو، تا رۆژانی ٢٩ و ٣٠ی گەلارێزان (٢٠ و ٢١ی نۆڤامبەر) کە سەرەکیترین و گەورەترین خۆپیشاندانەکانی خەڵکی جوانرۆ هاتە ئاراوە و سەرکوتی هۆڤانەی هێزە چەکدارەکان و بەرخۆدانی بەردەوامی خەڵک، سیمای شارەکەی گۆڕی بۆ گۆڕەپانی شەر. ٧ هاووڵاتی، لەوانە مێرمنداڵێکی ١٦ ساڵان، لەم دوو رۆژەدا گیانیان بەخت کرد و دەیان کەس بە گوللەی شەر و ساچمە بریندار بوون کە ژمارەیەکی زۆریان لە ماڵەکاندا و بە کەمترین کەرەستەی دەرمانی و پزیشکی دەرمان کران. ژمارەیەکی زۆریش، سەرەرای تێپەڕینی چەندین مانگ، هێشتا بە تەواوی چاک نەبوونەتەوە و پێویستیان بە نەشتەرگەری هەیە. ٤٠ رۆژ دوای گیانبەختکردنی ٧ هاووڵاتی لە رۆژانی ٢٩ و ٣٠ی گەلارێزاندا، رێگریکردنی هێزە ئەمنییەکان لە بەشداریکردنی خەڵک لە رێورەسمی چلەی گیانبەختکردواندا (١٠ی بەفرانبار، ٣١ی دێسامبەر) بووە هۆی دەسپێکردنەوەی خۆپیشاندان کە لە ئەنجامدا هاووڵاتییەک کوژرا و لایەنی کەم ١٥ کەسیش بە دەسرێژی گوللەی شەڕ و ساچمە بریندار بوون. بێگومان سێبەری



وێنەیەکی خۆپیشاندانەکانی خەڵک لە ڕۆژی ١٦ی ڕەزبەری ١٤٠١دا

**کچانی خوێندەڤانیش هاتبوون' و هێزەکانی ئیتلاعاتیش لەوێ بوون. بەرەو خەڵکەکە ڕۆیشتم و وتم ژن، ژیان، ئازادی و کچانی خوێندەڤانیش دەستیان کرد بە وتنەوەی دروشمەکە. جوانرۆ وەک هەمارێکی باروت وایە، تەنها دەبێ پزیسکێکی پێوە بنێیت، ئیدی کۆنترۆڵ ناکرێت**

تاریکی سەرکوت و کوشتنی خەڵک بە دەستی هێزەکانی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی لەو ڕۆژانەدا، بۆ هەمیشە لە یادەوەریی مێژوویی ئەم شارە بچووکەدا دەمێنێتەوە.

## ١٦ی ڕەزبەری ١٤٠١ (٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢)؛
## ساتەوەختی کڵپەکردنی شار:
## «جوانرۆ هەمارێکی بارووتە، تەنها دەبێ پزیسکی پێوە بنێی»

لە چوارەم حەفتەی سەرهەڵدانی سەرانسەریدا، زۆربەی شارەکانی ئێران لە دۆخێکی گرژدان. خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان سەرەرای سەرکوتی قورسی حکومەت، بە تایبەت لە شارەکانی کوردستاندا، درێژەیان هەیە. ڕۆژی ١٦ی ڕەزبەر و دوابەدوای بڵاوکردنەوەی بانگەوازێک لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆ گردبوونەوە و مانگرتن، زۆرینەی کاسبکاران و بازارییانی جوانرۆ دوکانەکانیان داخستووە و هەر لە سەرلەبەیانییەوە شار چووەتە دۆخی نیوەداخراوەوە. لە نزیک عەسردا وردەوردە گردبوونەوەی پەرشوبڵاو لە دەوروبەری مەیدانە سەرەکییەکانی شار، لەوانە لە مەیدانی بەسیج، دەست پێ دەکات. ژمارەی خەڵک بەردەوام زیاد دەکات. هەندێ لە کچە خوێندەڤانەکانیش لە نێو خۆپیشاندەراندان.

### شایەتحاڵی ژمارە ١:

«کچانی خوێندەڤانیش هاتبوون و هێزەکانی ئیتلاعاتیش لەوێ بوون. بەرەو خەڵکەکە ڕۆیشتم و وتم ژن، ژیان، ئازادی و کچانی خوێندەڤانیش دەستیان کرد بە وتنەوەی دروشمەکە. جوانرۆ وەک هەمارێکی باروت وایە، تەنها دەبێ پزیسکێکی پێوە بنێیت، ئیدی کۆنترۆڵ ناکرێت.»

خەڵک کۆنترۆڵی مەیدانی بەسیج و شەقامەکانی دەوروبەری دەگرنە دەست. جەماوەر لە مەیدانی بەسیجەوە بەرەو مەیدانی فەلەستین و ئینجا بەرەو مەیدانی مەولەوی دەکەونە ڕێ. هێزەکانی پۆلیسی ئینتیزامی چەند جار تیری هەوایی دەتەقێنن، بەڵام لەگەڵ زیاتربوونی بەشداربوواندا پاشەکشە

دەکەن و بەرەو بنکەی پۆلیس (کەلانتەری) دەگەڕێنەوە. بۆ ماوەی نزیکەی دوو کاتژمێر، تا نزیک ٧ی ئێوارە، هێزە ئەمنییەکان دیاریان نییە. خۆپیشاندەران بانەر و لافیتە دەوڵەتییەکان ئاگر دەدەن و دروشمی شۆڕشگێڕانە دەڵێنەوە. دوای نزیکەی دوو کاتژمێر (١٩:٣٠) هێزەکانی سوپای پاسداران دەستبەکار دەبن، ئاگری گوللە بەسەر خەڵکدا دەبارێنن و تەنها لە چەند خولەکدا لایەنی کەم ١١ کەس بریندار دەکەن.

**شایەتحاڵی ژمارە ١:**

«... یەک لە خزمە نزیکەکانم هەر لەوێ بریندار بوو. گوللەی کڵاشینکۆف بەر قاچی کەوت، بەستەر و کرکراگەی ڕانی بە سەختی زامدار بووە.»

هەمان ئەو کاتە لەگەڵ دایک و باوکی یەک لە خوێندەڤانەکاندا پێوەندی دەگیرێت و پێیان دەوترێت کە گوایە منداڵەکەیان بریندار بووە، ئەوان بە هەڵەداوان خۆیان دەگەیەننە جەماوەری خەڵک و بەدوای منداڵەکەیاندا دەگەڕێن. یەک لە ئەندامانی هێزە ئەمنییەکان بە شێوەیەکی توندوتیژ پاڵ بە دایکی دووگیانی ئەم خوێندەڤانەوە دەنێت کە دەبێتە هۆی لەبارچوونی منداڵەکەی.

دوای سەرکوتکردنی توندوتیژی جەماوەری ڕاپەڕیو لە لایەن هێزە چەکدارەکانەوە، جەماوەر بە ناو شەقامەکەدا بڵاوەی لێ دەکەن و دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانیان. هێزە سەربازی و ئەمنییەکان لە ناو شاردا جێگیر دەبن و کەشێکی زۆر قورسی ئەمنی بەسەر جوانڕۆدا زاڵ دەبێت، دۆخێک کە تا ڕۆژانی دواتریش بەردەوام دەبێت.

## ٢٩ی گەڵاڕێزانی ١٤٠١ (٢٠ی نۆڤامبەری ٢٠٢٢)؛ کاتێک هەموو جوانــڕۆ یەک «جەستە»یە

ڕۆژی ٢٩ی گەڵاڕێزان، نزیک کاتژمێر ٣ی دوانیوەڕۆ، ژمارەیەک لە خەڵکی جوانڕۆ بە مەبەستی پشتیوانیکردن لە خەڵکی شاری مەهاباد -کە ڕۆژانی پێشووتر کەوتبووە بەر سەرکوتی قورسی هێزەکانی دەسەڵاتەوە- دەڕژێنە سەر شەقامەکان و دروشمی نارەزاییانە بەرز دەکەنەوە. جەماوەر لە نێوان شەقامی بێهداری (تاڵەقانی) بەرەو مەیدانی بەسیج و پاشان مەیدانی مەولەوی و سەرلەنوێ بەرەو

خەڵکی ڕاپەڕیو لە شەوی ٢٩ی گەڵاڕێزاندا



**خەڵک یەک دەگرن تا بڕۆنە بەردەم نەخۆشخانە و نەهێڵن تەرمی بێگیانی مامۆستای خۆشناوی جوانرۆ، عیرفان کاکایی، بکەوێتە ژێردەستی هێزە سەربازی و ئەمنییەکان**

شەقامی بێهداری (تاڵەقانی) ڕێپێوان دەکەن. ئۆتۆمبیلەکان هۆڕین لێ دەدەن و جەماوەر بۆ پاڵپشتیکردنی مەهاباد دروشم دەڵێنەوە. لە هەندێ شوێنی شاردا، وەک مەیدانی تووتی (تقاطع امید) و نزیک مزگەوتی خولەفا، هێزە ئەمنییەکان و هێزەکانی سوپای پاسداران جێگیر دەبن. هەندێ لە خەڵکەکە لەگەڵ ئەو هێزانەدا دەکەونە گفتوگۆوە و پێیان دەڵێن خەڵکەکە تەنها دەیانەوێ دروشم بڵێنەوە و کێشەیەک ڕوو نادات. ئۆتۆمبیلێک دەکەوێتە ناو شەقام و کۆڵانەکانی شار و بە بڵندگۆ (موکەبەرە) داوا لە خەڵک دەکات لە ماڵەکانیان نەچنە دەرەوە.

نزیک مزگەوتی خولەفا، هێزە ئەمنییەکان و هێزەکانی سوپای پاسداران جێگیر دەبن. هەندێ لە خەڵکەکە لەگەڵ ئەو هێزانەدا لە هەندێ شوێنی شاردا، وەک مەیدانی تووتی (تقاطع امید) و دەکەونە گفتوگۆوە و پێیان دەڵێن خەڵکەکە تەنها دەیانەوێ دروشم بڵێنەوە و کێشەیەک ڕوو نادات. ئۆتۆمبیلێک دەکەوێتە ناو شەقام و کۆڵانەکانی شار و بە بڵندگۆ (موکەبەرە) داوا لە خەڵک دەکات لە ماڵەکانیان نەچنە دەرەوە.

## شایەتحاڵی ژمارە ٢

«... گەرەکم بوو لە ماڵ بڕۆمە دەرەوە، دوو کەسی ئیتلاعاتی لە بەردەم ماڵەکەماندا وەستابوون و داوای ناردنی هێزیان دەکرد. جلوبەرگی مەدەنییان لە بەردا بوو. لە جوانرۆ ئەم هێزانەیش وەک خەڵک جلی کوردی لە بەر دەکەن. هێزی ئەمنیی دیکەیش هات کە سوپایی نەبوون. ئۆتۆمبیلێک بە بڵندگۆوە هات، لە کۆڵانەکەدا بە زمانی فارسی دەیوت کە خەڵکی بەشەرەف و شەهیدپەروەری جوانرۆ بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانتان. ئەمانە کۆمەڵە و دیموکراتن، ئێمە بەریان پێ دەگرین. دەنگەکەم تۆمار کرد، بەڵام لە ترسی دەستبەسەربوون هەموویم سڕییەوە. ئەوان بە کوردی و فارسی قسەیان دەکرد.»

وردەوردە خەڵکێکی زیاتر ڕوو لە شەقامەکان دەکەن. تا نزیک کاتژمێر ٧ی ئێوارە بە سەدان کەس لە شەقامەکاندان و دروشم دەڵێنەوە. هێزەکانی سەرکوت لە مەیدانە سەرەکییەکاندا جێگیر دەبن. ئێستە شار بە تەواوی «میلیتاریزە» کراوە. لەپڕ هێزە سەربازییە جێگیرکراوەکان لە «مەیدانی تووتی» بۆ بڵاوەپێکردنی خەڵک دەست دەکەن بە تەقاندنی تیری هەوایی و گازی فرمێسکڕێژ.

جەماوەر لە شەقامەکانی شاردا بەردەوامن لە وتنەوەی دروشمی نارەزاییانە و لە هەندێ شوێندا ئاگر لە سەتڵی زبڵ و تایە بەردەدەن. وردەوردە گڕی خۆپیشاندانەکان لە داچۆوندایە و هەندێ لە خۆپیشاندەران بەرەو ماڵ دەگەڕێنەوە. هاوکات کە شەقامەکانی جوانرۆ خەریکە لە خەڵکی ڕاپەریو چۆڵ دەبێت، لەپڕ هەواڵی کوژرانی عێرفان کاکایی، مامۆستای ٥٢ ساڵان، بە دەستی هێزە چەکدارەکان بە شاردا بڵاو دەبێتەوە و ئەم هەواڵە دۆخی شارەکە زۆر قورستر لە چەند کاتژمێری پێشوو دەشڵەژێنێت. زۆربەی ئەوانەی گەڕابوونەوە بۆ ماڵەوە و بەشی هەرەزۆری ئەوانەی هەر هەموو ئەو ڕۆژە لە ماڵەوە بوون، دەڕژێنە ناو شەقامەکان. خەڵک یەک دەگرن تا بڕۆنە بەردەم نەخۆشخانە و نەهێڵن تەرمی بێگیانی مامۆستای خۆشناوی جوانرۆ، عیرفان کاکایی، بکەوێتە ژێردەستی هێزە سەربازی و ئەمنییەکان.

ژمارەیەکی زۆری خەڵک بە پێی پیادە و گرووپێکی دیکەیش بە ئۆتۆمبیلەکانیان (نزیکەی ٣٠ ئۆتۆمبیل) دەگەنە نەخۆشخانەی جوانرۆ تا تەرمی عیرفان کاکایی وەربگرنەوە. عیرفان کاکایی، مامۆستای وەرزشی خەڵکی جوانرۆ کە بۆ نوێژی ئێوارە چووبووە مزگەوت، لە ڕێگەی گەڕانەوە و لە کاتێکدا کە بە مەبەستی بەرگریکردن لە خوێندەڤانان بەرەو هێزە ئەمنییەکان دەچێت تا داوایان لێ بکات تەقە نەکەن، خۆی دەکەوێتە بەر گوللەی شەڕی ئەو هێزانە و تا پێش گەیشتن بە نەخۆشخانە گیانی بەخت دەکات.

ئەوخەڵکەی چوونەتە نەخۆشخانە، تەرمەکەی عیرفان کاکایی وەردەگرن و دەیبەنەوە بۆماڵەکەی خۆی. چەند ئۆتۆمبیلێک لەگەڵ تەرمی مامۆستادا بەرەو ماڵەکەی دەکەونە رێ؛ یەکیان ئۆتۆمبیلێکی پیژۆی ٤٠٥ی رەش کە بەهائەدین وەیسی، خوێندەڤانی ١٦ ساڵان، نەجمەدینی برای و دوو هاورێی دیکەیان لە ناو ئەو ئۆتۆمبیلەدان. بەهائەدین وەیسی دوای خۆپیشاندانەکەی ١٦ای رەزبەر کەوتە ژێر چاودێریی هێزە ئەمنییەکان و بووە تۆمەتبارێکی داواکراو، هەربۆیە لەم ماوەیەدا لە شوێنێکی دەرەوەی شار خۆی شاردەوە و هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانەکەی ٢٩ی گەڵارێزاندا گەرایەوە بۆ ناوشار. نزیک کاتژمێر ٨ی شەو هێزەکانی سوپای پاسداران لە مەیدانی تووتی دەسرێژ لەو ئۆتۆمبیلە دەکەن کە بەهائەدین وەیسی تێدایە و کەمتر لە کاتژمێرێک دوای گیانبەختکردنی عیرفان کاکایی، بەهائەدین وەیسییش گیانی بەخت دەکات.

**نزیک کاتژمێر ٨ی شەو هێزەکانی سوپای پاسداران لە مەیدانی تووتی دەسرێژ لەو ئۆتۆمبیلە دەکەن کە بەهائەدین وەیسی تێدایە و کەمتر لە کاتژمێرێک دوای گیانبەختکردنی عیرفان کاکایی، بەهائەدین وەیسییش گیانی بەخت دەکات**

### شایەتحاڵی ژمارە ٣:

«... لە نێوان نوێژی مەغریب و عیشادا بوو. لە ماڵێکدا بووم لە نزیک مەیدانی بەسیج بەرەو مەیدانی بێهداری. شەقامەکان چۆڵ بوون، کەس لە دەرەوە نەبوو. بەڵام دەنگی تەقەی بەردەوامم دەبیست. لە نزیک مەیدانی تووتی ئۆتۆمبیلێکی پیژۆی ٤٠٥ی رەشم بینی کە لە هەر چوار لاوە دەسرێژی لێ کرابوو. یەک لە برینداراڵن کە

ئۆتۆمبیلەکەی بەهائەدین وەیسی چەند خولەکێک دوای دەسرێژی هێزەکانی سوپای پاسداران؛ هێزەکان لەوپێری توندوتیژیدا سەرنشینە بریندارەکانی تر دەستبەسەر دەکەن.



رانی پێکرابوو و خوێنی لەبەر دەچوو، کەوتبووە سەر عەرز و دوو هێزی ئەمنی بەسەر جادەکەدا ڕایان دەکێشا. بریندارەکە دەستی لە نیشانە زەردەکانی هاتوچۆی کەنار شەقامەکە [مۆتە] توند گرتبوو، بەڵکوو نەهێڵێ بیبەن. سەیری ناو ئۆتۆمبیلەکەمان کرد، تەرمەکەی بەهائەدینمان بینی، داکەوتبووە ناو ئۆتۆمبیلەکە، کوشنی دوا لە لای سەکنەوە (شاگرد). چوار کەس لە ئۆتۆمبیلەکەدا بوون، سیانیان بریندار ببوون و بەهائەدین کوژرابوو.»

## جوانڕۆ؛
## شاری سەنگەرەکانی جەستە بێگیانەکان

مەودای کورتی نێوان گیانبەختکردنی عیرفان کاکایی، مامۆستای ٥٢ ساڵان و بەهائەدین وەیسی، خوێندەڤانی ١٦ ساڵان، سەرلەنوێ توورەیی خەڵک دەوروژێنێت. دەستەیەک لە خەڵک دەچن بۆ ماڵی عیرفان کاکایی تا تەرمی بێگیانی ئەم مامۆستایە بپارێزن. دەستەیەکی تریش بۆ پاراستنی تەرمی بەهائەدین وەیسی خۆیان دەگەیەننە نەخۆشخانەی جوانڕۆ.

هیوایەک بە زیندووومانەوەی بەهائەدین وەیسی نەماوە. پزیشکان و بەرپرسانی نەخۆشخانە پرسیارێک ئاراستەی ئەو کەسانە دەکەن کە بەهائەدینیان گەیاندووەتە نەخۆشخانە: تەرمەکە بگوێزنەوە بۆ ساردخانە یاخود بیدەنەوە بە بنەماڵەکەی؟

تەرمی بەهائەدین دەدرێتەوە بە بنەماڵەکەی. ئێستە دەبێ بە هەر جۆرێك بووە، مەودای نێوان نەخۆشخانە تا ماڵەکەیان ببرن؛ بە پێی پیادە و لەژێر گوللەبارانی هێزە چەکدارەکانی ناو شاردا.

تەرمی بەهائەدین وەیسی تەنراو لە سەهۆڵدا





سەنگەرگرتنی هاووڵاتیان بۆ پاراستنی تەرمی گیانبەختکردوان

**شایەتحاڵی ژمارە ٣:**

«... بە پێی پیادە تا مەیدانی ئینقیلاب هاتین، بەڵام تەقەیان لێ کردین، هەم لە مەیدانی ئینقیلاب و هەم لە مەیدانی بەسیجدا. تا شەقامی بێهداری هاتین، بەڵام دەسڕێژ و تەقە زۆر چڕ بوو.»

دووکەس کە لەوانی دیکە بەتەمەنترن، خۆیان دەگەیەننە هێزەکان و داوایان لێ دەکەن تەقەکردنەکە رابگرن تا ئەو خەڵکەی کە تەرمی بێگیانی بەهائەدینیان هەڵگرتووە، درێژە بە رێگاکەیان بدەن. هێزە چەکدارەکان کەمێک پاشەکشە دەکەن، خەڵک تەرمە بێگیانەکەی بەهائەدین دەگەیەننە ماڵەکەیان:

«... تەرمی بەهائەدینمان لە بەر دەرگای ماڵەوە راگرت و داوامان لە خەڵک کرد سەهۆڵ بێنن تا بیخەینە سەر تەرمەکە. تەرمەکەمان بردە مەتبەخ. هەرەشەیەکی زۆر لە بنەماڵەی بەهائەدین کرا کە دەبێ هەر ئەو شەوە ئەسپەردەی بکەن. بەڵام دواجار بڕیار درا سەرلەبەیانیی رۆژی دواتر کاتژمێر ٧ ئەسپەردە بکرێت. مەلا فارووق نوێژی مردووی لەسەر نەخوێند، وتی شەهیدن و پێویستیان بە نوێژ نییە.»

خەڵکی شار ئێستە بە هەموو تواناوە سەرقاڵی پاراستنی تەرمی گیانبەختکردوانن. لە نزیک ماڵی عیرفان کاکایی و بەهائەدین وەیسی سەنگەرلێ دەدەن تا هێزە سەربازی و ئەمنییەکان نەتوانن هێرش بکەنە سەر ماڵی ئەم مامۆستا و خوێندەڤانە گیانبەختکردووە.

**شایەتحاڵی ژمارە ٤:**

«... دوای شەهیدبوونی ئەم دوو کەسە، شار شڵەژا... هەموو شار خەمبار و توورە بوون. هەزاران کەس لە بەردەم ماڵی ئەو شەهیدانەدا بوون. هەتا بەیانی خەو بە چاوی کەسدا نەهات. سێ دانە سەنگەرمان لێ دا.»

هێزەکان رێگە سەرەکییەکان بەرەو ماڵی عیرفان کاکایی لە شەقامی فازی ١ دادەخەن. بەڵام خەڵک لە کۆڵانە لاوەکییەکانەوە دەستە دەستە خۆیان دەگەیەننە ماڵی عیرفان کاکایی. چەند ئەندامێکی هێزەکانی سوپا بەرەو خەڵک دێن و داوایان لێ دەکەن شوێنەکە بەجێ بێڵن، بەڵام کەس بە گوێیان ناکات.

**هەموو شار خەمبار و توورە بوون. هەزاران کەس لە بەردەم ماڵی ئەو شەهیدانەدا بوون. هەتا بەیانی خەو بە چاوی کەسدا نەهات. سێ دانە سەنگەرمان لێ دا.**



سەنگەرگرتنی هاووڵاتیان بۆ پاراستنی تەرمی گیانبەختکردوان

### شایەتحاڵی ژمارە ٢:

«... حکومەت دەیویست بە بیانووی پزیشکیی دادەوە دەست بە سەر تەرمەکاندا بگرێت. جەماوەرێکی زۆر کۆ بوونەوە و نەیانهێشت. من تا کاتژمێر یەکی شەو نەگەڕامەوە. خەڵک ئاگریان هەڵکردبوو، توورە و بێتاقەت بوون، هێزەکان نەیانوێرا نزیکیان بکەونەوە.»

هێزە ئەمنییەکان تەنانەت لە ماوەی شەویشدا بۆ بردنی تەرمەکان ئامبوڵانس دەنێرن، بەڵام خەڵک تایەکانی ئامولانسەکە پەنچەر دەکەن. هێزە ئەمنییەکان هەڕەشە لە بنەماڵەی عیرفان کاکایی دەکەن کە سبەینێ هەر شتێک ڕوو بدات، ئۆباڵی لە ئەستۆی ئێوەدایە. بەڵام خەڵک گوێ بەو هەڕەشانە نادەن، درێژە بە بەرخۆدان دەدەن و تا بەیانی پارێزگاری لە تەرمی شەهیدەکانیان دەکەن. جوانڕۆ تا بەیانی چاو بە یەکدا نانێت.

بەشداریکردنی ژنان لە خۆپیشاندانی ٣٠ی گەلاڕێزاندا



## جوانــڕۆ توورەیە

بەرخۆدانی شەوانەی خەڵکی جوانڕۆ لە بەرانبەر هێزە سەربازی و ئەمنییەکاندا بۆ پاراستنی تەرمی بێگیانی عیرفان کاکایی و بەهائەدین وەیسی، سەرەڕای هەموو هەڕەشەکان، تا بەیانیی ڕۆژی ٣٠ی گەلاڕێزان، ڕۆژی ئەسپەردەکردنی ئەم دوو هاووڵاتییە، درێژە دەکێشێت. تەرمی عیرفان کاکایی دەبرێت بۆ گۆڕستانی «حاجی برایم» و تەرمی بەهائەدین وەیسییش بۆ گۆڕستانی «حەسەن گایر». هێزە ئەمنییەکان هەڕەشەیان لە دایکی بەهائەدین کردبوو کە ئەگەر سبەی شتێک ڕوو بدات، نەجمەدین (ی برای بەهائەدین)یش دەکوژن. نەجمەدین دیلی



گەڕانەوەی خەڵک لە ڕێوڕەسمی ئەسپەردەکردن



تێپەڕینی جەماوەر لە بەردەم بنکەی سوپای پاسدارانەوە

دەستی هێزە ئەمنییەکانە و هەر بۆیە بنەماڵەکە سەرلەبەیانیی زووی ڕۆژی ٣٠ی گەلاڕێزان بەبێ ئامادەبوونی خەڵک، تەرمی منداڵەکەیان لە گۆڕستانی «حەسەن گایر» ئەسپەردە دەکەن.
بەڵام ڕێوڕەسمی ئەسپەردەکردنی عیرفان کاکایی لە گۆڕستانی «حاجی برایم» بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی فراوان (زیاتر لە پانزەهەزار کەس) زۆر بە ئارامی و لەوپەڕی هێمنایەتیدا بە ڕێوە دەچێت. ژن و پیاو و منداڵ و پیر و لاو هەموو لە ڕێوڕەسمەکەدا بەشدارن. چەند مامۆستایەک (کەسە دیارە ئایینییەکانی شار) لە کاتی ڕێوڕەسمەکەدا داوا لە خەڵک دەکەن لە ڕێگەی گەڕانەوەدا بۆ شار تەنها دروشم بڵێنەوە و نزیکی هێزە ئەمنییەکان نەبنەوە و بەرد یان شتی دیکەیان تێ نەگرن. وا بڕیار دەدرێت کە جەماوەر لەگەڵ مامۆستاکاندا بڕۆن بۆ ماڵی شەهیدەکان، فاتیحەیەک بخوێنن و کۆتایی بە ڕێوڕەسمەکە بێنن.

**شایەتحاڵی ژمارە ٤:**

«... ماموّستا سەیفوڵڵا و مەلا عەلی [دوان لە زانا ئایینییەکانی شاری جوانرۆ] وتاریان دا. بەشداریی ژنان زۆر بەرچاو و مانادار بوو. بۆ خۆم زۆر کەم لە ڕێورەسمی ئەسپەردەکردندا بەشداری دەکەم، بەڵام ئەم جارە زۆر جیاواز بوو. هەر ئەم بەشدارییە بەرچاوەی ژنان دەبووە هۆی ئەوەی بۆ بەرگریکردن لە مافەکانیان لێبڕاوتر بین و جۆش‌وخرۆشێکی زیاتری دەخستە ناو جەماوەرەوە. دروشمی زۆر درا. من لە ڕیزی پێشەوەی جەماوەردا بووم، دەنگەکان و وتارەکانم باشتر دەبیست. وتیان سوپا وتوویەتی دوای ڕێورەسمی ئەسپەردەکردن بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانتان با هیچ شتێکی تایبەت روو نەدات. هەندێ کەس دژی ئەمە بوون و وتیان درۆ دەکەن، باشترە هەر لێرە بمێنینەوە. بڕیار درا بگەڕێینەوە بۆ ناوشار.»

جەماوەر بەرەو شار دەجووڵێن و لە ڕێگەدا لە تەنیشت بنکەی سوپای جوانرۆوە (یەکەی کۆماندۆکانی ئەنسارولرەسوول) تێ دەپەڕن. بنکەی سوپا لە شوێنێکی بەرزدایە کە بەسەر شاردا زاڵە. دەستەیەک لە خەڵک (زیاتر تازەلاوان) کاتێک دەگەنە بنکەکەی سوپا، دەست بە دروشمدان دەکەن و بەردی تێ دەگرن. بەڵام هێزەکان تەنها چەند تیرێکی هەوایی دەتەقێنن، ئەویش بە مەبەستی بڵاوەپێکردن و ترساندنی خەڵک.



مەلا عەلی (ماموّستایەکی ئایینیی جوانرۆ) هەوڵ دەدا ڕێگری لە دەسڕێژی هێزە چەکدارەکان لە خەڵک بکات

## جـوانـرۆ؛ شاری بێبەرگری

لوتکەی سەرکوتکردنی هۆڤانەی خەڵکی جوانرۆ ڕێک هاوکات لەگەڵ گەڕانەوەیاندا لە ڕێورەسمی ئەسپەردەکردنی عیرفان کاکاییەوە دەست پێ دەکات. نزیک کاتژمێر ١٠ی بەیانی جەماوەرێکی فراوان کە بەرەو ماڵی شەهیدەکان ڕێگە دەبڕن، کاتێک لە شەقامەکانی شار نزیک دەبنەوە، تێ دەگەن کە هێزە چەکدارەکانی ناوشار قەتاربەسان خۆیان بۆ شەڕ ڕێک خستووە. ئێستە تێ دەگەن کە بۆچی هێزەکانی بنکەی سوپا پەرچەکردارێکی ئەوتۆیان نیشان نەدا.



**شایەتحاڵی ژمارە ٤:**

«... تێ گەیشتین کە هەموو ئەمانە پلانێک بوون تا خەڵک هێرش نەکەنە سەر بنکەی سوپا، بەڵام لە کۆتایی شەقامەکەدا هێزی تازەنەفەس و تەیار جێگیر کرابوون... هێزەکانی سوپا لە شەقامی بێهداری، نزیکەی ۲۰۰ تا ۳۰۰ کەس، بە شێوەیەکی تەواو تەیار و چەکدار چاوەڕێی خەڵک بوون.»

**شایەتحاڵی ژمارە ۲:**

«... هێزەکانم بینی کە لە حاڵەتی ئامادەباشیدان و بەرەو خەڵک نیشانەیان گرتووە. هەستم دەکرد فەرمانیان پێ دراوە ئەمڕۆ تۆڵە لە خەڵک بکەنەوە، چونکوو هاوپشتی و یەکگرتوویی خەڵک زۆر بەرز بوو.»

جەماوەر بەردەوامن لە بڕینی ڕێگەکە. هێزەکانی سوپا ناهێڵن بەرەو ماڵی شەهیدان بڕۆن. خەڵکیش توورە دەبن و دەست دەکەن بە دروشمدان. هێزەکان دەست بە تەقاندنی گازی ڕەنگی و تیری هەوایی دەکەن. ئەمەش هێندەی تر توورەیی خەڵک دەورووژێنێت.

**شایەتحاڵی ژمارە ٤:**

«... هەرکە خەڵک لە مەیدانی فەلەستین نزیک بوونەوە، هێزەکانی سوپا دەستیان بە تەقاندنی گازی فرمێسکرێژ و گوللەی شەر بەرەو خەڵک کرد. لەگەڵ دەسپێکردنی ئەم دۆخەدا خەڵکێکی زۆر شوێنەکەیان بەجێ هێشت و بەرەو ماڵ گەڕانەوە، بەڵام نزیکەی دووهەزار کەس بە بەرد ڕووبەڕوویان بوونەوە.... خەڵک چاوەڕێ نەبوون هێزەکان بەم چەشنە بێبەزەییانە هێرش بکەنە سەریان و گوللەبارانیان بکەن. هەستمان دەکرد ئەوپەڕی تەقەی هەوایی بکەن. کۆتایی شەقامی بێهداری بوو بە بەرەی هێزەکانی سوپا. شەقامی بێهداری زۆر گەورە نییە، بەڵام وازیان لە دەسڕێژ نەدەهێنا.»

یەک لە مامۆستایانی شار بەرەو هێزەکان دەڕوات تا داوایان لێ بکات تەقە لە خەڵک نەکەن. دەستەیەک لە خۆپیشاندەرانیش دەکەونە دوای مامۆستا تا پارێزگاریی لێ بکەن.

شتێک کە زۆر لام سەرنجراکێش بوو، بینینی ئەو ژنە لاوانە بوو کە لەژێر ئەو هەموو تەقە و توندوتیژییەدا لە سەر زەوی دانیشتبوون و تەنانەت لە کوژرانیش نەدەترسان



پووکەی گازە سەوزەکە کە هێزە چەکدارەکان بۆ بلاوەپێکردنی خەڵک بە کاریان دەهێنا

زۆربەی ئەو هێزە سوپایی و بەسیجین و ژمارەیان لە شەقامی بێهداریدا دەگاتە نزیکەی ٢٠٠ کەس، بەردەوامن لە دەسرێژ و تەقەکردن لە خەڵک. لە مەودایەکی کورتدا تێکهەڵچوونەکان لە نێو شەقامەکانی شاردا چڕتر و خەستتر دەبێتەوە. خەڵک دروشم دەڵێنەوە و چەند شەقامێک دادەخەن. لە مەیدانی مەولەوی هێزەکان تیری هەوایی و گازی ڕەنگی دەتەقێنن.

## شایەتحاڵی ژمارە ٥:

«... سەرەتا گازێکی فرمێسکرێژی سەوزیان تەقاند، سەرم گێژ بوو. هەموومان دەموچاومان داپۆشیبوو و تەنها چاومان بە دەرەوە بوو... ڕەنگی سەوز هەموو فەزاکەی داگرتبوو. لە سێ ڕێیانی فەرهەنگیان کەسێکم بینی کە تەقەی لە دەستی کرابوو، کەسانێکی تریش بریندار بوون. تەنها چەکی کلاشینکۆف و شادگان [ساچمەزەن] م بینی.»

ئەوەی دیتم، بە تەواوی قیامەت و ئاخرزەمانی بوو، لە وتن نایەت. لە بەر دەرگای ماڵی شەهید بەهائەدیندا سەنگەر لێ درابوو، ئەوان سەنگەرەکەیشیان ڕووخاند...

هێزەکانی سوپای پاسداران سەنگەرەکانی خەڵک دەڕووخێنن



خەڵک دابەش دەبن بەسەر سێ دەستەدا؛ دەستەیەک بەرەو شەقامی ٢٢ی بەهمەن دەڕۆن، دەستەیەک بەرەو شەقامی بێهداری و دەستەیەکیش بەرەو شەقامی ئامووزش و پەروەرش. دەسرێژ و گوللەبارانی چەک و ڕەشاشی سوپا لە شەقامەکانی شاردا چڕتر جوانرۆ ئێستە مەیدانی شەڕە. ئاستی تێکهەڵچوون و سەرکوتکردنی خەڵک لە شەقامی بێهداری (تالەقانی) ئێجگار زۆرە.

دەبێتەوە.

## شایەتحاڵی ژمارە ٤:

«... خەڵک یەک لە دوای یەک دەکەوتن. دەسرێژیان لە خەڵک دەکرد. چەند برینداریان دەهێنایە دواوە و کە ئاورت دەدایەوە، دەتبینی چەند کەسی دیکەیش کەوتوون. کەسێک لە پشتەوە پێکرابوو، بردمە ناو ماڵێکەوە. ئێمە ئیدی پاشەکشەمان کرد، هێزەکان پێشڕەوییان دەکرد و سەنگەرەکانی خەڵکیان تێک دەدا. سەنگەری بەر ماڵی بەهائەدین وەیسی...



جێگیرکردنی هێزەکانی سوپای پاسداران و دەسرێژکردنی مەبەستدار لە خەڵکی ڕاپەڕیو؛ یەک لە مامۆستایانی شار هەوڵ دەدا هێزەکان لە دەسرێژکردن پاشگەز بکاتەوە

[سەنگەرێکی زۆر سادە کە شەوی پێشوو خەڵکەکە دروستیان کردبوو] هەموو ڕووداوەکانی جوانرۆ ڕەنگە دوو کاتژمێریشی نەخایاندبێ، چونکوو ئاستی سەرکوتکردنەکان ئێجگار قورس بۆو.»

لە تەنها گرتەیەکی ڤیدیۆییدا[١٤] کە خودی هێزەکانی سوپا گرتوویانە و بڵاویان کردووەتەوە، دەبینرێت کە ئەو هێزانە بە هاواری (اللەاکبر) سەنگەرەکانی خەڵک دەڕووخێنن.

هێزەکانی سوپا بەردەوام گوللە و گازی فرمێسکرێژی ڕەنگاوڕەنگ (شین و سەوز) بەرەو خەڵکی گەمارۆدراو هەڵدەدەن. مەودای نێوان هێزە جێگیرکراوەکانی سوپا لە شەقامەکان لەگەڵ خەڵکی ڕاپەڕیودا زۆر کەمە (لە نێوان ٧٠ بۆ ٤٥ مەتر). هێزەکانی سوپا لەم مەودایەوە بە چەکی شەڕکەری کلاشینکۆف، ژێ ٣ و دۆشکە و هەروەها بە گازی ڕەنگی دەسرێژ لە خەڵک

دەکەن. لە شەقامی بێهداری مەدوای نێوان هێزە چەکدارەکان و خەڵک ئێجگار کەمە؛ ٤٥ مەتر. لە شەقامی بێهداری ئۆتۆمبیلێک جێگیر دەکەن کە دۆشکەیەکی لە سەرە. سەرەڕای قورسبوونی سەرکوتەکە، خەڵک واز لە بەرگری ناهێنن.

## شایەتحاڵی ژمارە ٤:

«... شتێک کە زۆر لام سەرنجراکێش بوو، بینینی ئەو ژنە لاوانە بوو کە لەژێر ئەو هەموو تەقە و توندوتیژییەدا لە سەر زەوی دانیشتبوون و تەنانەت لە کوژرانیش نەدەترسان. من و هاوڕێکانم بە زۆر ئەو چەند ژنە لاوەمان ناچار کرد شوێنەکە بێڵن، لە هەموو لایەکەوە تەقە لەو شوێنە دەکرا. دەروبەرمان گوللەئاژن دەکرا، بەڵام ئەم ژنانە کە نزیکەی ٢٠ ساڵیان تەمەن بوو و دەمامکیشیان بەستبوو، لە مردنیش نەدەترسان.»

## شایەتحاڵی ژمارە ٦:

«... هێزە ئەمنییەکان بە تەواوی چەکی شەڕیان بەکار دەهێنا، هیچ جۆرە چەکێکی ساچمەزەن یان فیشەکی مەشقی [موختارکوژ] لە ئارادا نەبوو، دەڵێی هێرشیان کردبووە سەر دوژمنێکی بیانی. ئەوان سەنگەریان گرتبوو و بە تەواوی چاوەڕێی گەڕانەوەی خەڵک لە گۆڕستان بوون.»

تاکە دەنگێک لە جوانرۆدا دەبیسرێت دەنگی دەسڕێژ و تەقەیە. هەموو چرکەیەک ژمارەی هێزەکان زیاتر دەکات. خەڵک لەباتیی شەقامە سەرەکییەکان، پەنا دەبەن بۆ کۆڵانە لاوەکییەکان.

## شایەتحاڵی ژمارە ٢:

«... تەنها مرۆڤەکانم دەدیت کە دەکەوتن. یارمەتیی کەسێکمان دەدا کەسێکی تر دەکەوت. بەڵام هەندێ کات دەسڕێژەکان هێندە چڕ دەبوونەوە کە نەماندەتوانی درێژە بدەین و بریندارەکەمان بەجێ دەهێشت. هێزەکان تەنانەت خۆیان گەیاندە کۆڵانە لاوەکییەکانیش و هێرشیان کردە سەر ئەو خەڵکەیش کە پەنایان بردبووە لاکۆڵانەکان. ئەوەی دیتم، بە تەواوی قیامەت و ئاخرزەمانی بوو، لە وتن نایەت. لە بەر دەرگای ماڵی شەهید پەهائەدیندا سەنگەر لێ درابوو، ئەوان سەنگەرەکەیشیان رووخاند... دڵنیام ئەو رۆژە کەسێکی خەڵکی پاوەیش کوژرا، بەڵام هیچ کات نەمبیست بنەماڵەکەی شتێکی لەسەر بڵێن.»

## شایەتحاڵی ژمارە ٥:

«... خەڵکی بریندار یەک لە دوای یەک دەکەوتن. بۆ خۆم ٣ تا ٤ کەسم بینی کە لە تەنیشتمدا کەوتن. یەک لە بریندارەکان حاڵی زۆر خراپ بوو. وای دەزانی دەمرێت، هەر بۆیە شایەت و ئیمانی دەهێنایەوە. وتم نامریت، مەترسە.»

ئاگری چەکی جەنگ لەسەر خەڵک تا نزیکەی کاتژمێر یەکی نیوەڕۆ لە شەقامەکانی جوانرۆدا درێژە دەکێشێت. دۆخی شار رێک وەک مەیدانی شەڕە؛ لەم لاوە خەڵکی بێبەرگری کە تاکە چەکیان بەردە و دروشم، لەولاشەوە هێزە چەکدارەکان بە چەکوچۆڵی شەڕەوە. پێنج هاووڵاتیی جوانرۆ - **تەحسین میری، ئیسماعیل گوڵعەنبەر، جەمال ئەعزەمی، جەوهەر فەتاحی و مەسعوود تەیمووری** - لە رۆژی ٣٠ی گەلاڕێزاندا بە فیشەکی شەڕ دەکوژرێن و دەیان کەس بە فیشەکی شەڕ و ساچمە بریندار دەبن. کاتژمێر ٣ی دوانیوەڕۆ شار بە تەواوی دەکەوێتە ژێر گەمارۆی هێزە چەکدارەکانەوە.

## جوانرۆ، چل ڕۆژ دواتر؛
## تەقە لە دڵی لاوی ٢٦ ساڵان و برین لەسەر جەستەی داخداران

چل ڕۆژ دوای سەرکوت و کوشتاری خەڵکی جوانرۆ لە کۆتا ڕۆژەکانی گەلاڕێزاندا، کەشی شار هێشتا بە قورسی ئەمنییە و لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی سوپادایە. ڕۆژی ١٠ی بەفرانبار (٣١ی دێسامبەر) خەڵکی جوانرۆ خەریکن خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی ڕێورەسمی چلەی گیانبەختکردوان ئامادە دەکەن. بانگەوازێک بە ناوشاردا بڵاو دەبێتەوە و داوا لە خەڵک دەکرێت وێڕای مانگرتنی گشتیی بازاڕ، لە ڕێورەسمی چلەی گیانبەختکردواندا لە گۆڕستانی حاجی برایم بەشداری بکەن.
لە یەکەم سات‌ەکانی سەرلەبەیانییەوە (نزیکەی ٨) هەزاران کەس لە گەڕەکە جیاوازەکانی جوانرۆ و تەنانەت شارەکانی دەوروبەرەوە، بەرەو گۆڕستان دەکەونە ڕێ. هەر لە گەڵ گەیشتنیاندا، تێ دەگەن هەموو دەروازەکانی گۆڕستانەکە لە لایەن هێزەکانی سوپا و یەکەی تایبەتی هێزی ئینتیزامییەوە داخراون و ڕێگە نادەن خەڵک بڕۆنە نێو گۆڕستان و ڕێورەسمەکە بە ڕێوە بەرن. خەڵک دەنگی نارەزایەتی هەڵدەبڕن و هەوڵ دەدەن بە هەر شێوەیەک بووە خۆیان بگەیەننە گۆڕستانەکە. ڕێگریکردنی هێزەکان تووڕەیی جەماوەر دەگەیەنێتە لوتکەی خۆی، دەست دەکەن بە وتنەوەی دروشمی دژ بە دەسەڵات؛ لەگەڵ هێزە جلوبەرگ مەدەنییەکان و سوپاییەکاندا تێک هەڵدەچن.
بەشداریی بەربڵاوی ژنان لە ڕێورەسمی چلەی گیانبەختکردوان و خۆپیشاندانی ڕۆژی ١٠ی بەفرانباردا ئێجگار بەرچاوە. زۆربەیان بە لافیتە و پلاکاردەوە کە لەسەریان نووسراوە «لە جوانرۆوە تا تاران، ستەمی دژ بە ژنان» و «ژن، ژیان، ئازادی» لە ناو جەماوەردان و هەندێکیان دەست دەکەن بە نووسینی دروشم لەسەر دیوارە کۆنکرێتەکانی دەوراندەوری گۆڕستانەکە.

**ئەو جەماوەرەی ڕۆژی ١٠ی بەفرانبار بۆ بەشداریکردن لە ڕێورەسمی چلەی گیانبەختکردواندا لە گۆڕستانی «حاجی برایم» لە ماڵەکانیان هاتوونەتە دەرەوە، دوانیوەڕۆی هەمان ڕۆژ خۆیان ئامادە دەکەن بەرەو گۆڕستانی «حەسەن گایر» بڕۆن تا بورهان ئەلیاسی ئەسپەردە بکەن.**

ژنان لەسەر دیواری کۆنکرێتی گۆڕستان دروشم دەنووسن



خەڵکی توورە کە ناتوانن برۆنە ناو گۆڕستانەکە، بە وتنەوەی دروشمی دژ بە دەسەڵات ڕێگەی شەقامەکانی شار دەگرنە بەر. ئەوان هێما دەوڵەتییەکانی ناوشار دەکەنە ئامانج، لەوانە تابلۆی «مەیدانی ئیمام خومەینی» کە هەڵی دەکێشن و بە شێوەی پێچەوانە لە بەردەم یەک لە گوردانەکانی بەسیجدا بەرزی دەکەنەوە. هێزەکان دەست بە تەقاندنی گازی فرمێسکرێژ و دەسڕێژی گوللە بەرەو خەڵک دەکەن. لە ڕەوتی تێکهەڵچوون و دەسڕێژەکاندا بورهان ئەلیاسی، هاووڵاتیی ٢٦ ساڵان، دوو گوللە بەر قاچ و دڵی دەکەوێت و گیانی بەخت دەکات. لایەنی کەم ١٥ کەسیش بە گوللەی شەر و ساچمەیی بریندار دەبن. خەڵک ئێجگار توورەن، کەشەکە بە تەواوی میلیتاریزە کراوە و هێزە جلوبەرگ مەدەنییەکان، سوپاییەکان و یەکەی تایبەت بە ناو شاردا بڵاوەیان پێ کراوە. ئەو جەماوەرەی ڕۆژی ١٠ی بەفرانبار بۆ بەشداریکردن لە ڕێورەسمی چلەی گیانبەختکردواندا لە گۆڕستانی «حاجی براییم» لە ماڵەکانیان هاتوونەتە دەرەوە، دوانیوەڕۆی هەمان ڕۆژ خۆیان ئامادە دەکەن بەرەو گۆڕستانی «حەسەن گایر» برۆن تا بورهان ئەلیاسی ئەسپەردە بکەن، واتە هەمان شوێنی ئەسپەردەکردنی بەهائەدین وەیسی. سەرەرای ئەو کەشە ترسناک و تۆقێنەرە، هەزاران کەس خۆیان دەگەیەننە گۆڕستانی حەسەن گایر تاکوو بورهان ئەسپەردە بکەن، ئەوان بە وتنەوەی دروشمی «دایە مەگری بۆ ڕۆڵە، شەرت بێ بسێنین تۆڵە» توورەیی و هاوخەمیی خۆیان هاوار دەکەن.

## گەمارۆدانێکی ٤ مانگە بە مەبەستی سزادانی گشتیی دانیشتوانی شارێک

لەگەڵ دەسپێکردنی سەرهەڵدانەکانی شاری جوانرۆ لە ڕۆژانی ناوەڕاستی ڕەزبەری ١٤٠١دا (ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢)، وردەوردە کەشێکی ئەمنی باڵی بەسەر شاردا کێشا.



خاڵێکی پشکنینی سوپای پاسداران لە دەروازەی شاردا

**ئاسیابانی، لە فەرماندەکانی سوپای پاسدارانی کرماشان، ڕایگەیاندووە کە بە مەبەستی سزادانی خەڵکی جوانرۆ ئیجازە نادات تەنانەت یەک چۆکلە شقارتەیش لەو بازاڕەدا بفرۆشرێت.**

لە کۆتارۆژەکانی گەڵارێزان و هاوکات لەگەڵ دەسپێکی سەرکوتکردنی کوردانی ڕاپەڕیوی شارەکانی تردا، لەوانە هاووڵاتیانی مەهاباد، ئەم دۆخە ئەمنی و سەربازییە بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەند. لە ڤیدیۆیەکدا [15] کە هیی ڕۆژی دووشەممە ٣٠ی گەڵارێزانە (٢٢ی نۆڤامبەر) کۆپتەرێک دەبینرێت لە بنکەی سوپای شاردا دەنیشێتەوە. لە چەندین وێنە و ڤیدیۆی دیکەیشدا دیارە کە ئۆتۆمبیلی سەربازی لە شارەکانی دەوروبەرەوە بەرەو جوانڕۆ بەرێ دەکرێن. لە کۆتارۆژەکانی گەڵارێزاندا سەرجەم دەروازەکانی شار چووبوونە ژێر کۆنترۆڵی هێزە ئەمنییەکانەوە. خاڵەکانی پشکنینی سوپای پاسداران تا ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەی ١٤٠١ (٢ی مارسی ٢٠٢٣) لە دەروازەکانی شاردا مانەوە. بەردەوامبوونی کەشی ئەمنی و کۆنترۆڵکردنی هاتوچۆی ئۆتۆمبیلەکان نەک تەنها کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ڕەوتی یارمەتیدانی برینداران هەبوو، بەڵکوو ژیانی ڕۆژانە و کار و کەسابەتی بەشێکی گەورەی خەڵکی جوانڕۆیشی خستە ژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆوە. بەشی گەورەی ئابووریی جوانڕۆ گرێدراوی بازاڕچە سنوورییەکەیە و خەڵکی ناوچەکانی تر بە مەبەستی کڕینی کاڵا و کاری بازرگانی سەردانی دەکەن.

### شایەتحاڵی ژمارە ٧:

### (هاووڵاتییەکی خەڵکی جوانڕۆ و دانیشتووی یەکێک لە شارە ناوەندییەکانی ئێران)

«لەو چەند مانگەدا کە لە دەروازەکانی شار خاڵی پشکنینیان دانابوو، چەند جارێک بۆ دیداری بنەماڵە سەردانی جوانڕۆم کرد. هەڵسوکەوتی هێزەکانی سوپا لەگەڵ ئەو ئۆتۆمبیلانەی ژمارەی شارە ناوەندییەکانی ئێرانیان پێوە بوو، جیاواز بوو لە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئۆتۆمبیلی شارەکانی تردا. کاتێک لە سەرماوەزی ١٤٠١دا (نۆڤامبەری ٢٠٢٢) بۆ یەکەم جار لەگەڵ بنەماڵەکەمدا چووینەوە بۆ جوانڕۆ، هێزەکانی دەروازەی شار لەبەر ژمارەی ئۆتۆمبیلەکەم نەیانزانی خەڵکی جوانڕۆم و پێیان وتم هێزی سەر بە دژەشۆڕش [مەبەست هێزی سەر بە حیزبەکانی کوردستانە] لە ناو شارەکەدان و دەبێ ئاگامان لە خۆمان بێت و لە بازارە سنوورییەکەیش هیچ شتێک نەکڕین، چونکوو ڕێگا بە چوونەدەرەوەی هیچ کاڵایەکی بیانی نادرێت».

بە وتەی ئەم هاووڵاتییە، لە کاتی گەڕانەوە لە جوانڕۆوە هێزەکانی سوپا ئۆتۆمبیلەکەیان پشکنیوە و لەبەر هەڵگرتنی هەندێ کەلوپەلی تەندروستی و جوانکاری کە بۆ بەکارهێنانی خۆیان کڕیبوویان، مۆڵەتی چوونەدەرەوە لە جوانڕۆیان پێ نادرێت. بە ناچار دەگەڕێنەوە بۆ ناوشار و دوای چەند کاتژمێرێک سەرلەنوێ ڕێگاکە تاقی دەکەنەوە و ئەم جارە دەتوانن بەبێ پشکنین بڕۆنە دەرەوە. هەر ئەم هاووڵاتییە لە زاری هەندێ لە خزمانی خۆیەوە کە لە شارەکانی تری پارێزگاکانی کرماشان و کوردستانەوە سەفەری جوانڕۆیان کردووە، دەگێڕێتەوە کە نەتەنها ئۆتۆمبیلەکەیان پشکێنراوە بەڵکوو تەنانەت مۆبایلی سەرنشینانیش لە لایەن ئەو هێزانەوە کۆنترۆڵ کراوە و سەبارەت بە هۆکاری سەفەرکردنیان بۆ جوانڕۆ لێپرسینەوەیان لێ کردووون.

### شایەتحاڵی ژمارە ٨ :

### (کاسبکارێکی خەڵکی جوانڕۆ)

«جوانڕۆ بە بازارەکەی سنوورییەوە ناسراوە و زۆربەی خەڵک لەم ڕێگەیەوە بژێوی ژیانیان دابین دەکەن. لەم چەند مانگەدا هەواڵێک بڵاو بوویەوە گوایە ئاسیابانی، لە فەرماندەکانی سوپای پاسدارانی کرماشان، ڕایگەیاندووە کە بە مەبەستی سزادانی خەڵکی جوانڕۆ ئیجازە نادات تەنانەت یەک چوکلە شقارتەیش لەو بازارەدا بفرۆشرێت. هێزەکانی سوپای پاسداران کە لە هەموو دەروازەکانی شاردا جێگیر کرابوون، مۆڵەتی چوونەدەرەوەی هیچ کاڵایەکیان بۆ دەرەوەی شار نەدەدا کە لە بازارەکەی سنوورەوە کڕدرابێت. لەم چەند مانگە لە شارێکدا کە ڕێژەی بێکارییەکەی زۆر بەرزە، ڕووبەڕووی گەمارۆیەکی هەمەلایەنەی ئابووری و سەربازی بووینەوە. سزادانی دەستەجەمعی و گشتیی شارێک بە مەبەستی تەسلیمکردن و تۆڵەکردنەوە لە خەڵکە ڕاپەڕیوەکەی؛ گەرچی قەت ئامانجەکەیان نەپێکا.»

# بەشی دووەم
## جوانرۆ؛
## جەستەی بریندار ی شار و
## لافاوی خوێن لە کۆڵانەکاندا



ئامارێکی ورد لە ژمارەی بریندارانی سەرهەڵدانی جوانرۆ لە بەردەستدا نییە. بەپێی توێژینەوەکان و بەڵگە و ئامارەکان، لایەنی کەم ٨٠ کەس لە خۆپیشاندانەکانی جوانرۆدا بریندار بوون. ئەگەرچی لە رەوتی خۆپیشاندانەکانی ١٦ی رەزبەر و ٢٩ی گەڵارێزاندا ژمارەیەک لە هاووڵاتیانی جوانرۆ بریندار بوون، بەڵام زیاترین رێژەی بریندارانی خۆپیشاندانەکان دەگەرێتەوە بۆ رۆژی ٣٠ی گەڵارێزان. لە نێو بریندارانی خۆپیشاندانەکانی جوانرۆدا، لە منداڵی ١٥ ساڵانەوە تا پیرەپیاوێ ٧٣ ساڵان دەبینرێت، بەڵام زۆربەی برینداران لاو بوون و تەمەنیان خوار ٤٠ ساڵ بوو. زیاترین جۆری برینەکان بریتی بوون لە بریندار بوونی زگ و قاچ؛ جیا لە هەندێ حاڵەتی زۆر دەگمەن، نزیک بە هەموو برینداران بە گوللەی شەر بریندار بوون.

لە خۆپیشاندانەکەی رۆژی ١٦ی رەزبەردا لایەنی کەم ١١ کەس بە فیشەکی شەر بریندار بوون و هەڵسوکەوتی توندوتیژی هێزەکان لەگەڵ ژنێکی دووگیاندا بووە هۆی لەبارچوونی منداڵەکەی. رۆژی ٢٩ی گەڵارێزانیش ژمارەیەک لە هاووڵاتیانی جوانرۆ بە دەستی هێزە ئەمنی و چەکدارەکان برێندار بوون؛ لەوانە نەجمەدین وەیسیی برای بەهائەدین کە لە دەسرێژی سەر ئۆتۆمبیلەکەیاندا لەگەڵ دوو سەرنشینی دیکە بە سەختی بریندار بوون و سەرەرای بریندار بوونیان، هێزەکان بە دیلیان گرتن. جیا لە سەرکوتی خوێناویی رۆژی ٣٠ی گەڵارێزان کە تێیدا دەیان کەس بریندار بوون، لە رەوتی خۆپیشاندانەکانی رۆژی ١٠ای بەفرانباریشدا (چلەی گیانبەختکردوان) لایەنی کەم ١٥ کەس بریندار بوون.

## جۆگەی خوێن لە دواکۆڵانی گەڵارێزاندا

زیاترین رێژەی برینداران لە خۆپیشاندانەکانی جوانرۆدا دەگەرێتەوە بۆ دواهەم رۆژی مانگی گەڵارێزان؛ ئەو رۆژەی ئاگری رەشاش و دەسرێژی بەردەوامی هێزە چەکدارەکان لە شەقامە باریکەکانی شاردا بووە هۆی بریندار بوونی یەک لە دوای یەکی خەڵک. زۆربەی برینداران لە کاتی یارمەتیدانی بریندارانی تردا خۆیشیان دەپێکران. لە هەندێ حاڵەتدا هێزەکان دەکەوتنە گیانی بریندارانی سەر شەقامەکان و لێیان دەدان.

خەڵک بە هانای جەمال ئەعزەمی لە گیانبەختکردوانی رۆژی ٣٠ی گەڵارێزانەوە دەچن




یەک لە بریندار لە حەوشەی ماڵێکدا پەنا دراوە و دەرمان دەکرێت

**شایەتحاڵی ژمارە ٩:**

«... یەک لە برینداران کە رانی پێکرابوو، دەیگێڕایەوە کە کاتێک لەسەر عەرز کەوتبوو و نەیدەتوانی بجووڵێت، چەکدارێکی سوپای پاسداران دەچێتە سەری تا دیسانەوە تەقەی لێ بکات، رێک لەم کاتەدا ئەندامێکی دیکەی هێزەکانی سوپا کە لەوێدا بووە و بە شێوەزاری خۆمان دواوە، نەیهێشتووە چەکدارەکە دیسان تەقەی لێ بکاتەوە.»

ژمارەی برینداران بە ئاستێک زۆرە کە ئیمکانی یارمەتیدانی هەموویان نییە. لە لایەکی ترەوە دەسڕێژی هێزە چەکدارەکان نابڕێتەوە و کەسانێک کە دەیانەوێ خۆیان بە بریندارانی سەر شەقامەکان بگەیەنن، لە بەردەم دەسڕێژدان.

**شایەتحاڵی ژمارە ٧:**

«... لە شەقامی بێهداریدا تازەلاوێکی نزیکەی ١٦ ساڵان بریندار بوو و من دەمویست یارمەتیی بدەم. هەر کە هەستامەوە، خۆیشم پێکرام، لە لای ئەژنۆوە. ناوی ئەم تازەلاوە نازانم. خۆیشم کەوتمە سەر زەوی. هێزە چەکدارەکان سی تا چل مەتر لە ئێمەوە دوور بوون.»

لەگەڵ چڕبوونەوەی دەسڕێژی هێزە چەکدارەکاندا، خەڵکی راپەڕیو بە مەبەستی خۆدوورخستنەوە لە گوللەبارانی چەکداران و رزگارکردنی گیانی برینداران، پەنا دەبەن بۆ کۆڵانە لاوەکییەکان. زۆربەی ماڵەکان دەرگاکانیان دەخەنە سەر پشت تا برینداران پەنایان بۆ ببەن.

**شایەتحاڵی ژمارە ١٠:**

«... دوای ئەوەی بریندار بووم، چوومە ناو ماڵێکەوە کە دەرگاکەی بۆ برینداران خستبووە سەر پشت و یارمەتییان دەداین... دۆخی من بەراورد بە بریندارانی تر باشتر بوو، بەڵام دۆخی ئەوانی تر باش نەبوو. ئێمە چوار کەس بووین. بە پەرۆیەک ئەژنۆم بەست و ئیدی نەچوومە نەخۆشخانە. هەموومان دەموچاومان داپۆشیبوو، هەر بۆیە کەس ئەوی تری نەدەناسی. زیاتر لە ٦٠ تا ٧٠ کەسم بینی کە بریندار ببوون. هەموومان بە کڵاشینکۆف بریندار بووین، ساچمە لە ئارادا نەبوو. ئەو قسانە هەمووی درۆیە. بە فیشەکی راستەقینە خەڵکیان دەکردە ئامانج. من دۆشکام نەدی، بەڵام دەنگەکەیم دەبیست. هەموو ئەو چەکدارانەی بینیمن، کڵاشینکۆفیان پێ بوو.»

## شەقامی بێهداری؛ ئێرە کۆتایی دونیایە

هێزە چەکدارەکان ئاگری سەرکوت بەسەر خەڵکی راپەڕیوی ناو شەقامەکانی ئامووزش و پەروەرش و ٢٢ی رێبەندان و بێهداری (تاڵەقانی)دا دەبارێنن. خەڵکەکە هەوڵ دەدەن بە هەر جۆرێك بووە، بە هانای برینداراناوە بچن. تێکهەڵچوونەکان لە شەقامەکانی ئامووزش و پەروەرش و ٢٢ی رێبەنداندا کەمترن، بەڵام سەرەڕای ئەمەیش، زۆربەی خۆپیشاندەران لەم دوو شەقامەدا بریندار دەبن.

**شایەتحاڵی ژمارە ٤:**

«... لە شەقامی ئاموزش و پەروەرش بووم. بە چاوی خۆم بریندارلابوونی لاپەنی کەم ٣ کەسم بینی. کوڕێکی ٢٣ یان ٢٤ ساڵانم بینی کە گوللە بەر کەمەری کەوتبوو و لە قۆڵیەوە دەرچووبوو. داوامان لە مۆتۆرسوارێک کرد بیگەیەنێتە نەخۆشخانە.»

ئیمکانی بەهاناوەچوونی برینداران لەم دوو شەقامەدا (ئاموزش و پەروەرش و ٢٢ی ڕێبەندان) زیاترە، بەڵام ئەوەی لە پێهداری (تاڵەقانی) دەقەومێت، شەقامەکەی گۆڕیوە بۆ گۆڕەپانی شەڕی هێزە چەکدارەکان لەگەڵ خەڵکی پێبەرگریدا. ژمارەی برینداران لە شەقامی بێهداریدا ئێجگار زۆرە. چڕبوونی ئاگربارانی هێزەکانیش ناهێڵێت خەڵک بە هانای بریندارانەوە بچن. **جەوهەر فەتاحی، مەسعوود تەیمووری، جەمال ئەعزەمی، تەحسین میری و ئیسماعیل گوڵعەنبەر،** ئەو ٥ هاووڵاتییەی کە ڕۆژی ٣٠ی گەلاڕێزان گیانیان بەخت کرد، لە شەقامی بێهداری (تاڵەقانی) کەوتنە بەر فیشەکی شەڕی هێزە چەکدارەکانەوە. دەسڕێژ و گوللەباران هێندە چڕە کە خەڵک ناتوانن تەنانەت لە تەرمی بێگیانی کوژراوان نزیکیش ببنەوە.

هێزە چەکدارەکان نەک تەنها ئۆتۆمبیلی هەڵگری «دۆشکە» لەم شەقامەدا جێگیر دەکەن، بەڵکوو نزیکەی ٢٠٠ هێزی تەیار بە چەکی شەڕیش لە مەودایەکی زۆر نزیکەوە (کەمتر لە ٣٠ مەتر) تەقە لە خۆپیشاندەران دەکەن. خۆپیشاندەرانی ناو شەقامەکانی تر زۆر زوو تێ دەگەن کە ئاستی توندوتیژی، سەرکوت و دەسڕێژەکان لە شەقامی بێهداریدا زۆر بەرز بووەتەوە.

**ڕۆیشتم بەرەو بێهداری، دۆخەکە ئێجگار قورس بوو. لە دوورەوە ئۆتۆمبیلی دۆشکەکەم بینی، کەسێک لێزانانە بە چواردەوردا تەقەی دەکرد.**



دۆشکە لە شەقامەکانی جوانڕۆدا

### شایەتحاڵی ژمارە ٤:

«... ڕۆیشتم بەرەو بێهداری، دۆخەکە ئێجگار قورس بوو. لە دوورەوە ئۆتۆمبیلی دۆشکەکەم بینی، کەسێک لێزانانە بە چواردەوردا تەقەی دەکرد. تا بیست مەتریی دۆشکاکەیش ڕۆیشتم، بەڵام هەر کە دۆخەکە خراپتر بوو، بە ناچار لە کۆڵانە لاوەکییەکانەوە شوێنی تێکهەڵچوونەکانمان بەجێ هێشت و پاشەکشەمان لێ کرد. هەم ئێمە و هەم ئەو ژنانە کە لە ناوەڕاستی شەقامەکە دانیشتبوون... هاوڕێیەکم هەیە کە فەرمانبەری بێهدارییە [کەرتی تەندروستی]، برازاکەی بریندار بووبوو و نەیناسیبووەوە، هێندە ژمارەی برینداران زۆر بوو.»

## دەسڕێژ بە دۆشکە؛ «پێوەی نێن، ئەوە دیلی شەڕە»

چەکدارەکان بەبێ وەستان بە چەکی شەڕ تەقە دەکەن. دەنگی تۆقێنەری دۆشکە لە شەقامی بێهداری و کۆڵانەکانی دەوروبەرییەوە دەبیسرێت. چەکدارەکان بە ئۆتۆمبیلی دۆشکەوە بەردەوام لە خۆپیشاندەرانی شەقامی بێهداری نزیکتر دەبنەوە.

### شایەتحاڵی ژمارە ١١:

«...دۆشکەکە لە نزیک ماڵی ئێمە بوو، لە شەقامی بێهداری نزیکی ئامووزش و پەروەرش. کە تەقەیان دەکرد، ماڵەکە دەلەرییەوە.»

بەڵام ئەزموونی «و.س» لە دۆشکە تەنها بیستنی تەقەی بەردەوام و تۆقێنەری ئەم چەکە جەنگییە نەبوو. «و.س»، ٢٠ ساڵان و کرێکار، کە بە ڕێورەسمی ئەسپەردەکردنی گۆڕستانی حاجی برایمدا نەگەیشتبوو، لە مەیدانی فەلەستین دەگا بەو حەشیمەتە هەزاران کەسییە کە دەیانەوێ بۆ ماڵی عیرفان کاکایی بڕۆن. هاوکات لەگەڵ گەمارۆدانی خەڵک و قورسبوونەوەی تێکهەڵچوونەکاندا لە شەقامی بێهداری، چەکدارەکان لەسەرییەک دوو فیشەکی دۆشکە بە هەردوو قاچی «و.س»ـەوە دەنێن و تەختی عەرزی دەکەن.




برینداربوونی قورسی شایەتحاڵی ژمارە ١٢ بە گوللەی دۆشکە

**یەکیان وازی نەدەهێنا و دەیوت لێی بدەن، ئەمە دیلی شەڕە. ئۆتۆمبیلی هەڵگری دۆشکەکەی بانگ کرد تا سەرم بخات و بمبات، بەڵام ئۆتۆمبیلی دۆشکە نەوەستا و کەوتە دوای جەماوەر...**

**و. س، شایەتحاڵی ژمارە ١٢**

«... گازێکی سەوزرەنگیان خستە ناو خەڵکەوە کە بووە هۆی گێژبوونێکی سەیر، چەند کەسێک لەسەر خۆ چوون. دیسانەوە دەسرێژیان لە خەڵک کرد. لەوێ ئاگام لێ بوو کورێک پێکرا و قولاپەی پێی کون بوو. ئێمە هەر لە دەوروبەری شەقامی بێهداری خۆمان هاویشتە ناو کۆڵانێکەوە، بەڵام چەکدارەکان ئەوسەری کۆڵانەکەیشیان گرتبوو. من لەوێ پێکرام؛ سەرەتا گوللەیەکیان نا بە قاچی ڕاستمەوە و پاشان یەکسەر گوللەیەکی تریش بەر قاچی چەپم کەوت.»

و. س بە هەرزەحمەتێک بووە خۆی بە سەر عەرزدا دەکێشێت تا دەگاتە تەنیشت جۆگەی لای شۆستەکە. لەم کاتەدا چەکدارێک بەردێکی تێ دەگرێت:

«... سێ چوار چەکداری سوپا هاتنە سەرم و بە چەک و مست و لەقە کەوتنە گیانم. بە چەک لە سەریان دەدام کە بووە هۆی ئاوسانی سەرم.»

لە دۆخێکی ئاوادا هەندێ لە مامۆستایان و پیرەپیاوێکی بەساڵاچوو کە لەو نزیکانە بوون، بەرەو چەکدارەکان دەڕۆن تا نەهێڵن لەوە زیاتر ئەشکەنجەی بدەن:

«... یەکیان وازی نەدەهێنا و دەیوت لێی بدەن، ئەمە دیلی شەڕە. ئۆتۆمبیلی هەڵگری دۆشکەکەی بانگ کرد تا سەرم بخات و بمبات، بەڵام ئۆتۆمبیلی دۆشکە نەوەستا و کەوتە دوای جەماوەر... خەریک بوو لە سەرخۆ دەچووم کە پرایدێک هات و خەڵکەکە خستمیانە ناو پرایدەکە و بردمیان بۆ نەخۆشخانە.»

هێزە ئەمنییەکان کاتێک تێ دەگەن کە خەڵک «و. س»یان بردووەتە نەخۆشخانەی جوانڕۆ، یەکسەر دەستووردەدەن بیگوێزنەوە بۆ نەخۆشخانەیەکی کرماشان تا لەوێ لێپرسینەوەی لێ بکرێت.

«و. س» دوای گوازرانەوە بۆ نەخۆشخانەیەک لە کرماشان، سەرەڕای دۆخی زۆر خراپی، دەخرێتە بەر لێپرسینەوە:

«... پرسیاری ڕێژەی خەڵکی بەشداربوویان لێ دەکردم و لە ناونیشانی خەڵکیان دەپرسی، هەروەها لەسەر حیزبەکان پرسیاریان لێ دەکردم.»

## برینی فیشەکی شەڕ لەسەر قاچی مامۆستای خانەنشینی ٧٣ ساڵان

مامۆستای خانەنشین و مامۆستای ئایینی ٧٣ ساڵان کە ڕۆژی ٣٠ی گەلاڕێزان لەگەڵ جەماوەری هەزاران کەسی خەڵکدا لە گۆڕستانی حاجی برایمەوە بەرەو ماڵی عیرفان کاکایی دەچوو، لە ریزی بریندارانی ئەم ڕۆژەی جوانرۆدایە. ئەو نزیکەی کاتژمێر ١١ای بەیانی لە کۆڵانی ئیسارێ ٤ لە شەقامی بێهداری بریندار دەبێت. کۆڵانێک کە بە وتەی خۆی لەوێدا ئاگای لە کوژرانی یەک لە خۆپیشاندەران بووە.

قاچی برینداری مامۆستای ٧٣ ساڵان



**مامۆستای خانەنشین، شایەتحالی ژمارە ١٣:**

«لەگەڵ دەستەیەک لە خەڵکدا چووینە ناو یەکێک لە کۆڵانەکانەوە، هەر لەو کۆڵانە و لە بەر چاوی خۆمدا کوڕێکی لاو پێکرا و دەستبەجێ شەهید بوو. بە داخەوە نەمزانی کام یەک لە شەهیدەکان بوو، چونکوو دۆخەکە زۆر شڵەژابوو و خەڵکیش هاواریان دەکرد لە کۆڵانەکەدا مەوەستن، چونکوو بۆی هەیە گوللەتان بەربکەوێت.»

دواتر دەرکەوت کە ئەو گیانبەختکردووە جەمال ئەعزەمی بووە. ماوەیەکی کورت دوای ئەوەی کە خەڵکەکە هەوڵ دەدەن کۆڵانەکە بەجێ بهێڵن (کەمتر لە ٢ خولەک)، گوللەیەک (ڕەنگە ژێ ٣ یان قەناسە) بەر ساقۆڵی قاچی ڕاستی دەکەوێت:

«سەرەتا نەمزانی بریندار بووم، لەپڕ بینیم پێڵاوەکانم پڕ بوون لە خوێن و کەوتم... گوللەکە بە ئاستێک بەهێز بوو کە ژێرپێمی هەڵتەکاندبوو و پێڵاوەکەیشمی هەڵدڕیبوو.»

خەڵکەکە ئەم مامۆستا خانەنشینە دەبەنە ناو ماڵێکەوە هەر لەو کۆڵانەدا، تا پارێزراو بێت و دەرمانی بکەن:

«ژنی خاوەنماڵ بە یارمەتیی چەند لاوێک برینەکەمیان بە پەڕۆیەکی پاک بەست. وتیان باشترە تا کاتێک دەگەیتە نەخۆشخانە، برینەکەت ببەسین با کەمتر خوێنی لەبەر بچێت. منداڵەکانم ئاگادار کردەوە، تا ئەوان بگەن، لەسەر خۆم چووبووم. بردبوومیان بۆ نەخۆشخانەی جوانڕۆ، لەوێ هاتمەوە هۆش. چەند کاتژمێرێک لەبەر دەرماندا بووم و ئینجا گەڕامەوە بۆ ماڵەوە. حەفتەیەک دواتر چوومە لای پزیشکێکی ئۆرتۆپێد و ئینجا چووم بۆ کرماشان، لەوێ نەشتەرگەرییان بۆ کردم، واتە نزیکەی ١٠ ڕۆژ دوای برینداربوون نەشتەرگەریم بۆ کرا.»

ئامارێکی دروست لەسەر ڕێژەی ئەو ژنانەی لە خۆپیشاندانەکانی جوانڕۆدا بە گوللەی شەڕ یان بە ساچمە بریندار بوون، لە بەردەستدا نییە. زۆربەیان لە ماڵەکاندا دەرمان کران و نەچوونە نەخۆشخانە یان ناوەندە پزیشکییەکان.

«ژ. ن» ژنە خۆپیشاندەرێکی ٢٤ ساڵانە کە هێزەکانی سوپای پاسداران ڕۆژی ٣٠ی گەڵاڕێزان لە شەقامی بێهداری و لە مەودایەکی زۆر نزیکەوە (کەمتر لە ٣٠ مەتر) دایانە بەر گوللە. لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا گرتەیەکی ڤیدیۆیی ساتەوەختی برینداربوونی ئەم ژنە بڵاو بووەتەوە کە بە ڕوونی دیمەنی پێکرانی نیشان دەدات کە لەگەڵ هاوڕێنەکەیدا لە مەودای چەندمەتریی ئیسماعیل گوڵعەنبەردان کە یەکێک بوو لە گیانبەختکردوانی ڕۆژی ٣٠ی گەڵاڕێزان. ئەم ژنە کە لە پشت هاوسەرەکەیەوە خەریکی هەڵاتنە لە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سوپای پاسداران، لەپڕ لەسەر شۆستەکە قاچی دەپێکرێت و دەکەوێت.[16]

**هێزەکانی سوپای پاسداران لە نزیکەوە، لە پشتسەرمەوە، تەقەیان لێ کردم و قاچی چەپم بریندار بوو. خوێنێکی تێجگار زۆرم لەبەر دەچوو، هاوڕێنەکەم و چەند هاووڵاتییەکی تر بردمیانە ناو ماڵێکەوە. خۆمان پەنا دا. بە لەتەپەڕۆیەک شوێنی برینەکەمان بەست.**

**ژ. ن، شایەتحالی ژمارە ١٤**

«هێزەکانی سوپای پاسداران لە نزیکەوە، لە پشتسەرمەوە، تەقەیان لێ کردم و قاچی چەپم بریندار بوو. خوێنێکی ئێجگار زۆرم لەبەر دەچوو، هاوژینەکەم و چەند هاووڵاتییەکی تر بردمیانە ناو ماڵێکەوە. خۆمان پەنا دا. بە لەتەپەڕۆیەک شوێنی برینەکەمان بەست. دوایی ڕۆشتین بۆ نەخۆشخانەی جوانرۆ.»

فیشەکەکە بە ئاستێک زەبری بە قاچی گەیاندووە و دۆخی تەندروستیی تێک داوە کە پزیشک و فەرمانبەرانی پزیشکیی نەخۆشخانەی جوانرۆ کارێکیان لە دەست نایەت، لەسەر ڕەزامەندیی بنەماڵەکەی دەیگوێزنەوە بۆ نەخۆشخانەیەک لە کرماشان:

«... ئاگاداریان کردینەوە کە هێزە ئەمنییەکان بە شێوەیەکی بەربڵاو لە نەخۆشخانەی تاڵەقانیی کرماشان جێگیر کراون، هەر بۆیە چووینە نەخۆشخانەی جەکیم. شەووڕۆژێک لەوێ بووم، بەڵام هیچیان بۆ نەکردم، لە ڕێگەی پزیشکێکی نەخۆشخانەی تاڵەقانییەوە دۆسیەیەکی پزیشکییان بۆ کردمەوە و بۆ نەشتەرگەری بردمیان بۆ ئەوێ و نەخۆشخانەیە.»

«ژ. ن»ی ٢٤ ساڵان تا ئێستە دوو جار نەشتەرگەریی بۆ کراوە و لەبەر ئەوەی گوللەکە پێنج سانتیمەتر لە ئێسقانی قاچی سووتاندووە و دەمارەکەی هەڵدڕیوە، ناتوانێت بە ئاسانی بجووڵێت و قاچی چەپی بە تەواوی سڕ بووە:

«... دوای نەشتەرگەریی موتوربەکردنی ئێسقان، وا بڕیارە لە مانگەکانی داهاتوودا نەشتەرگەریی

وێنەیەک لە ڤیدیۆی پێکرانی «ژ. ن»، کوژرانی ئیسماعیل گوڵعەنبەر و برینداربوونی هاووڵاتییەک و ئەشکەنجەکردنی لە لایەن هێزەکانی سوپای پاسدارانەوە



موتوربەکردنی دەماریشم بۆ بکرێت، بەڵام پزیشکەکان وتوویانە ئەگەری گەڕانەوەی توانای جووڵەی قاچم تەنها لە سەدا بیستە.»

## ئەشکەنجەدان لەسەر شەقامدا؛
## خوێندکارێکی ٢٦ ساڵان کە هێشتا چاک نەبووەتەوە

«م. د» لەدایکبووی ١٣٧٥ (١٩٩٦)، زگورتە و خوێندکار و یەک لە بریندارانی سەرهەڵدانی جوانڕۆ.

### کەسێکی نزیک لە «م. د»، چیرۆکی ئەم خوێندکارە ئاوا دەگێڕێتەوە (شایەتحاڵی ژمارە ١٥):

«ئەویش وەک هەزاران کەسی دیکە لە ڕۆژی ئەسپەردەکردنی عیرفان کاکایی و بەهائەدین وەیسی لە ٣٠ی گەلاڕێزاندا بەشدار بووە و لە شەقامی بێهداری ڕاستەوخۆ دەکرێتە ئامانجی گوللەی جەنگی و ڕانی بە سەختی بریندار دەبێت.»

«م. د» دوای پێکران دەکەوێت. دەسرێژی گوللە هێندە چڕە کەس ناتوانێ بە هانایەوە بچێت. هەر لەو حاڵەدا کە کەوتووەتە سەر شەقامەکە، هێزەکانی سوپا هێرش دەکەنە سەری و بە مست و لەقە دەکەونە گیانی. بە هۆی ئەم هێرشە هۆڤانەوە ئێسقانی قاچە برینداەکەی بە قورسی زەبری بەردەکەوێت و وردوخاش دەبێت. چەکدارەکان هەر لەو دۆخەدا وێڵی دەکەن و دەکەونە سەرکوتکردنی خەڵکەکەی تر.

قاچە برینداەکەی «م. د» چەندین جار نەشتەرگەریی بۆ کراوە، بەڵام هێشتا چاک نەبووەتەوە و پێویستی بە نەشتەرگەرییەکی تر هەیە.

## گوللەیەک کە گەرووی هەڵدڕی؛
## «هەموو وامان زانی گیانی بەخت کردووە»

لە گرتەیەکی ڤیدیۆیی [17] ڕۆژی ٣٠ی گەلاڕێزانی شەقامی بێهداریی جوانڕۆدا، سیمای پیاوێکی لەخوێنگەوزاو دەبینرێت کە گوللەیەک گەرووی هەڵدڕیوە و چەند کەسێک هەوڵ دەدەن یارمەتیی بدەن. فیشەکی کلاشینکۆف لە بەرانبەرەوە بەر قورگی دەکەوێت و بە وتەی کەسانی نزیکی بە شێوەیەکی موعجیزەئاسا لە مردن ڕزگاری دەبێت.

### کەسێکی نزیک لە پەیمان سوهرابیراد کە ڕۆژی ٣٠ی گەلاڕێزان لە شەقامی بێهداری لەگەڵی بووە، دەڵێت (شایەتحاڵی ژمارە ١٦):

«فیشەکەکە لە بەردەم منەوە تێپەڕی، بەر پەیمان کەوت و گەرووی هەڵدڕی.»

پەیمان سوهرابیراد دەسبەجێ لەسەر خۆ دەچێت و هەموو وا دەزانن گیانی لەدەست داوە. خەڵکەکە دەیگەیەننە نەخۆشخانە و تا ٤٨ کاتژمێر دوای نەشتەرگەری لە نەخۆشخانەی جوانڕۆ، لە بێهۆشیی تەواودا بوو:

«کەس چاوەڕێ نەبوو پەیمان دیسان زیندوو ببێتەوە. تەنانەت پزیشکەکانیش سەریان سوور مابوو چۆن هاتۆوەتەوە هۆش! کاتێک هاتەوە هۆش نەیدەتوانی قسە بکات، هەر بۆیە چەند ڕۆژێک لەسەر کاغەز دەینووسی. مەسعوود تەیموری کە سێ گوللەی بەر کەوتبوو چەند دەقەیەک پێشتر لە تەختەکەی تەنیشت پەیمان گیانی بەخت کردبوو، کاتژمێرێک دواتر باوکی شەهید

مەسعوودیشیان هێنایە نەخۆشخانە کە بە دوو گوللە پێکرابوو، لەسەر هەمان تەختی کوڕەکەی خەواندیان، پێیان نەوتبوو کوڕەکەت کوژراوە...»

پەیمان بە گشتی شەش ڕۆژ لە بەشی چاودێرییە تایبەتەکان (ئای‌سی‌یوو)ی نەخۆشخانەی جوانرۆ مایەوە و تا پێنج مانگ لە ڕێگای تراکستۆمییەکەوە کە بە قورگیەوە بەسترابوو، هەناسەی دەکێشا. فیشەکەکە مۆرەی حەوتەمی ملی پەیمانی شکاندووە و زەبری بەرۆبری مۆخی گەیاندووە. ئێشێکی زۆری لە دەستی چەپیشیدا هەبوو، هەربۆیە ڕۆژی پێنجەم و لە تاقیکاریی سی‌تی‌سکاندا دەرکەوت کە فیشەکەکە مۆرەی حەوتەمی ملی شکاندووە و هەر لەوێدا ماوەتەوە:

«هەر لەبەر ئەمە دەبوو ببرێت بۆ تاران یان کرماشان. سی‌تی‌سکانەکەیان بە چەندین دوکتور پیشان دابوو، وتبوویان زۆر نزیکە لە مۆخی و ئیمکانی هێنانەدەرەوەیمان نییە. تەنها پزیشکێک لە کرماشان وتبووی نەشتەرگەریی بۆ دەکەم، بەڵام بە ئەگەری لەسەدا هەشتاد تووشی بڕینی مۆخ دەبێت.»

ڕۆژی ٦ی سەرماوەزی ١٤٠١ (٢٧ی نۆڤامبەری ٢٠٢٢) پەیمان سوهرابی‌ڕاد بۆ نەشتەرگەری دەبرێتە نەخۆشخانەی ئەهلیی حەکیم لە کرماشان و ڕۆژێک دواتر نەشتەرگەریی بۆ کرا. پەیمان دوای نەشتەرگەرییەکە بۆ ماوەی چوار ڕۆژ لە بەشی چاودێرییە تایبەتەکان (ئای‌سی‌یوو) دەمێنێتەوە و پاشان لەسەر داوای بنەماڵەکەی و لەبەر قورسبوونی تێچووەکانی دەرمان و مانەوە لە نەخۆشخانە ئەهلییەکەی کرماشاندا، دووبارە دەیگەڕێننەوە بۆ نەخۆشخانەی جوانرۆ. دوای سێ ڕۆژ دەرکەوت کە سوورچکی کون بووە، چونکوو کاتێک شتی ئاوەکییان پێ دا لەژێر بۆرییە تراکستۆتۆمییەکەوە هاتە دەرەوە. هەر بۆیە سەرلەنوێ ناردیانەوە بۆ کرماشان و پزیشکێکی پسپۆڕی گەدە و ڕیخۆڵە فەنەرێکی بۆ دانا تاکوو بتوانێت شتی ئاوەکی بخواتەوە.

پەیمان دوای چەند ڕۆژێک کە گەڕێنرابوویەوە بۆ نەخۆشخانەی جوانرۆ، لەسەر پێشنیاری پزیشکی نەشتەرگەر گوازرایەوە بۆ نەخۆشخانەی مەسیح دانشوەریی تاران تاکوو لەوێ نەشتەرگەریی تەواوکەری بۆ بکرێت:

«پێنج ڕۆژ خەواندیان و دوای پشکنین و گرتنی تیشکی ڕەنگیی ڕادیۆلۆژی، دوکتور وتی برینەکانی زۆر قووڵە و ئەو گوللەیە خرمووتکی بەتەواوی لە ناو بردووە، لەسەدا پەنجای لای چەپی حەنجەرەی لە کار کەوتووە و لەسەدا پەنجای لای ڕاستیشی زیانی پێ گەیشتووە و حەنجەرەی جارێ توانای کارکردنی نییە.»

هەر لەبەر برینە قووڵەکانی گوللەکە لەسەر قورگی پەیمان، چەندین جار نەشتەرگەرییەکە دوا خرا، دواجار ڕۆژی ٢٦ی خاکەلێوەی ١٤٠٢ (١٥ی ئاوریلی ٢٠٢٣) بۆ ماوەی ١٤ ڕۆژ لە نەخۆشخانەی مەسیح دانشوەریی تاران خەوێنرا و لەم ماوەیەدا سێ جار نەشتەرگەریی بۆ کرا، دواجار تراکی ناو ملیان دەرهێنا و ئێستا بە لووت و دەم دەتوانێ هەناسە بکێشێت، بەڵام دوکتورەکان وتوویانە حەنجەرەی لە دەرمانکردن نایەت.

دەستی چەپی پەیمان سوهرابی‌ڕاد بۆ ماوەی حەوت مانگ سڕ بوو و لە تاقیکاریی شریتی دەماردا دەرکەوت کە دەمارەکانی سەری زیانی قورسیان پێ گەیشتووە:

«کاتێک دەمانویست لە شار بچینە دەرەوە، بۆ وێنە کاتێک پەیمانمان بۆ دەرمانکردن دەبرد بۆ کرماشان یان تاران، هەموو ئۆتۆمبیلەکەیان دەپشکنی، سندووقی پشتەوە، تەنانەت بەڵگەنامە و مۆبایلی خەڵکیشیان دەپشکنی.»

پەیمان سوهرابی‌راد دوو کوڕی ١٦ و ٦ ساڵانی هەیە، کوڕە گەورەکەی لە خۆپیشاندانەکانی جوانڕۆدا بەر گازی فرمێسکرێژ کەوت و بە وتەی پزیشکەکان زیان بە کۆئەندامی هەرسی گەیشتوە و پێویستی بە چارەسەر و دەرمانە.

پەیمان لەسەر پیکابێک کاری دەکرد تاکوو بژێوی بنەماڵەکەی دابین بکات، لە نۆ مانگی رابردوودا و بە هۆی برینداربوونەوە بە تەقەی هێزە ئەمنییەکان، لەسەر جێ کەوتووە و توانای کارکردنی نەماوە، هەر بۆیە دۆخی داراییان زۆر خراپە.

## تەقاندنی گازێکی سەوزڕەنگی گوماناوی لە جوانڕۆدا

هێزە چەکدارەکان لەگەڵ بەکارهێنانی چەکوچۆڵی شەردا، هاوکات هەندێ گازی دووکەڵی شین و سەوزیشیان بەرەو خەڵکی ڕاپەڕیو هاویشت. بە دیاریکراوی دەرنەکەوتووە ئەم گازانە چین و لە چ تێکەڵەیەک دروست کراون. هەندێ لە شایەتحاڵان دەڵێن ئەگەرچی ئاسەوارەکانی هاوشێوەی گازی فرمێسکرێژ بووە، بەڵام هەندێ جیاوازیی ئاشکرایشی هەبووە. هەندێ لە بەرکەوتوان تووشی حاڵەتی وەک سەرگێژە، دابەزینی زەختی خوێن و سەرئێشەی قورس بوون. هەندێکیش دوای هەڵمژینی ئەم گازە تووشی حاڵەتی لەسەرخۆچوون و بێهۆشی بووبوون.

تەقاندنی گازی ڕەنگی بەرەو خەڵکی ڕاپەڕیو



**شایەتحاڵی ژمارە ١٧:**

«لە پێشدا وام زانی گازی فرمێسکرێژە، خەڵکەکەی تریش هەر وایان بیر دەکردەوە، کەچی لەوپەڕی سەرسووڕماندا هیچ کاریگەرییەکی لە سەر چاومان نەبوو... کەمتر لە کاتژمێرێک دواتر کە گەیشتمەوە ماڵ، لاقێ چەپم نیشتە ئێش، بە جۆرێک کە لە بنی رانمەوە تا ساقی پێم تاوناتاوێک ئێشی پێدا دەهات. هەرچەند ئێشەکە زۆر نەبوو، بەڵام دوو ساعەتێکی خایاند و دوایی وردەوردە ئێشەکە لە لاقمدا نەما و کێشایە کەمەرم و دەوروبەری گورچیلەکانم نیشتە ئێش. پاشان ساعەت ٩ بۆ ١٠ی شەو هاوکات لەگەڵ ئێشی پشت و کەمەرمدا ئەنگوستەکانی هەمان لاقم وەک تیکی پەیدا کردبێ، ناوەناوە دەفرین، بە جۆرێک کە بە چاوی خۆم دەمبینی ئەنگوستەکانم دەبزوون و ئاگایشم لە خۆم بوو کە هیچ ئیرادەیەکم بە سەریانەوە نییە، نە دەمتوانی رایان بگرم و نە کاتێک کە دەوەستان دەمتوانی هەڵیان فڕێنم. یەک دوو ساعەتێک ئاوا بووم... ئەم ئێش و ئازارە بۆ ماوەی یەک مانگ بوو بە بەشێک لە ژیانم، تەنانەت زۆر بەزەحمەت ئەمتوانی ماشین لێ بخورم، تەنها بە خواردنی قورسی برۆفێن دەمتوانی سارێژی بکەم. لەگەڵ دوکتۆرێکی هاوڕێم قسەم کرد گە وتی کاریگەریی ئەو گازە سەوزەیە کە دواتر زانیمان گازی ئەعساب بووە».

ئەم بریندارە جەخت دەکاتەوە کە «تا ئەو ڕۆژەی ئەم گازەم هەڵمژی، قەت تووشی ئێشێکی ئاوا نەبووبووم.»

**شایەتحاڵی ژمارە ١٨:**

«... لە کاتی هەڵدانی گازەکەدا من لە مەودای نزیک بە ٢٠ مەتریی شوێنەکەدا (مەیدانی فەلەستین) بووم، یەکەم شتێک بینیم، ڕەنگەکەی بوو کە کەمێ زەرد و ڕەنگە تێکەڵ بە مۆریش بوو. رێک هەڵیان دایە ناوەراستی جەماوەرێ پرهەژماری خەڵکەوە. دووکەڵەکەی ئاراستەی سەرەوەی نەدەگرت، بەڵکوو تا بەرزایی ڕەنگە ٢ مەترێ دەچوو، لەوێ دەوەستا و جووڵەیەکی ئەوتۆی نەدەکرد.»

**شایەتحاڵی ژمارە ١٩:**

«... کە گازەکەیان هەڵدا، لە مەیدانی فەلەستین بووم، بە گشتی منی نەگرتەوە، واتە زۆر بە کەمی هەڵم مژی، زۆر خێرا شوێنەکەم بەجێ هێشت و خۆم گەیاندەوە ماڵ. ئێشێکی قورس لایەکی لەشی داگرتم (لای چەپم، دەست و قاچ و پشت و ملم)، پەنجەکانی پێم دەستیان کردە فرین (هاوژینەکەم زۆر ترسا)، بە تەواوی لای چەپم سڕ بووبوو، تا چەندین ڕۆژ ئەم سڕبوونەم لەگەڵ ئێشێکی قورسدا لەگەڵ بوو. چەند جارێک چوومە مەڵەوانگە و دوای نزیکەی ١٠ ڕۆژ بەرەبەرە چاک بوومەوە.»

**شایەتحاڵی ژمارە ٢٠:**

«... شتەکە (فیشەکی گازەکە) بەر ئەو دەسماڵە کەوت کە بە سەرمەوە بەستبووم، گازەکە دەوری سەری گرتم، لە گەروومدا هەستم بە تووزانەوە و حاڵەتی خنکان دەکرد و بۆ چەند ساتێک لەسەر خۆ چووم، کە هاتمەوە هۆش، کەسێک ژێرباڵی گرتبووم، بە هیچ شێوەیەک نەمدەتوانی بەسەر پێی خۆمەوە بوەستم و ڕێگە بکەم. گەرووم زۆر ئەتووزایەوە و هەستم دەکرد چاوەکانم کوێر بوون. بێحاڵ بووم، هەستم دەکرد دەموچاوم بە سەختی بریندار بووە و بە چەقۆ لێیان داوە، بەڵام دەموچاوم هیچی نەبوو، ئازارەکە لە ناو دەموچاومەوە تا ماوەیەکی زۆر لەگەڵمدا بوو. تەنانەت چەند ڕۆژ دواتر هاوڕێیان و نزیکانم پێشنیازیان کرد سەردانی پزیشکی چاو و گەروو بکەم. لەشم تا چەندین ڕۆژ سڕ و داهێزراو و بێتوانا کەوتبوو.»

# بەشی سێیەم

## جوانرۆ، شاری بێبەرگری؛ گوللەی ناو جەستەی بریندارانو گرفتەکانی دەرمان



زۆربەی بریندارانی سەرهەڵدانی جوانرۆ دووچاری کێشەیەکی گەورە بووبوونەوە؛ مەترسیی ڕۆیشتن بۆ نەخۆشخانەی شار و دەستگیربوون لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە. ئەم دۆخە بە تایبەت لە ڕۆژی ٣٠ی گەلاڕێزاندا گەیشتە ئەوپەڕی خۆی؛ جێگیرکردنی هێزی چەکدار لە سەرانسەری شاردا و بەئەمنیکردنەوەی فەزای جوانرۆ بووە هۆی ئەوەی نزیک بە سەرجەم بریندارانی هەست بە مەترسیی دەستگیربوون بکەن. جەوهەر فەتاحی، یەک لە گیانبەختکردوانی ڕۆژی ٣٠ی گەلاڕێزان، ڕێک لەبەر ئەم ترسە دوای برینداربوون لە شەقامی بێهداریدا ناچێتە نەخۆشخانە، لە حاڵێکدا کە ئەگەر چووبا، ئەگەری زیندوومانەوەی زۆر بوو.

ڕۆژی ٣٠ی گەلاڕێزان، لە هەمان یەکەم ساتەکانی دەسپێکردنی دەسرێژ و تەقەی هێزە چەکدارەکانەوە بۆ سەر خەڵک و برینداربوونی ژمارەیەکی زۆر لە شەقامەکانی جوانرۆدا، کەسانی خۆبەخش کاری یارمەتیدانی برینداران دەست پێ دەکەن. ژمارەی بریندارانی هێندە زۆرە کە زۆرێک لە ژنان و پیاوانی بریندار بە ناچار هەر لە هەمان ئەو کۆڵانە لاوەکییانە و لەو ماڵانەدا کە خەڵک پەنایان بۆ بردوون، دەرمانی سەرپێییان بۆ دەکرێت. زۆربەی ئەو کەسانەی پەرستارن، یاخود شارەزاییەکیان لە دەرمانی سەرەتاییدا هەیە، دەست دەکەن بە یارمەتیدان.

**هاوڕێیەکی پەرستارم دەمۆچاوی داپۆشیبوو و بە هانای بریندارانەوە چووبوو، لە کاتی دەرمانکردندا تێ دەگات یەک لە بریندارەکان برازای خۆیەتی. دواتر تێ دەگات کە ئەو سێ یارمەتیدەرە کە دەموچاویان داپۆشیوە، هەرسێکیان پەرستارن، بەڵام یەکتریان نەناسیوەتەوە.**

**شایەتحاڵی ژمارە ٤:**

«... هاوڕێیەکی پەرستارم دەموچاوی داپۆشیبوو و بە هانای بریندارانەوە چووبوو، لە کاتی دەرمانکردندا تێ دەگات یەک لە بریندارەکان برازای خۆیەتی. دواتر تێ دەگات کە ئەو سێ یارمەتیدەرە کە دەموچاویان داپۆشیوە، هەرسێکیان پەرستارن، بەڵام یەکتریان نەناسیوەتەوە.»

هێزە چەکدارەکان پێشڕەوی دەکەن و ئاگری گوللەیان نابڕێتەوە. خەڵک تا ئەوپەڕی توانای خۆیان هەوڵ دەدەن بریندارن ڕزگار بکەن. شێوەی ڕێکخستنی هێزە چەکدارەکان و چڕبوونی گوللەباران، بە تایبەت لە شەقامی بێهداریدا، بە چەشنێکە کە خەڵک و بریندارن پەنا بۆ کۆڵانە لاوەکییەکان دەبەن.

**کاتێک نەخۆشخانەی شار دوورترین شوێنی جیهانە**

دەوروبەری ٢ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی ٣٠ی گەلاڕێزان، دوای پاشەکشەی خەڵکی ڕاپەڕیو بە مەبەستی یارمەتیدانی بریندارن و گواستنەوەیان بۆ ماڵەکان، فەزای شار بە تەواوی میلیتاریزە دەکرێت. هێزە چەکدارەکان بە کردەوە جوانرۆیان گەمارۆ داوە و ژمارەیەکی زۆر لە بریندارن لە ناو ماڵەکاندان. دۆخی سەربازیی زاڵ بەسەر شاردا و مەترسیی ئاشکرابوون و دەستگیربوون لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە، وا دەکات بریندارن دەستیان بە نەخۆشخانەی شار (نەخۆشخانەی حەزرەتی ڕەسووڵ) نەگات. ماڵەکان پڕن لە بریندار و کەلوپەلی دەرمانیش گەلێ کەمە و ناتەواو.

**شایەتحاڵی ژمارە ٢١:**

«... هێزەکان چووبوونە سەر نەخۆشخانەکان و بە فەرمانبەرەکانیان گوتبوو بۆتان نییە برینداران دەرمان بکەن، مەگەر ئەوەی پێشوەختە ئێمە ئاگادار بکەنەوە.»

دوای تێپەڕینی چەندین کاتژمێر، تیمەکانی ئۆرژانس لە شارەکانی دەوروبەرەوە دێن بۆ یارمەتیدانی بریندارانی جوانڕۆ، بەڵام هێزەکانی سوپا ڕێگەیان لێ دەگرن و ناهێڵن بێنە ناو شارەکەوە. برینی هەندێ لە برینداران هێندە قووڵە کە دەبێ زۆر خێرا بگوازرێنەوە بۆ ناوەندەکانی دەرمان. بەڵام دۆخی سەربازیی شار و نیگەرانیی برینداران و بنەماڵەکان لە دەستبەسەربوون، ڕێگرە لە بەردەم ڕۆیشتنی زۆربەی بریندارا‌ندا بۆ نەخۆشخانەی شار؛ ئەو بریندارانەی هەموویان بە فیشەکی شەڕ بریندار بوون و زۆربەیان ئەگەر بە پەلە فریای نەخۆشخانە نەخرێن، گیانیان لە دەست دەدەن. زۆربەی برینداران دەبێ بڕۆنە نەخۆشخانەی شارەکانی دەوروبەر، بە تایبەت کرماشان کە دەکەوێتە مەودای ٩١ کیلۆمەتریی جوانڕۆوە.

**لە حاڵەتی ئاساییدا مەودای نێوان کرماشان و جوانڕۆ نزیکەی یەک کاتژمێر و نیوە. بەڵام دوانیوەڕۆی ٣٠ی گەلاڕێزان لایەنی کەم چوار تا شەش کاتژمێری پێ دەچێت.**

**لە ناو جادەی هەڕەشە و مەرگدا؛**

**لە گواستنەوەی بریندارانەوە بە پاس تا بەربەستەکانی گەیشتن بە کرماشان**

بە تێپەڕینی کات و خراپتربوونی دۆخی هەندێ لە برینداران و نامومکینبوونی مانەوەیان لە ماڵەکاندا و کەمبوونی کەرەستەی پزیشکی و دەرمانی، هەندێ لە برینداران بە یارمەتیی خەڵک و ژمارەیەکی تریش کە چوونەتە نەخۆشخانەکەی شار، لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە ڕەوانەی کرماشان دەکرێن. چوونەدەرەوە لە شار و گەیشتن بە کرماشان گەلێ دژوارە و هەر چرکەیەک دەرەنگکەوتنی گواستنەوەی برینداران مانای لەدەستدانی گیانیان. ئامادەبوونی هێزە چەکدارەکان و داخستنی دەروازەکانی شار و خۆپاراستن و نیگەرانیی بنەماڵە و هاوڕێیانی برینداران، وای کردووە کاتی گواستنەوەی برینداران بۆ کرماشان گەلێ زیاتری پێ بچێت. لە حاڵەتی ئاساییدا مەودای نێوان کرماشان و جوانڕۆ نزیکەی یەک کاتژمێر و نیوە. بەڵام دوانیوەڕۆی ٣٠ی گەلاڕێزان لایەنی کەم چوار تا شەش کاتژمێری پێ دەچێت. بە وتەی یەک لە بەرپرسانی نەخۆشخانەی کرماشان، هێزە ئەمنییەکان ژمارەیەکی زۆر لە بریندارانیان بە پاس گواستووەتەوە بۆ کرماشان.

**شایەتحاڵی ژمارە ٤:**

«... برا ١٧ ساڵەکەم ڕۆژی ٣٠ی گەلاڕێزان بە فیشەکی دەمانچە بریندار بوو. گوللەیەک لە لای ڕاستیەوە چووبووە ناو لەشی و گەشتبووە لای چەپی. کەسێک براکەمی گەیاندبووە ماڵەوە، منیش ئاگادار کرامەوە. پێوەندیم بە هاوڕێیەکی پەرستارمەوە کرد، وتی بێگومان لە ناوەوە خوێنی لەبەر دەچێت. لەو کەشە ئەمنییەدا دەترسام بیبەمە نەخۆشخانەی جوانڕۆ. بە هەزار بەدبەختی بردمان بۆ نەخۆشخانەیەکی کرماشان.»



وێنەی برینی سەختی هاووڵاتییەکی جوانرۆ کە لە ناوەندێکی پزیشکیی کرماشاندا دەرمان کراوە.

**شایەتحاڵی ژمارە٤:**

«... لە ساتی بریندابوونی براکەمەوە تا گەیاندنی بە کرماشان ٦ کاتژمێرمان پێ چوو. براکەم بە درێژایی ئەم ماوەیە و بەو هەموو خوێنلەبەرچوونەوە تەسلیم نەبووبوو،هەرچەندگوللەکەهێشتالەلەشیدامابووەوە. براکەم دووکاتژمێرلەژووری نەشتەرگەریدابوو. پزیشکی نەشتەرگەر کاتێک لە ژوورەکە هاتە دەرەوە، بە گریانەوە پێی وتم منداڵێکی حەڤدەهەژدەساڵان چۆن توانیویەتی ٦ کاتژمێر گوللەیەک لە ناو لەشیدا بێ و بەرگە بگرێت؟ نەشتەرگەرییەکە دوو کاتژمێری خایاندبوو و ژووری نەشتەرگەرییەکەیان بەتەواوی تەرخان کردبووبۆبراکەم. پزیشکی نەشتەرگەر بۆ ئەوەی براکەم دەستبەسەر نەکرێت، نووسیبووی بریندابوون بە قەمە و چەقۆ لە تێکهەڵچووندا.»

ژمارەی ئەو بریندارانەی دەبرێنە نەخۆشخانەکانی کرماشان، هێندە زۆرە کە بەشی ئیمێرجێنسیی نەخۆشخانە (ناوی نەخۆشخانەکە پارێزراوە) تەنها بۆ بریندارانی جوانرۆ تەرخان دەکرێت:

«... فەرمانبەرانی نەخۆشخانەی ....ی کرماشان هەمووتوانای خۆیان بۆیارمەتیدانی برینداران خستبووە گەڕ. بۆ خۆم ئاگام لێ بوو کە ژنێکی فەرمانبەر دەرگای هۆڵی ڕاگرتنی بریندارەکانی داخستبوو و نەیدەهێشت هێزە ئەمنییەکان بڕۆنە ناو ئەو شوێنەوە. دەیوت با سەرەتادەرمان بکرێن، ئینجاهەرچیتان ویست بیکەن.»

ئەگەرچی مەزەندە دەکرێت ژمارەی بریندارانی ڕۆژی ٣٠ی گەڵارێزان دەیان کەسی تێ پەڕاندبێت، بەڵام ژمارەیەکی زۆر کەمیان، کە زۆربەیان بە فیشەکی شەڕ بریندار بووبوون، توانیبوویان هەمان شەو خۆیان بگەیەننە ناوەندە پزیشکییەکانی کرماشان.

**شایەتحاڵی ژمارە ٤:**

«... کوڕێکم بینی کە بە دوو فیشەکی شەڕ پێکرابوو. سەرەتا وتیان دەبێ قاچەکانی ببرینەوە کە خۆشبەختانە ڕێگایەکی تریان بۆ دەرمانکردنی دۆزییەوە. یەکێکی ترم دی کە فیشەک بەر میزەڵدانی کەوتبوو و هەر ئەو ڕۆژە چەند جار نەشتەرگەریی بۆ کرابوو... بۆ خۆم نزیکەی ٧ یان ٨ کەسم بینی کە خەریک بوون دەگوازرانەوە بۆ ژووری نەشتەرگەری. زۆربەی برینداران لە دۆخێکی خراپدا بوون... لەو هەموو بریندارەی جوانرۆ ڕەنگە ٤٠ یان ٥٠ کەس توانییان لە شار بڕۆنە دەرەوە. هەموو ئەوانی تر لە شاردا مابوونەوە و زۆرێکیشیان نەچوونە هیچ ناوەندێکی پزیشکی.»

گەرچی زۆربەی ئەو بریندارانەی لە جوانرۆ چوونە دەرەوە، بەرەو نەخۆشخانە و ناوەندە پزیشکییەکانی کرماشان ڕۆیشتن، بەڵام هەندێکیش بۆ دەرمان چوونە شارەکانی تر.

«ڕ.ن» خێزاندار، مامۆستا و باوکی دوو منداڵە، ڕۆژی ٣٠ی گەڵارێزان بە فیشەکی شەڕ ڕاستەوخۆ تەقەلەرانی کرا، بۆدەرمانکردن برایە نەخۆشخانەی شارێکی نزیک و بە نهێنی دەرمان کرا. قاچی پلاتینی تێ کراوە، هێشتا بە تەواوی چاک نەبووەتەوە و لە بەر سەختیی برینەکە، قاچی کورتتر بووەتەوە و تائێستایش گۆچان بەکاردەهێنێت.

«ئەگەر گومانیان لە ماڵێک بکردایە کە برینداری تێدا دەرمان دەکرێت، هێرشیان دەکردە سەری».

## دەرمانکردنی برینداره‌کان لە ماڵدا؛ جیا لە پەتی دوورینەوە و دەرزی هیچی تر بوونی نییە

دەرمانکردنی بریندارەکان یەکسەر لە ماڵەکاندا دەست پێ دەکات. ژمارەی برینداران زۆرە و کەرەستەی پزیشکی و دەرمانییش کەم و سنووردار. هێزە ئەمنییەکان بەدوای ئەو ماڵ و کەسانەدا دەگەڕێن کە بە هانای بریندارانەوە چوون؛ هەڵدەکوتنە سەر ماڵەکان.

**شایەتحاڵی ژمارە ٥:**

«... ئەگەر گومانیان لە ماڵێک بکردایە کە برینداری تێدا دەرمان دەکرێت، هێرشیان دەکردە سەری. یەکێک لەو ماڵانە نزیک لە ماڵی خۆمانە. ئەوانەیش کە دەیانویست یارمەتیی برینداران بدەن، لە بەردەم مەترسیی جیددیدا بوون.»

برینی هەندێ لە خۆپیشاندەران زۆر قورس و سەختە و یارمەتیدەران و کەرەستەی پزیشکیی بەردەست خەڵکیش کەم. دوای سەرکوتی خوێناوی، هەموو شار گەمارۆ دراوە، لە ڕاستیدا ئیمکانی هاتوچۆ لە هاووڵاتیان بڕاوە، چ بگا بە دابینکردنی کەرەستەی پێویست بۆ دەرمانکردن:

«... جیا لە پەتی دوورینەوە و دەرزی، هیچی ترمان نەبوو، هیچ دەرمانێکی بەنجکردنمان نەبوو. سەرەتا هیچ دەرمانێک نەبوو، هەموو شوێنێک داخرابوو، دەرمانخانەکانیان داخستبوو، هیچمان بەدەست نەدەگەیشت.»

ئەم دۆخە سەربازی و ئەمنییە و کەمبوونی کەرەستەی پزیشکی و خزمەتگوزاریی پزیشکی و دۆخی خراپی بریندارانی ناو ماڵەکان، تەنها بە ڕۆژی ٣٠ی گەلاڕێزانەوە کورت نەبووەوە و ڕۆژانی دواتریش هەمان دۆخ بەسەر شاردا زاڵە. بەڵام سەرەڕای ئەمەیش، تیمە خۆبەخشەکان بە شاراوەیی و لەوپەڕی نهێنیکاریدا ماڵ بە ماڵ بەدوای بریندااراندا دەچن و هەر لەوێ دەرمانیان دەکەن. هێزە ئەمنییەکانیش بەردەوامن لە گەڕان بەدوای برینداران و یارمەتیدەراندا.

**شایەتحاڵی ژمارە ٦:**

«... هێزەکان لە بەرانبەر یارمەتیدەرانی خۆبەخشیشدا توندوتیژییان بەکار دەهێنا، چ لەگەڵ ئەوانەی هەوڵی گواستنەوەی برینداران بۆ شوێنی پارێزراویان دەدا و چ ئەوانەی گومانی یارمەتیدانی دەرمانی و پزیشکییان لێ دەکرا. تەنانەت هەندێ کەسیشیان دەستبەسەر کردبوو و هەڕەشەیان لێ کردبوون کە بۆتان نییە یارمەتیی برینداران بدەن. بە گشتی ناچار بووین ئەوپەڕی پاراستن بگرینە بەر بۆ ئەوەی تۆڕی یارمەتیدان ئاشکرا نەبێت و بتوانین بەر بە مردنی بریندااران بگرین.»

هەمووئاستێکی بریندار بوون لەناو بریندارانی ژێردەرمانی ناو ماڵەکاندا هەیە؛ برینی قووڵ، بچووک و مامناوەندی کە هەر هەموویان لە ڕێی تیمە خۆبەخشەکانەوە و بە نهێنی دەرمان دەکرێن. بەدەستهێنانی دەواودەرمان و کەرەستەی سادەی پزیشکی بۆ تیمە خۆبەخشەکان، کە پێک هاتوون لە پزیشکان و پەرستاران و هاووڵاتیان، بووەتە شتێکی نەکردە و مەحاڵ. هێزە چەکدارەکان هەموو دەروازەکانی شاریان داخستووە و تەنانەت ڕێگری لەو ئامبولانسانەیش دەکەن کە بە مەبەستی یارمەتیدان لە شارەکانی دەوروبەرەوە ڕێگەی جوانرۆیان گرتووەتە بەر:



برینداران لە ماڵەکاندا پەنا دەگرن و بە شێوەی کاتی دەرمان دەکرێن



«... لە دۆخی میلیتاریزەکراوی ئەو ڕۆژانەدا گەیاندنی یارمەتییەکان ئێجگار ئەستەم بوو، دەچووینە ماڵی برینداران، ئەگەر برینەکان قووڵ بوایەن، دەمانگواستنەوە بۆ شوێنەکانی تر، هەندێ شوێنمان تەیار کردبوو بۆ دەرمانکردنی برینە قووڵەکان.»

دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵ و دیمەنی سەرکوتکردنی خوێناویی جوانرۆ، ڕێژەی بەرزی برینداران و پێویستیی بەپەلەی خەڵکی شار بە دەرمان و کەرەستەی پزیشکی، هاووڵاتیانی شارە جیاوازەکانی ئێران لە هاوپشتییەکی سەرانسەریدا دەستیان کرد بە هەناردنی یارمەتییەکان بۆ جوانرۆ، بەڵام کۆنترۆڵ و چاودێریی هەمەلایەنەی هێزە چەکدار و ئەمنییەکان وای کردووە یارمەتییەکان بە ئاسانی نەگەنە بەردەستی برینداران و تیمە خۆبەخشەکان.

### شایەتحاڵی ژمارە ٦:

«... هەندێ لە خەڵک کە ئاگایان لە دۆخی نەخۆشخانەکەی شار نەبوو، یارمەتییەکانیان ڕادەستی ئەوێ کردبوو، بەڵام بە داخەوە، هێزە ئەمنییەکان دەستیان بەسەردا گرتن و نەیانهێشت بەکار بهێنرێن. دەستیان بەسەر دەواودەرمانێکی ئێجگار زۆردا گرت.»

تیمە خۆبەخشەکان بۆ گەیاندنی دەواودەرمان و کەرەستەی پزیشکیی پێویست، ناچارن ئەو پێداویستییانە لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە و زۆر بە سەختی بگەیەننە دەستی پەرستاران و پزیشکەکان. لە یەکێک لە حاڵەتەکاندا پێداویستییەکان بە ناچار بەسەر بەستەی بچووکدا دابەش

دەکەن و لە گوندێکی نزیک لە شار دەیشارنەوە، دواتر وردەوردە و بە چەندین جار لە ڕێگەی لاوەکی و هەندێ جاریش بەپێی پیادە دەیانگوازنەوە بۆ ناو شار: «... لەبەر کەشی زۆر قورسی ئەمنی، بە ناچار ئەوپەڕی نهێنیکاریمان گرتە بەر، بۆ وێنە، پارمەتییەکانمان لە شوێنێکدا دەشاردنەوە و وردەوردە لە حەشارگەکان دەرمان دەهێنان و بەکارمان دەهێنان. هەروەها بۆ گواستنەوەی پەرستارەکان و پزیشکەکان نهێنیکارییەکی ئێجگار زۆرمان گرتبووە بەر.»

**لەبەر کەشی زۆر قورسی ئەمنی، بە ناچار ئەوپەڕی نهێنیکاریمان گرتە بەر، بۆ وێنە، پارمەتییەکانمان لە شوێنێکدا دەشاردنەوە و وردەوردە لە حەشارگەکان دەرمان دەهێنان و بەکارمان دەهێنان.**

## ٤٥ گوللەی ساچمە لە قاچی پیرەپیاوێکی ٧٣ساڵاندا

قووڵبوون و ڕێژەی برینەکانی ئەوانەی وا بە فیشەکی شەڕ بریندار بووبوون، هێندە زۆرە کە دەرمانکردنی ئەوانەی بە ساچمە بریندار بوون، ناخرێتە ئەولەوییەتەوە. زۆرینەی ئەوانەی بە ساچمەی هێزەکانی سوپا پێکرابوون، هەر لە ماڵەکاندا و بە کەمترین کەرەستەوە دەرمان کران، هەندێکیان تا ئێستایش و دوای تێپەڕینی چەندین مانگ بەسەر برینداربوونیاندا، هێشتا نەیانتوانیوە ساچمەکان لە جەستەیان دەربێنن.

هاووڵاتییەکی ٧٣ ساڵان یەکێکە لە بریندارانی ٣٠ی گەلاڕێزان کە ناچار بووە هەر لە ماڵەوە خۆی دەرمان بکات. ئەو لە ڕێگەی گەڕانەوە لە گۆڕستان، لەگەڵ خەڵکەکەدا دەگاتە شەقامی بێهدارێ، لەبەر ئەوەی لە بەساڵاچوانی ناو جەماوەرەکە بووە، لەگەڵ چەند هاوتەمەنێکی دیکەیدا بڕیار دەدەن بەرەو هێزە چەکدارەکان بڕۆن و داوایان لێ بکەن واز لە سەرکوتکردنی توندوتیژی خەڵک بهێنن. بەڵام چەکدارەکان درێژە بە دەسڕێژی چڕو بەردەوامی خۆیان دەدەن.

**هاووڵاتیی ٧٣ساڵان، شایەتحاڵی ژمارە ٢٢:**

«... خەڵکەکە ئێجگار زۆر بوو و هەر ئەمەیش بووبووە هۆی تۆقانی هێزە ئەمنییەکان. لە ناو خەڵکەکەدا

ژن و پیاو و پیر و لاو و منداڵی تێدا بوو، بەڵام مەگەر بۆ هێزە ئەمنییەکان هیچ گرنگ بوو؟! رەحمیان بە کەس نەدەکرد... هەرکەسە و بەدوای شوێنێکدا دەگەڕا گیانی ڕزگار بکات... منیش لە کاتی گەڕانەوەدا بۆ ماڵەوە، لە شەقامی بێهداری بریندار بووم، ٤٥ ساچمە بەر قاچەکانم کەوتن.»

ئەم هاووڵاتییە ٧٣ ساڵەیە بە یارمەتیی چەند کەسێک دەگاتەوە ماڵ. دۆخی قورسی ئەمنی و مەترسیی دەستگیربوون دەبێتە هۆی پەشیمانبوونەوەی لە چوونەنەخۆشخانە و لەسەر پێشنیازی منداڵەکان و نزیکانی، هەر لە ماڵەوە دەرمان دەکرێت:

«... یەک حەفتەی تەواو بە دەست ئازارەوە دەمناڵاند و حاڵم هیچ باش نەبوو، بەڵام وردەوردە هەر لە ماڵەوە چاک بوومەوە. یەک لە کچەکانم لە هیلال ئەحمەر [مانگی سوور] چووبووە خولی برینپێچی و تۆزێکیش کەرەستەی برینپێچانمان هەبوو، براکەم و هاوڕێیانی دیکەیش تۆزێ کەرەستەی تریان پەیدا کرد و چاکتر بووم.»

# بەشی چوارەم
# جوانرۆ؛
# ئەو دەمەی میلەکانی زیندان
# بە دەوری هەموو شاردا تەنراوە



ڕۆژی ١٦ی ڕەزبەری ساڵی ١٤٠١ گردبوونەوەیەکی نارەزاییانەی گەورەی خوێندەڤانان لە جوانرۆدا دروست بوو. دوای ئەم ڕۆژە بوو کە دامودەزگا ئەمنی و دادوەرییەکان دەستیان کرد بە ناسینەوە و دەستبەسەرکردنی هاووڵاتیان. لە ماوەی نێوان ١٦ی ڕەزبەر تا دوای ڕێورەسمی چلەی گیانبەختکردوان (١٠ی بەفرانبار)، لایەنی کەم ٨٩ کەس لە هاووڵاتیانی جوانرۆ لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستبەسەرکران. لەم ژمارەیە لایەنی کەم ٢٦ کەسیان تەمەنیان خوار ١٨ ساڵ بوو. زۆربەی ئەم دەستبەسەرکردنانە بەبێ ڕەچاوکردنی ڕێکارە یاساییەکان، لەگەڵ توندوتیژی، هەڕەشە و بێڕێزیکردندا بووە و بە تەواوی بە شێوازی ڕفاندن رووی داوە. لێپرسینەوەکان لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئاوێتەی ئەشکەنجە، هەڕەشە، بێڕێزی و سووکایەتی بووە و ژمارەیەک لە دەستبەسەرکراوان پەردەیان لە سەر ئەشکەنجەی جەستەیی و ڕۆحی لە کاتی لێپرسینەوەکاندا هەڵدایەوە.

یەک لەو کەسانەی کە دوای خۆپیشاندانەکانی ١٦ی ڕەزبەر دەکەوێتە ژێر چاودێری و هەڕەشەی هێزە ئەمنییەکانەوە، بەهائەدین وەیسیی ١٦ ساڵانە. هێزە ئەمنییەکان ڕۆژێک دوای ئەو خۆپیشاندانە، بە مەبەستی دەستبەسەرکردنی بەهائەدین هێرش دەکەنە سەر ماڵی باوکی کە بەرگریکردنی براکەی، حیسامەدین، دەرفەتێک بۆ هەڵاتنی ئەو دەڕەخسێنێت.

## هێرشی هۆڤانەی جلوبەرگ مەدەنییە دەمامکدارەکان و ڕفاندن بە شەو

«ب. ر» ٥٣ ساڵان، بەرەبەیانی ڕۆژی ١٧ی ڕەزبەر (٩ی ئۆکتۆبر)، نزیک چوار و نیوی دەمەوبەیان، بە دەنگی شکانی شووشەی پەنجەرەکان خەبەری دەبێتەوە. «ب. ر» و هاوژینەکەی کاتێک لە ماڵ دێنە دەر، لەگەڵ زیاتر لە ٧ هێزی جلوبەرگ مەدەنیدا ڕووبەڕوو دەبنەوە کە سەرجەم مەودای قادرمەکانیان پڕکردووە. هێزە جلوبەرگ مەدەنییەکان هێندە باش دەموچاویان داپۆشیوە کە لە ناسینەوە نایەن.

## سەرچاوەیەکی ئاگادار لە هێرشی هێزە ئەمنییەکان بۆ سەر ئەم ماڵە و دەستبەسەرکردنی «ب. ر» دەڵێت (شایەتحاڵی ژمارە ٢٣):

«زۆر کەڵەگەت و ترسناک بوون. خەڵکی ماڵەکە دەیانویست بە هاوار و قیژە بەر بە دەستبەسەرکردنی «ب. ر» بگرن، لەگەڵ هێزەکاندا کەوتنە دەمەقرە و کەمێک تێکهەڵچوون ڕووی دا. «ب. ر» بە توورەییەوە ڕووی کردە هێزە جلوبەرگ مەدەنییەکان و وتی ئێوە زۆر بێڕێزانە هاتوونەتە نێو شوێنی تایبەتی ئێمەوە و لێی پرسین ئێوە سەر بە کام دەزگان؟»

هێزەکان هەر لەبەر ئەم پرسیارە بەر دەبنە گیانی «ب. ر» و بە لێدان و بێڕێزی و سووکایەتی دەستگیری دەکەن، ٦ بۆ ٧ هێزی جلوبەرگ مەدەنی هەتا کاتێک دەیخەنە ناو ئۆتۆمبیلەوە، بە مست و لەقە و قۆنداغی تفەنگ و باتوم لێی دەدەن:

«هێزە ئەمنییەکان تەنانەت لەو حاڵە تۆقێنەرەیشدا هۆشدارییی حیجابیان بەو ژنانە دەدا کە لەچکیان بە سەرەوە نەبوو و دەیانوت شتێک بکەنە سەرتان!»

نزیکەی ٦ بۆ ٧ ئۆتۆمبیلی پژۆ لە ناو کۆڵانەکەدان. ئەشکەنجەدانی قورسی «ب. ر» دەبێتە هۆی هاوار و قیژەی هاوژینەکەی و هاوەڵانی و هەر ئەمەش وا دەکا دراوسێکان بە خەبەر بێنەوە و بڕۆنە ناو کۆڵانەکە. هێزەکان ناهێڵن خەڵک کۆببنەوە و بە چەک هەڕەشەیان لێ دەکەن.

«ب. ر» لە ڕێپێوانەکەی ڕۆژی ١٦ی ڕەزبەردا نەبوو و تەنها لەبەر بەرگریکردن لە براکەی دەستبەسەر کرا؛ براکەیشی لەبەر ئەوە دەستبەسەر کرابوو کە دوای ئەوەی خۆپیشاندانەکەی کچان و کورانی خوێندەڤان بەرەو توندوتیژی برا، هەوڵ دەدا بەر بە خوێندەڤانەکان بگرێت و داوایان لێ بکات بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانیان، چونکوو ئەگەری برینداربوون یان کوشتنیان گەلێ زۆر بوو. یەک لە سیخورەکانی شارگە لەوێ بووە، فیلمی لێ هەڵدەگرێت و دەیدا بە هێزە ئەمنییەکان. لە ئیدارەی ئیتلاعاتی شار لێپرسینەوە لەم دوو برایە دەکرێت:

«هیچ تۆمەتێک لەسەر «ب. ر» لە ئارادا نەبوو. دادوەری ئێشکگریش (خەفەر) وتبووی ئەم کەسە هیچی نەکردووە، بۆچی لێرەیە. هەربۆیە هەمان ڕۆژ و دوای چەند کاتژمێرێک ئازاد کرا، بەڵام براکەی تا دە ڕۆژ دەستبەسەر بوو. دواتر تێ گەیشتین کە بۆ «ب. ر»یش دۆسیەیەک کراوەتەوە و بانگهێشتی دادگا کرا. بەڵام لە دادگا وتیان تۆبێتاوانیت و کێشەیەکت نییە. کەچی سەرەڕای ئەوەیش، بانگهێشت کرا بۆ شۆرای سەرپێچییە ئیدارییەکان و داوایان کردبوو حوکمەکەی دادگایان بۆ ببات تا بەپێی بڕیاری دادگا ئەوانیش بڕیاری لەسەر بدەن.»

بەڵام هەواڵی دەستبەسەرکردنی ئەم دووبرایە زۆر خێرا بڵاودەبێتەوە و هێزە ئەمنییەکان گوشار دەخەنە سەر بنەماڵەکە، دەڵێن دەرگای ماڵەکەتان دابخەن و کەس بۆی نییە هاتوچۆی ماڵتان بکات.

براکەی «ب. ر» لە کاتی دەستبەسەربووندا ئامادە نییە پارێزەر دیاری بکات، چونکوو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە هیچ تاوانێکی نەکردووە و دەتوانێ لە دادگادا بەرگری لە خۆی بکات. ئەو شەش ڕۆژ لە ژووری تاکەکەسی ئیدارەی ئیتلاعاتی جوانرۆ دەمێنێتەوە و پاشان ڕەوانەی زیندانی دیزلئاوای کرماشان دەکرێت و چوار ڕۆژیش لەوێ دەمێنێتەوە.

لە فیلمی سیخورەکەی وەزارەتی ئیتلاعاتدا کچەکەیشی لەگەڵیدا بووە، دەناسرێتەوە؛ بیانوویەک بۆ هەڕەشە و گوشاری نەبراوە و وتنی بەردەوامی ئەو ڕستەیە کە «ئێستە دەڕۆین تەنها منداڵەکەیشت دەستبەسەر دەکەین.» زیاترین قورسایی ئەشکەنجەدانی ڕۆحیی ئەم هاووڵاتییە دەستبەسەرکراوە هەر لەم ڕستەیەوە دێت.

### بەدیلگرتنی برینداران و ئەشکەنجەدانی جەستە بریندارەکان

ڕۆژانی ٢٩ و ٣٠ی گەلاڕێزان بە دەیان هاووڵاتی لە خۆپیشاندانە جەماوەرییەکاندا دەستبەسەر کران. هەندێکیان دوای برینداربوون لە شەقامەکاندا ڕفێنران. نەجمەدین وەیسی، برای گیانبەختکردوو بەهائەدین وەیسی، یەک لەم کەسانەیە. نەجمەدین هەرچەند کە دوای دەسرێژکردن لە ئۆتۆمبیلەکەیان بە قورسی بریندار بووە، بە توندوتیژترین شێوە لە هەمان شوێنی ڕووداوەکەدا دەڕفێنرێت و دەبرێتە بنکەی تیپی ئەنسارولڕەسوول یان هەمان سوپای جوانرۆ. ڕفاندنی نەجمەدین لە هەمان یەکەم ساتەکانەوە دەبێتە هۆکارێک بۆ گوشارخستنە سەر بنەماڵەی وەیسی؛ گوشار بۆ بەڕێوەنەبردنی ڕێورەسمی ئەسپەردەکردنی بەهائەدین یەک لەو هەڕەشانەیە. ئەوان بە درۆ بەڵێن دەدەن ئەگەر بێدەنگ و ئارام بەهائەدین ئەسپەردە بکەن، ئەوا نەجمەدین ئازاد دەکرێت. بەڵام هێزە ئەمنییەکان دوای ئەسپەردەکردنی بەهائەدین کە لە بێدەنگیی تەواودا بەڕێوە چوو، نەك تەنها نەجمەدین ئازاد ناکەن، بەڵکوو سەرەڕای سەختبوونی برینەکانی، لەژێر لێپرسینەوەی فراوان و زۆر توندوتیژدا ناچاری دەکەن لە بەردەم کامێرادا قسە بکات. لەو ددانپێدانانە زۆرەملێیەدا کە ڕۆژانی دواتر لە تەلەڤیزیۆنی پارێزگای کرماشانەوە بڵاو کرایەوە، نەجمەدین ناچار دەکرێت بڵێت کە «کوژرانی بەهائەدین و برینداربوونی خۆی، کاری حیزبەکانی دەرەوەی وڵات بووە و کاری سوپا نەبووە.»

«و. س»ی ٢٠ ساڵانیش کە دوای برینداربوون بە گوللەی دۆشکە دەڕفێنرێت و سەرەڕای ناجێگیربوونی دۆخەکەی، لە نەخۆشخانەدا لێپرسینەوەی لێ دەکرێت، یەکێکی ترە لەو کەسانەی کە لە خراپترین دۆخ و بە توندوتیژترین شێوە لە لایەن هێزەکانەوە بە دیل دەگیرێت.

یەک لەو هاووڵاتیانەی کە ڕۆژی ٣٠ی گەلاڕێزان دەستبەسەر کرا، «م. ک» هاووڵاتیی ١٩ ساڵانە کە دەزگای ئیتلاعاتی سوپای پاسداران دەستبەسەری دەکەن و ١٥ ڕۆژ لە بەنددا دەمێنێتەوە.



یەک لە برینداران پێش دەستبەسەرکردن دەکەوێتە بەر پەلامار و لێدانی هێزەکانی سوپای پاسدارانەوە

«م. ک» لە دوو ڕۆژی یەکەمی دەستبەسەربووندا بە چاوی بەسراوەوە بەردەوام ئەشکەنجە دەدرێت.

«و. س»ی ٢٠ ساڵانیش کە دوای بریندار‌بوون بە گوللەی دۆشکە دەرفێنرێت و سەرەڕای ناجێگیربوونی دۆخەکەی، لە نەخۆشخانەدا لێپرسینەوەی لێ دەکرێت، یەکێکی ترە لەو کەسانەی کە لە خراپترین دۆخ و بە توندوتیژترین شێوە لە لایەن هێزەکانەوە بە دیل دەگیرێت.

یەک لەو هاووڵاتیانەی کە ڕۆژی ٣٠ی گەڵاڕێزان دەستبەسەرکرا، «م.ک» هاووڵاتیی ١٩ ساڵانە کە دەزگای ئیتلاعاتی سوپای پاسداران دەستبەسەری دەکەن و ١٥ ڕۆژ لە بەندادا دەمێنێتەوە.

«م. ک» لە دوو ڕۆژی یەکەمی دەستبەسەربووندا بە چاوی بەسراوەوە بەردەوام ئەشکەنجە دەدرێت.

**هێزە ئەمنییەکان دوای ئەسپەردەکردنی بەهائەدین کە لە بێدەنگیی تەواودا بە ڕێوە چوو، نەك تەنها ئەحمەدین ئازاد ناکەن، بەڵکوو سەرەڕای سەختبوونی برینەکانی، لەژێر لێپرسینەوەی فراوان و زۆر توندوتیژدا ناچاری دەکەن لە بەردەم کامێرادا قسە بکات.**



یەک لە هاووڵاتیانی جوانڕۆ کە ڕۆژی چلەی گیانبەختکردوان لە شەقامدا دەستبەسەر کرا

### کەسێکی ئاگادار لە بارودۆخی «م. ک» (شایەتحاڵی ژمارە ٢٤):

«ئەوەندەیان لێ دابوو کە هەموو لەشی شین و مۆر بووبووەوە. دەیوت لەژێر گوشارێکی ئێجگار زۆردا بووم کە بڵێم ڕەوتە سیاسییەکانی دەرەوەی وڵات فریویان داوم. جیا لە ئەشکەنجە و لێدانی فراوان بە مست و لەقە و کێبڵ، بەردەوام گونەکانیان گووشیوە کە وەک خۆی دەیوت، ئازارەکەی لە توانای بەدەر بووە. یەکێکی تر لە ئەشکەنجەکانیش ئەوە بووە کە بە زۆر ناچاری دەکەن بەردەوام ئاو بخواتەوە، بەڵام ناهێڵن بڕواتە توالێت. خۆتەڕکردن دەبێتە هۆکارێکی تر بۆ بێڕێزیکردن و گاڵتەکردنیان بە م. ک.»

لە ماوەی دەستبەسەربووندا، هەڕەشە لە بنەماڵەی «م. ک» دەکرێت کە نابێ هەواڵی دەستبەسەربوونی کوڕەکەیان بڵاو بکەنەوە. دوای ١٥ ڕۆژ کە هیچ بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی تاوانباربوونی «م. ک»ی ١٩ ساڵان نادۆزنەوە، بە بارمتە ئازادی دەکەن.

## لە ڕفاندنەوە لە بەرچاوی دایکەکاندا تا هەڕەشەی لەسێدارەدان

دەستبەسەرکردنی هاووڵاتیانی جوانڕۆ هاوکات لەگەڵ چلەی گیانبەختکردواندا تۆختر دەبێتەوە.

هێزە ئەمنییەکان لە ڕۆژانی ١١، ١٢ و ١٣ی بەفرانباردا (١، ٢ و ٣ی ژانڤییەی ٢٠٢٣) لایەنی کەم ١٠ هاووڵاتی بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و نایاسایی دەستبەسەر دەکەن.

«ح. م»، هاووڵاتیی ١٩ ساڵان، یەکێکە لە دەستبەسەرکراوانی دوای ڕۆژی چلە. هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی جوانڕۆ کاتژمێر ٣ی نیوەشەوی ١٣ی بەفرانبار بە چەند ئۆتۆمبیلێکی ڤەنی ڕەش (کاروان) هەڵدەکوتنە سەر ماڵەکەیان و بە پەلامار و لێدان و بێڕێزیکردن لە بەر چاوی دایکیدا دەستبەسەری دەکەن.

**کەسێکی ئاگادار لە بارودۆخی «ح. م» (شایەتحاڵی ژمارە ٢٥):**

«... هەرچی دایک وئەندامانی تری بنەماڵەکەی هەوڵیان دابەربە دەستبەسەرکردنی بگرن، هیچیان پێ نەکرا. تەنها ژێرکراسییەکی رکابی (فانیلەی عەلاگە)ی لەبەردابووونەیانهێشت هیچی ترلە بەربکات. لەوسەرمایەدابەوفانیلەیەوەدەستبەسەرکرا، بەلێدان وچاوودەستی بەسراوەوە. لەناوئۆتۆمبیلەکەدا چاویان بەستبوو و دەستەکانیشیان بە سەقفی ئۆتۆمبیلەکەوە بەستبۆوە، هەمووەمووەدای زیاتر لە ٩٠ کیلۆمەتریی نێوان جوانرۆ بۆ کرماشان ئاوا بووە. نەیتوانیوە دانیشێت و دەستی فشارێکی زۆری لەسەر بووە، بە جۆرێک کە هەردوو دەستەکەی بە تەواوی ئاوسابوون و دوای ماوەیەک بە تەواوی سڕببوون و هەستی بە هیچ شتێک نەکردبوو. هێندەی نیگەرانی لەکارکەوتنی هەمیشەیی دەستەکانی بووە، نیگەرانی دەستبەسەربوونەکەنەبووە.»

«ح. م» دەبرێتە ناویەکێک لە ئۆتۆمبیلەکانەوە. تەنیانییە ولایەنی کەم ٧ کەسی دیکەیشی تێدایە. هێزەکان ناهێڵن بەیەکەوەقسەبکەن:

«... لەبەر ئەوەی بە فانیلەکەی خۆی چاویان بەستببوو، توانیبووی خەڵکەکەی تر ببینێت. هەموویان برابوونە دەستبەسەرگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی کرماشان لە مەیدانی نەفت. لەکرماشانیش بەسەختی ئەشکەنجەدرابوو، بەڵام دەستەکانیان کردبووەوە و ئەمەی لا هەستێکی خۆش بووە. بەڵام ئەیوت زۆر ترساوە نەکائیدی دەستەکانی کارنەکەن.»

«ح. م» لە دەستبەسەرگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی کرماشاندا بە توندی دەکەوێتە بەرپەلامارو لێدان، هێزەکان بەمست و لەقە وسووکایەتیی فراوان دەیخەنەناوژوورێکی تاکەکەسییەوە:

«... خۆی دەیوت ژوورێکی تەواو سارد و پیس و پۆخڵ و بۆگەن، بۆنی لاکی سەگی تۆپیوی لێ هاتووە. بەلۆعەیەکی بچووکی ئاوی هەبووە کە ئاوەکەی بە هیچ شێوەیەک بۆ خواردنەوە نەشیاوە، بۆنی زێرابی لێ هاتووە. ژوورەکە بەتانییەکی پیسی لێ بووە و گڵۆپێکیش کە بەردەوام کوژاوەتەوە و هەڵکراوەتەوە. دەیوت هیچی لا گرنگ نەبووە، چونکوو تێگەشتبوو کە جارێ لەوێ دەبێت. هەر بۆیە هیچ نارەزایەتییەکی دەرنەبریبوو. گڵۆپەکە نەیهێشتبوو بخەوێت. هەر بۆیە ناچار بووە بەتانییە پیس و بۆگەنەکە بەسەر خۆیدا بدات. هەر کە وای کردووە، بە مست و لەقە نیشتوون بە دەرگاکەوە و وتوویانە بۆت نییە بەتانییەکە بەسەر خۆتدا بکێشیت، نەیانهێشتبوو بخەوێت.»

«ئەگەرچی بە دایکیان وتبوو پێی بلێت ددان بەو شتانەدا بنێت کە ئەوان داوای دەکەن، بەڵام دایکی هیچ شتێکی تایبەتی پێ نەوتبوو و بەردەوام وتبووی ئاگات لە خۆت بێت».

لە رۆژی دواترەوە لێپرسینەوەکان دەست پێ دەکەن. هێزەکان کە دەستیان بەسەر مۆبایلەکەی «ح. م»دا گرتووە، بەردەوام لە لێپرسینەوەکاندا لە ناوی ئەو کەسانە دەپرسن کە لە مۆبایلەکەیدا سەیڤ کراون:

«... لە لێپرسینەوەکاندا بەردەوام بە مست و لەقە لە سەر و دەموچاویان داوە. بەڵام یەکێک لە لێپرسەوەکان میهرەبانتر بووە، ئیجازەی پێ دابوو دوای ٦ رۆژ بە تەلەفۆن لەگەڵ دایکیدا قسە بکات. ئەگەرچی بە دایکیان وتبوو پێی بلێت ددان بەو شتانەدا بنێت کە ئەوان داوای دەکەن، بەڵام دایکی هیچ شتێکی تایبەتی پێ نەوتبوو و بەردەوام وتبووی ئاگات لە خۆت بێت.»

«ح. م» دوای ٦ رۆژ بەبێ پارێزەر و لەگەڵ چەند کەسێکی دەستبەسەرکراوی تردا دەچێتە دادگا. دوای دادگاکە هەموویان دەگوێزرێنەوە بۆ زیندانی دیزڵئاوای کرماشان:

«... لە ناو ئۆتۆمبیلەکەدا بەردەوام پێیان وبتوون حوکمەکەتان ئێعدامە. دەیوت چەند دەستبەسەرکراوێک کە وا دیار بوو کەمتەمەنن (چاوی بەسرابوو و روومەتیانی نەدیبوو)، زۆر ترسابوون و دەستیان کردبووە گریانی بەکوڵ و پارانەوە کە لە سێدارەیان نەدەن. کاتێک ئەوەی بینیبوو، بە توندی دەنگی هەڵبریبوو کە بۆچی یاری بە ڕۆح و دەروونیان دەکەن، هەر لەبەر ئەمە لە ڕێگەی نێوان دادگا بۆ زیندانی دێزڵئاوادا دیسان بە سەختی لێیان دابوو.»

«ح. م» ۲٥ ڕۆژ لە زیندانی دیزڵئاوا دەمێنێتەوە و دواجار بە دانانی بارمتە ئازاد دەکرێت:

«... بە قسەیەک دەیانوت کەوتووەتە بەر لێخۆشبوونەکەی ڕێبەر، بەڵام ئێمە دەمانزانی هیچیان دەست نەکەوتووە و هەر بۆیە ئازادیان کردووە. دوای ئازادبوونی لە بنەماڵەکەیم بیست کە هێزەکانی ئیتلاعات پێوەندییان پێوە کردوون تاکوو کورەکەیان ناچار بکەن دەدان بە تاوانباربوونی خۆیدا بنێت. بۆ وێنە، بلێت حیزبەکان فریویان داوە، ئەگینا خۆی نەیویستووە لە خۆپیشاندانەکاندا بەشداری بکات. وتبوویان ئەم ددانپیانانە بۆ داهاتووی کورەکەتان باشە.»

**دەستبەسەرکردنی هەڕەمەکی و سەپاندنی سزای ۱۷ ساڵ بەندکران لەبەر وتاردان لە ڕێوڕەسمی ئەسپەردەکردنی عیرفان کاکاییدا**

یەک لە دەستبەسەرکراوانی جوانرۆ، مامۆستا سەیفوڵڵا حسەینی بوو؛ بەرنوێژی مزگەوتی خاتەمولئەنبیای شاری جوانرۆ و ئەندامی شۆرای ڕێبەریی مەکتەب قورئانی کوردستان کە لەبەر وتاردان و ئاخافتن لە ڕێورەسمی ئەسپەردەکردنی عیرفان کاکاییدا، کەوتە بەر غەزەب و هەڕەشەی دامودەزگا ئەمنییەکان و مانگێک پاش ڕۆژی ئەسپەردەکردنی ئەو گیانبەختکردووە و لە ڕەوتێکی نایاساییدا دەستبەسەر کرا و دواجار سزای ۱۷ ساڵ بەندکرانی بەسەردا سەپا.

## کەسێکی نزیک لە مامۆستا سەیفوڵڵا حسەینی لەسەر شێوازی دەستبەسەرکردنەکەی ئاوا دەڵێت (شایەتحاڵی ژمارە ۲٦):

شەوی ۲۲ی سەرماوەز (۱۳ی دیسامبەر) هێزەکانی دەزگای ئیتلاعاتی سوپای پاسداران هەڵیانکوتایە سەر ماڵەکەی مامۆستا سەیفوڵڵا و وێڕای شکاندنی دەرگا و شووشەی پەنجەرەکان، مامۆستایان دەستگیر کرد. هەروەها خاتوون قادریی هاوسەری مامۆستایش کەوتە بەر پەلامار و لێدانی هێزە ئەمنییەکان و دەستی بریندار بوو.»

هەر کە خەڵکی شار لە دەستبەسەرکردنی مامۆستا سەیفوڵڵا ئاگادار دەبنەوە، بە سەدان هاووڵاتی هەر بەو شەوە لە بەردەم قایمقامیەت (فەرمانداری) و ئیدارەی ئیتلاعاتی جوانرۆ کۆ بوونەوە و داوای ئازادکردنی دەسبەجێی مامۆستادەکەن.

هێزەکانی دەزگای ئیتلاعاتی سوپای پاسداران مامۆستا سەیفوڵڵا دەبەن بۆ دەستبەسەرگەی ئەم دەزگا سەربازی-ئەمنییە لە کرماشان و دوای نزیکەی دوو حەفتە لێپرسینەوە دەیگوێزنەوە بۆ ژوورێکی تاکەکەسی لە زیندانی ناوەندیی هەمەداندا:

«بە دەستووری دەزگای ئیتلاعاتی سوپای پاسداران، مامۆستا سەیفوڵڵایان گواستبووەوە بۆ ژووری تاکەکەسیی زیندانی ناوەندیی هەمەدان و بۆ ماوەی نزیک بە ٤٠ ڕۆژ لە ژوورێکی سارددا و بەبێ هیچ ئامێرێکی گەرمکەرەوە ڕایانگرتبوو.»

مامۆستا سەیفوڵڵا حسەینی ڕۆژی ٥ی ڕێبەندانی ۱٤٠۱ (۲٦ی ژانڤییەی ۲٠۲۳) لە حاڵێکدا کە مافی دیاریکردنی پارێزەری هەڵبژێردراوی خۆیی لێ زەوت کرابوو، بە تۆمەتی «هەوڵدان بۆ تێکدانی ئاسایشی نیشتمانی لە ڕێگای ئەندامبوونەوە لە جووڵانەوەی ئایینیی مەکتەب قورئانی کوردستاندا»، «بانگەشەی دژ بە حکومەت»، «تێکدانی ئارامیی گشتی»، «هاندانی خەڵک بۆ تێکدانی ئاسایشی وڵات» و «سووکایەتیکردن بە دامەزرێنەر و ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران» بە گشتی سزای ۱۷ ساڵ بەندکران، ۷٤ قامچی، داماڵینی جلوبەرگی مامۆستایەتی و دوو ساڵیش دوورخستنەوە بۆ شاری ئەردەبیلی بەسەردا سەپا.

# بەشی پێنجەم

# جوانرۆ؛

# سەرکوتکردنی منداڵانی شار لە پاییزی بێگەڕانەوەدا



لەگەڵ دەسپێکردنی خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی جوانرۆدا، منداڵانی خوار ١٨ ساڵی دانیشتووی ئەم شارە بوونە ئامانجی سەرکوتکردنی توندی دامودەزگا سەربازی و ئەمنییەکان. بەهائەدین وەیسی، مێرمنداڵی ١٦ ساڵان، ڕۆژی ٢٩ی گەلاڕێزان کوژرا. ئامارێکی ورد و تەواو لەسەر منداڵانی بریندار ناو خۆپیشاندانەکان لە بەردەستدا نییە، بەڵام بەپێی مەزەندەی شایەتحاڵە مەیدانییەکان، زیاتر لە ١٠ منداڵ بریندار بوون. سەرکوتکردنی منداڵانی جوانرۆ تەنها لە ڕۆژانی ٢٩ و ٣٠ی گەلاڕێزاندا نەبوو، بەڵکوو چەندین حەفتە پێشتر و هاوکات لەگەڵ دەسپێکردنی خۆپیشاندانەکان لە ڕۆژی ١٦ی ڕەزبەردا شەپۆلی ڕەشبگیری و دەستبەسەرکردنی سەرەڕۆیانە و هەرەمەکیی منداڵانی جوانرۆ دەستی پێ کردبوو. دوای خۆپیشاندانەکانی ڕۆژی ١٦ی ڕەزبەر، کە بە گردبوونەوەی کچان و کورانی دواناوەندی دەستی پێ کرد، گوشارە ئەمنییەکان و هەڕەشەی سەر خوێندەڤانان پەرەی سەند و هێزە ئەمنییەکان بە ڕێگەی جۆراوجۆردا خوێندەڤانانی بەشداربوویان ناسییەوە و ژمارەیەک لە قوتابیانی دواناوەندیی قوتابخانەکانی شاریان دەستبەسەر کرد.

بە وتەی «شایەتحاڵی ژمارە ٢٧» کە کەسێکی نزیکی بەهائەدین وەیسییە، هەمان ئەو منداڵە ١٦ ساڵەیەی ڕۆژی ٢٩ی گەلاڕێزان گیانی بەخت کرد، هێزە ئەمنییەکان لە هەمان یەکەم ڕۆژی خۆپیشاندانەکانەوە (١٦ی ڕەزبەر) بەدوای بەهائەدینەوە بوون.

**شایەتحاڵی ژمارە ٢٧:**

«جارێک کاتژمێر ٣ی نیوەشەوی ١٨ی ڕەزبەر (١٠ی ئۆکتۆبەر) هێرش دەکەنە سەر ماڵەکەیان تا دەستبەسەری بکەن. بەهائەدین بە یارمەتیی براکەی هەڵدێت و نزیک بە یەک مانگ و نیو بە نهێنی دەژی.»

ڕێک لەم ماوەدا ٤٥ ڕۆژییەدا کە بەهائەدین لە دەستی هێزە ئەمنییەکان هەڵدێت و خۆی دەشارێتەوە، هەندێ لە هاوتەمەنەکانی لە ڕێگەی ماڵەوە یان خوێندنگەدا دەستبەسەر دەکرێن. زۆربەی حاڵەتەکانی ئەم زنجیرە دەستبەسەرکردنە نموونەی دیار و تەواوی ڕفاندن بوون. هەندێ لە دەستبەسەرکراوان باسی ئەشکەنجەی جەستەیی و ڕۆحی لە قۆناغی دەستبەسەربووندا دەکەن.

**«... لە ئیدارەی ئەماکن زیاتر لە دە دەقە لێیان دابوو. دواتر دەستیان بەستبووەوە و بە دەسکی گسک هەتا توانیبوویان لێیان دابوو. قۆڵ و شانەکان و پشتی بە تەواوی شین و مۆر ببوونەوە».**

## ڕفاندن لە پۆلی خوێندندا و هەڕەشەی دەستدرێژیکردن

«ک. ئەلف» خوێندەڤانی ١٧ ساڵانی پۆلی دوازدەیە، ئەویش وەک زۆرێکی تر لە خوێندەڤانان لە خۆپیشاندانەکەی ١٦ی ڕەزبەردا بەشدار بووە. ٢١ ڕۆژ دواتر، واتە ڕۆژی ٧ی گەلاڕێزان (٢٩ی ئۆکتۆبەر)، کاتژمێر ٢ی دوانیوەڕۆ، هێزەکانی ئیدارەی ئەماکن هێرش دەکەنە سەر خوێندنگەکەی تا ئەم خوێندەڤانە ١٧ ساڵەیە بگرن.

**کەسێکی نزیک لە «ک. ئەلف» بەم جۆرە چیرۆکی دەستبەسەرکردنی دەگێڕێتەوە (شایەتحاڵی :ژمارە ٢٨)**

«... یەکێکیان ویستبووی دەستی بگرێت، لە دەستی دابوو و هەڵاتبوو. بە ئۆتۆمبیل کەوتبوونە دوای و لێیان دابوو، فڕێ درابووە سەر عەرزەکە و ئیتر نەیتوانیبوو هەڵبێت.»

«ک. ئەلف» دوای گیران دەبرێتە ئیدارەی ئەماکن. لە کاتێکدا بە ئۆتۆمبیل لێی دەدەن، مۆبایلەکەی وردوخاش دەبێت و هەر بۆیە لێپرسەوەکان ناتوانن هیچ زانیارییەکی لێ دەربهێنن:

> **لە ئەماکندا نە کامێرایەک هەبووە و نە هیچ شتێکی تر. هەر بەڵایەکیان بوێت، بەسەر دەستبەسەرکراواندا دەیهێنن**

«... لە ئیدارەی ئەماکن زیاتر لە دە دەقە لێیان دابوو. دواتر دەستیان بەستبووەوە و بە دەسکی گسک هەتا توانیبوویان لێیان دابوو. قۆڵ و شانەکان و پشتی بە تەواوی شین و مۆر ببوونەوە. لەوێوە بردبوویان بۆ دەستبەسەرگە و دوای ڕۆژێکیش بردبوویان بۆ دادگا... لە ئەماکندا نە کامێرایەک هەبووە و نە هیچ شتێکی تر. هەر بەڵایەکیان بوێت، بەسەر دەستبەسەرکراواندا دەیهێنن. بۆ ترساندنی «ک. ئەلف» هەموو جار وتبوویان ئەو باتومە بێنن با بیبرینە ... و بەم جۆرە ترساندبوویان لە دەستدرێژی. دەیانویست بە زۆر ددان بەو شتانەدا بنێت کە خۆیان دەیانویست.»

دادگای «ک. ئەلف» بەبێ ڕەچاوکردنی ڕێسا دیاریکراوەکان بە ڕێوە دەچێت و دادوەر دەستوور دەدات تا کاتی دەرکردنی حوکم ڕەوانەی کانوونی ئیسلاح و تەربیەتی کرماشان (زیندانی منداڵان) بکرێت و لەوێ ڕابگیرێت. بنەماڵەکەی بە هەزار پاڕانەوە و لاڵانەوە قەناعەت بە دادوەرەکە دەکەن هەر لە دەستبەسەرگەی ئیدارەی ئەماکندا بیهێڵێتەوە. هێزەکانی ئیدارەی ئەماکن دەستبەسەرکراوانیان دەگواستەوە بۆ دەستبەسەرگەی کەلانتەری (بنکەی پۆلیس)ی جوانڕۆ:

«... دەیوت دوو کەسی تریش گیرابوون. حەفتەیەک لە دەستبەسەرگەی کەلانتەریدا مابوونەوە. لەوێ ئەشکەنجە نەدرابوون، بەڵام سەربازەکان هەرکات حەزیان بکردایە، لێیان دەدان. هەندێکیشیان باشتر لەگەڵیان جووڵابوونەوە.»

> **گڵۆپی ژوورەکە ٢٤ کاتژمێر هەڵکراو بووە و ڕووناکیی هەتاویش لێی نەداوە. بە شێوەیەک کە نەیانزانیبوو شەوە یان ڕۆژ. دەیوت ئەوەی لێی دەدان، خۆیشی بەردەوام جنێوی بە خامنەیی دەدا، ڕەنگ بوو ویستبێتی دەستبەسەرکراوانیش جنێو بدەن و دۆسیەیان لەسەر دروست بکەن**

ئەگەرچی «ک. ئەلف»ی ١٧ساڵان لە ژوورێکی گشتیدا ڕادەگیرا، بەڵام دۆخی دەستبەسەرگە بە شێوەیەک بوو دەتگوت لە ژووری تاکەکەسیدایە؛ بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ بە تەنیا بووە، دواتر کەسێکی ١٧-١٨ساڵانی تریان بردووەتە ژوورەکەی:

«... گڵۆپەکەی ٢٤ کاتژمێر هەڵکراو بووە و ڕووناکیی هەتاویش لێی نەداوە. بە شێوەیەک کە نەیانزانیبوو شەوە یان ڕۆژ. دەیوت ئەوەی لێی دەدان، خۆیشی بەردەوام جنێوی بە خامنەیی دەدا، ڕەنگ بوو ویستبێتی دەستبەسەرکراوانیش جنێو بدەن و دۆسیەیان لەسەر دروست بکەن.»

«ک. ئەلف» دواجار لە لایەن لقی ١٠٢ی دادگای کەیفەریی جوانڕۆوە بە تۆمەتی «تێکدانی ئاسایش و ئارامیی گشتی» سزای ١٠ مانگ بەندکران و ٧٤ قامچیی بەسەردا سەپێنرا. ئەو دوای حەفتەیەک بە دانانی پارمتە لە زیندان ئازاد دەکرێت. دوای خۆپیشاندانەکانی ڕۆژی ١٦ی ڕەزبەر، لایەنی کەم حەوت مێردمنداڵی خوێندەڤانی دواناوەندی بە ناوەکانی **موحەممەد موحەممەدزادە** (١٥ساڵان)، **ئیمان کاکەخانی** (١٥ساڵان)، **ماهان بابایی** (١٥ساڵان)، **کامیل عەلی موحەممەدوەر** (١٥ساڵان)، **موحەممەد بازانی** (١٦ساڵان)، **ئالان سوهرابی** (١٥ساڵان) و **زاهید ئاقایی** (١٧ساڵان) لە ناو خوێندگەدا دەستبەسەر دەکرێن. بە وتەی یەک لە مامۆستایانی جوانڕۆ، هەندێ لە خوێندەڤانە دەستبەسەرکراوەکان، دوای ئازادبوونی کاتی، چیدی نەگەڕانەوە بۆ قوتابخانە.

## هەڕەشەی ئەشکەنجەدانی کچی ١٧ ساڵان لە بەرچاوی باوکیدا

هێزە ئەمنییەکان هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی فیلمی کامێراکانی چاودێری، وێنە و ڤیدیۆکانەوە خوێندەڤانانی بەشداربوو لە خۆپیشاندانەکانی ١٦ی ڕەزبەردا بناسنەوە.

«م. ف» کچێکی ١٧ ساڵان و خوێندەڤانی پۆلی دووی دواناوەندییە. ئەویش وەک زۆربەی کچان و کورانی خوێندەڤانی شار لە خۆپیشاندانی ١٦ی ڕەزبەردا بەشدار بووە. هێزە ئەمنییەکان لە ڕۆژی خۆپیشاندانەکەدا وێنە و فیلمی زۆری لێ هەڵدەگرن. «م. ف» بەیانیی زووی ڕۆژی دواتر لەماڵەکەی خۆیدا دەستبەسەر دەکرێت.

**کەسێکی ئاگادار لە ڕەوتی دەستبەسەرکردن و دادگاییکردنی «م. ف» ئاوا چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە (شایەتحاڵی ژمارە ٣٩):**

«هەم خۆی و هەم باوکی برانە ئیدارەی ئیتلاعاتی بەسیج و بۆ ماوەی ٥ کاتژمێر لێپرسینەوەیان لە «م. ف» کرد و دوای وەرگرتنی بەڵێننامە ئازادیان کردن.»

بەڵام هەڕەشە و هەڵسوکەوتی ئەمنی لەگەڵ ئەم کچە ١٧ ساڵەیە، هەر بۆ ئەمە کورت نابێتەوە. ١٠ ڕۆژ دواتر (٢٧ی ڕەزبەر/١٩ی ئۆکتۆبەر) ئیدارەی ئیتلاعاتی جوانرۆ «م. ف» و باوکی بانگهێشت دەکات:

«... لەوێش دیسان بەڵێننامەیان لە هەردووکیان وەرگرتبوو. هەندێ پرسیاریان لە «م. ف» کردبوو، وەک ئەوەی کێ ناچاری کردی بەشداری لە خۆپیشانەکاندا بکەیت؟ ئەویش وتبووی لەپڕ دەستی پێ کرد و منیش بەشداریم کرد. «م. ف» نەیدەتوانی حاشای لێ بکات، چونکوو فیلم و وێنەکانی لە بەردەستیاندا بوو... لە بەردەم باوکیدا سووکایەتییان پێ کردبوو کە چ گوویەکت خواردووە؟ ئەگەر کچی ئێمە بوایەی، دەمانزانی چۆن ئەدەبت دابدەین، قاچ و قولمان دەشکاندی. «م. ف» زۆر ترسابوو.»

**«ئەوان (هێزە ئەمنییەکان) لە بەردەم باوکیدا سووکایەتییان پێ کردبوو (بە کچێکی ١٧ ساڵان)، وتبوویان چ گوویەکت خواردووە؟ ئەگەر کچی ئێمە بوایەی، دەمانزانی چۆن ئەدەبت دابدەین، قاچ و قولمان دەشکاندی».**

دوای چەند ڕۆژ سەرۆکی ئیدارەی پەروەردە و فێرکاری لەگەڵ باوکی «ف. م» دا پێوەندی دەگرێت و دەڵێت بڕیاری دەستبەسەربوونی کچەکەی دەرکراوە و دەبێ بڕۆنە لای داواکاری گشتی:

«... باوک و کچ پێکەوە دەچن بۆ دادگا، باوکی کاتێک تێدەگات فەرمانی دەستبەسەرکردنی کچەکەی دراوە، بە توورەییەوە دەڵێت چۆن ویژدانتان ڕازی بووە حوکم بۆ منداڵێک دەربکەن؟ داواکاری گشتی لە وەڵامدا وتبووی دەینێرینە کانوونی ئیسڵاح و تەربییەت.»

هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی دەمەقرەی باوکی «م. ف» لەگەڵ داواکاری گشتیدا لەسەر فەرمانی دەستبەسەرکردنی کچەکەی، فەرمانبەرێکی دادگا دەبێتە ناوبژی و دەڵێت «ئێمەی خەڵکی جوانرۆ قبووڵ ناکەین ئەم کچە دەستبەسەر بکرێت.» پاشان داواکاری گشتی دەڵێ با «م. ف» و باوکی بڕۆن و چەند ڕۆژێکی تر بێنەوە:

«... دوای چەندەها جار پێوەندیگرتن و تەلەفۆنکردنی بەردەوامی بەرپرسانی دادگا، دواجار ئەم باوک و کچە دەچنە بەردەم دادگا و مامۆستایەکیش وەک کەفیل لەگەڵ خۆیاندا دەبەن، بەڵام کەفالەتی مامۆستاکە قبووڵ ناکەن.»

بنەماڵەی «م. ف» هەوڵ دەدەن هەرجۆرێك بووە، نەهێڵن حوکمێک بەسەر منداڵەکەیاندا بسەپێنرێت. دوو کەس لە خزمانیش کە ئەندامی بەسیج بوون، دەبنە کەفیل، بەڵام چەند دوای چەند ڕۆژ تۆمەتەکان بە باوکی ئەم خوێندکارە ڕادەگەیەنرێت؛

**«بانگەشەی دژبە حکومەتی کۆماری ئیسلامی، سووکایەتیکردن بە ڕێبەر، تێکدانی ئاسایش و ئارامیی گشتی، شێواندن و سەرڕێپێچیکردن لە دەستووری هێزەکان لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکەیاندا، سووکایەتیکردن بە پیرۆزییەکانی ئیسلام، پیلانگێڕی بە مەبەستی تاوانکاری دژ بە ئاسایشی ناوخۆیی و دەرەکی»**. دادگایی «م. ف» ڕۆژی ٤ی ڕێبەندانی ١٤٠١ (٢٤ی ژانڤییەی ٢٠٢٣) بە ڕێوە دەچێت. لە دادگاکەدا «تۆبەنامە»یەک دەهێنن و ناچاری دەکەن واژۆی بکات. چەند ڕۆژ دواتر بە بنەماڵەکەی ڕادەگەیەنن کە کچەکەیان کەوتووەتە بەر لێخۆشبوون و بڕیاری داخستنی دۆسیەکەی دەرکراوە:

«... پاش ماوەیەک لە ڕێگەی سەرۆکی پەروەردە و فێرکاریی جوانرۆوە پێوەندییان بە «م. ف»ـەوە کرد کە جیا لە بەشداریکردن لە ڕێپێوانی ٢٢ی ڕێبەنداندا [ساڵرۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩٧٩]، دەبێ لە بەردەم کامێرای تەلەفیزیۆنی ئێرانیشدا پەشیمانیی خۆی لە خۆپیشاندانەکان ڕابگەیەنێت، بەڵام نە خۆی و نە بنەماڵەکەی بە هیچ شێوەیەک ئەمەیان قبووڵ نەکرد.»

**پاش ماوەیەک لە ڕێگەی سەرۆکی پەروەردە و فێرکاریی جوانرۆوە پێوەندییان پێوە کرد کە جیا لە بەشداریکردن لە ڕێپێوانی ٢٢ی ڕێبەنداندا {ساڵرۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩٧٩}، دەبێ لە بەردەم کامێرای تەلەفیزیۆنی ئێرانیشدا پەشیمانیی خۆی لە خۆپیشاندانەکان ڕابگەیەنێت، بەڵام نە خۆی و نە بنەماڵەکەی بە هیچ شێوەیەک ئەمەیان قبووڵ نەکرد**

### دەستبەسەرکردنی دوو منداڵی ١٥ ساڵان و ئازادکردنیان بە مەرجی بەشداریکردن لە بۆنە دەوڵەتییەکاندا

«پ. ڕ»، کورە خوێندەڤانێکی ١٥ ساڵان، ڕۆژی ٢٦ی گەڵاڕێزان (١٧ی نۆڤامبەر) لە شەقامێکی شاردا و دوای ماوەیەکی کورت لە کردنەوەی ئاگرێک و داخستنی کۆڵانەکە، لەگەڵ هاوڕێیەکی دیکەیدا («ک. م»ی ١٥ ساڵان کە ئەویش دەستبەسەر و دوای چەند ڕۆژ ئازاد کرا) لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی سوپاوە دەستبەسەر دەکرێت.

### کەسێکی ئاگادار لە دۆخی ئەم منداڵە (شایەتحاڵی ژمارە ٣٠):

« لە ناو ئۆتۆمبیلەکەدا چاو و دەستیان بە شێوەی پێچەوانە دەبەستن، هەتا کەلانتەری (بنکەی پۆلیس) بە مست و لەقە بەر دەبنە گیانیان. لە لێپرسینەوەکاندا و لە ڕێی لێدان و ئەشکەنجەی قورسەوە ناچاری دەکەن واژۆ لەسەر ددانپێدانانێک بکات.»

**لە ناو ئۆتۆمبیلەکەدا چاو و دەستیان بە شێوەی پێچەوانە دەبەستن، هەتا کەلانتەری (بنکەی پۆلیس) بە مست و لەقە بەر دەبنە گیانیان. لە لێپرسینەوەکاندا و لە ڕێی لێدان و ئەشکەنجەی قورسەوە ناچاری دەکەن واژۆ لەسەر ددانپێدانانێک بکات**

«سووکایەتیکردن بە ڕێبەر و بەرپرسان، سووتاندن و شێواندنی کەلوپەلی گشتی و نووسینی دروشم لە سەر دیوار»، لە ڕیزی ئەو خاڵانەدایە کە «پ. ڕ» ناچار دەبێت ددان بە ئەنجامدانیاندا بنێت. لێپرسەوەکان هەندێ فیلمی کامێرا چاودێرییەکانیان نیشانی دابوو تا بەشداربوانی نێو گردبوونەوەکانیان بۆ بناسێتەوە.

لێپرسەوەکان لە بەرئەوەی مۆبایلەکەی چەند سروودێکی سیاسی و بەرخۆدانی تێدا بووە، بە مست و لەقە دەکەونە گیانی. دوو ڕۆژ دەستبەسەر بوو، دواجار بە ناوبژیگەریی خزمێکیان کە هاوڕێی سەرۆکی ئیدارەی ئەماکنی جوانرۆ بوو، دوای واژۆکردنی بەڵێننامەیەک سەبارەت بە وازهێنان لە هەر چەشنە چالاکییەکی سیاسی و بەشداریکردن لە بۆنە و ڕێپێوانە دەوڵەتییەکاندا ئازاد دەکرێت.

هیوا عەزیمی کە پاڵەوانی بۆکسی پارێزگای کرماشان بووە، دوای بریندار بوون نەتەنها نەیتوانیوە درێژە بە وەرزشەکەی بدات بەڵکوو تەنانەت نەیتوانیوە درێژە بە خوێندنیش بدات.

## گوللەی جەنگی لەسەر دەست و پێی منداڵێکی پاڵەوانی بۆکس

هیوا عەزیمی، ١٦ ساڵان، خوێندەڤانی پۆلی دووی دواناوەندی، پاڵەوانی بۆکسی پارێزگای کرماشانە کە ڕۆژی ٣٠ی گەلاڕێزان و دوای ئەسپەردەکردنی گیانبەختکردوانی ڕۆژی پێشوو بریندار دەکرێت.

هیوا عەزیمی؛ بەدەستهێنانی مەدالیای زیو لە کێبرکێی بۆکسی مێرمنداڵانی کرماشاندا



Amateur Boxing Federation of the Islamic Republic of Iran

حکم قهرمانی

نظر به اینکه هیوا عظیمی در سال ۱۴۰۱ در مسابقات قهرمانی نوجوانان استان کرمانشاه یادواره ی زنده یاد مهدی مهدی پور در وزن ......۷۵...... کیلوگرم شرکت و مقام ......دوم...... را کسب نموده لذا به پاس این قهرمانی به دریافت حکم مفتخر میگردد.

مدیر کل ورزش و جوانان استان کرمانشاه

رئیس هیئت بوکس استان کرمانشاه

دکتر حسین فتحی

**کەسێکی نزیک لە هیوا عەزیمی بەم جۆرە چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە (شایەتحاڵی ژمارە ٣١):**

«هیوا لە ڕێورەسمی ئەسپەردەکردنی عیرفان کاکایی و بەهائەدین وەیسی لە ڕۆژی ٣٠ی گەلاڕێزاندا بەشداریی کردبوو، لە نزیک ماڵی بەهائەدین وەیسی لە شەقامی بێهدارێ، کۆڵانی ئامووزش و پەروەرش، تەقەیان لێ دەکەن و دەکەوێتە بەر دەسرێژی هێزەکانی سوپای پاسدارانەوە. خەڵکەکە هیوایان بردبووە ماڵی هاووڵاتییەک.»

بنەماڵەکەی ئاگادار دەکرێنەوە، دۆخی هیوا خراپتر دەبێت و هەر بۆیە دەیبەن بۆ نەخۆشخانەی جوانرۆ. بەڵام لەبەر سەختیی برینەکانی دەگوێزرێتەوە بۆ نەخۆشخانەی تاڵەقانیی کرماشان، لەم نەخۆشخانەیە و لە ماوەی ٢٠ ڕۆژدا سێ جار دەخرێتە بەر نەشتەرگەرییەوە:

«گوللەی کلاشینکۆف بەر دەستی کەوتبوو، ئەوەیان دەرهێنا، بەڵام دڵنیا نیم ئەوەی قاچی پێکابوو فیشەکی کلاشینکۆف بوو یان قەناسە. چونکوو گوللەکە دوای ئەوەی دەماری قاچی هەڵدڕیبوو، دەرچووبوو و دەرنەکەوت هیی چ چەکێک بووە.»

قاچی ڕاستی هیوا هێشتا توانای جووڵەی نییە. دوکتۆرەکان وتوویانە دەبێ بۆ ماوەی ٦ مانگ دوای دانانی پلاتینەکە نەجووڵێت تاکوو پلاتینەکە خۆی بگرێت. بەڵام ئێستە کێشەی قاچی هیوا لە دەماری سیاتیکەوەیە؛ چونکوو گوللەکە دەمارەکەی سووتاندووە و دەبێ خۆی چاک ببێتەوە. ئەگەر چاک نەبێتەوە، دەبێ نەشتەرگەریی بۆ بکرێت، بەڵام ئەگەری سەرکەوتنی نەشتەرگەرییەکە لە سەدا پەنجایە.


هیوا عەزیمی کە پاڵەوانی پۆکسی پارێزگای کرماشان بووە، دوای برینداربوون نەتەنها نەیتوانیوە درێژە بە وەرزشەکەی بدات بەڵکوو تەنانەت نەیتوانیوە درێژە بە خوێندنیش بدات.

# بەشی شەشەم

# جوانڕۆ؛ ئەوانەی لە هەناوی شاردا بە پێوە گیانیان بەخت کرد



هەشت هاووڵاتیی جوانرۆ لە ڕۆژانی ٢٩ و ٣٠ی گەلاڕێزان و ١٠ی بەفرانباری ١٤٠١دا بە گوللەی جەنگیی هێزە چەکدارەکان گیانیان بەخت کرد.
**عیرفان کاکایی**، مامۆستای وەرزشی تەمەن ٥٢ ساڵ و **بەهائەدین وەیسی**، خوێندەڤانی تەمەن ١٦ ساڵ، ڕۆژی **٢٩ی گەلاڕێزان** کوژران. **تەحسین میری**، ٤٥ ساڵان، **ئیسماعیل گوڵعەنبەر**، ٣٤ ساڵان، **مەسعوود تەیمووری**، کوڵبەری ٢٣ ساڵان، **جەوهەر فەتاحی**، جووتیاری ٦١ ساڵان و **جەمال ئەعزەمی**، کارەباچیی ٣٤ ساڵان، ڕۆژی **٣٠ی گەلاڕێزان** و **بورهان ئەلیاسیی** تەمەن ٢٦ ساڵانیش ڕۆژی **١٠ی بەفرانبار** لە ڕووداوەکانی دوای چلەی گیانبەختکردواندا بە گوللەی جەنگیی هێزەکانی سوپای پاسداران کوژران.



**عیرفان کاکایی لە هێزە چەکدارەکان دوور دەکەوێتەوە و بەرەو خوێندەڤانەکان دەچێت کە بە گوللەیەکی جەنگی دەپێکرێت و چەند ساتێک پاشتر لە بەرچاوی خوێندەڤاناندا گیانی لە دەست دەدات.**

## عیرفان کاکایی؛


## ئەو مامۆستایەی جەستەی خۆی کردە قەڵغانی گوللە بۆ پاراستنی خوێندەڤانان

عیرفان کاکایی، مامۆستای وەرزشی تەمەن ٥٢ ساڵی خەڵکی جوانرۆ کە پێشینەی ٢٨ ساڵ خزمەتی لە کەرتی پەروەردە و فێرکاریدا هەبوو، ئێوارەی ڕۆژی ٢٩ی گەلاڕێزان دوای نوێژی مەغریب لە شەقامی حەمزەی گەرەکی شاوێردیی جوانرۆ بە دەسڕێژی هێزە چەکدارەکان کوژرا.

### کەسێکی ئاگادار (شایەتحاڵی ژمارە ٣٢) لە چۆنێتیی کوژرانی ئەم مامۆستا خۆشناوەی شار دەڵێت


«کچانی خوێندەڤان دوای دەرچوون لە خوێندنگە، لە نزیک مەیدانی تووتی خەریکی دروشمدان بوون کە هێزە ئەمنییەکان ئامادە دەبن دەسڕێژیان لێ بکەن. کاک عیرفان [کاکایی] کە مرۆڤێکی زۆر میهرەبان و ئارام بوو، خۆی دەکاتە لەمپەر لە نێوان خوێندەڤانان و هێزە ئەمنییەکاندا و دەیەوێت بەر بە دەسڕێژی هێزە ئەمنییەکان لە خوێندەڤانان بگرێت.»

عیرفان کاکایی لە هێزە چەکدارەکان دوور دەکەوێتەوە و بەرەو خوێندەڤانەکان دەچێت کە بە گوللەیەکی جەنگی دەپێکرێت و چەند ساتێک پاشتر لە بەرچاوی خوێندەڤاناندا گیانی لە دەست دەدات. ئەم دیمەنە دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشەی دەروونی بۆ یەکێک لە منداڵەکان کە تا چەندین مانگ دواتر ئاسەواری ئەم کێشە دەروونییە لەو منداڵەدا دەمێنێتەوە.



## بەهائەدین وەیسی؛ خوێندەڤانی تەمەن ١٦ ساڵ کە هاواری دادخوازیی بۆ مامۆستا هەڵبڕی و گیانی بەخت کرد

شەوی ٢٩ی گەلاڕێزان بەهائەدین وەیسی، خوێندەڤانی تەمەن ١٦ ساڵ، دوای بیستنی هەواڵی کوژرانی عیرفان کاکایی، وەک زۆرێک لە هاووڵاتیان بەرەو نەخۆشخانەی جوانرۆ بەڕێ دەکەوێت تا هەموو پێکرا نەهێڵن تەرمی مامۆستا بکەوێتە دەستی هێزە ئەمنییەکان و بیبەنەوە بۆ ماڵەگەی خۆی.




ستۆرییەکەی نەجمەدین وەیسی

**ئۆتۆمبیلەکەی بەهائەدین وەیسی کە لە ناو ڕیزی ئۆتۆمبیلەکانی تردا بوو، بە شێوەی «مەبەستدار» و «دیاریکراو» کرایە ئامانجی تەقە و دەسڕێژ.**

**یەکێک لە نزیکانی بەهائەدین وەیسی بەم چەشنە چیرۆکی کوژرانی ئەو و برینداربوونی نەجمەدینی برای دەگێڕێتەوە (شایەتحاڵی ژمارە ٣٣)**

«کاتێک عیرفان کاکایی شەهید دەبێت، نەجمەدینی برای بەهائەدین ستۆرییەک دادەنێت و داوا دەکات هەموو خەڵک بۆ پاراستنی تەرمی عیرفان کاکایی بڕۆن بەرەو نەخۆشخانە.»

ئەو ئۆتۆمبیلە پژۆ ڕەشەی ئەم دوو برایە و دوو هاوڕێی دیکەیانی تێدا بووە، لەگەڵ ئەو خەڵکە دەکەوێت کە تەرمەکەی عیرفان کاکاییان لە نەخۆشخانە وەرگرتووەتەوە، بەڵام لە مەیدانی تووتی (بەرانبەر دەرمانخانەی دوکتور عەبدوڵڵازادە) لە هەر چوار لاوە دەسڕێژی لێ دەکرێت.

**(شایەتحاڵی ژمارە ٣٣):**

« زیاتر لە دە چەکدار تەقەیان لە ئۆتۆمبیلەکە کردووە، بەهائەدین شەهید دەبێت و نەجمەدینی برای و دوو کەسەکەی تر بە ناوی هادی عەزیزی و ئەوی دیکەیان بە پاشناوی ڕەحیمزادەوە، بریندار دەبن.»

بە وتەی ئەم سەرچاوەیە، ئەم ئۆتۆمبیلە کە لە ناو ڕیزی ئۆتۆمبیلەکانی تردا بوو، بە شێوەی «مەبەستدار» و «دیاریکراو» کراوەتە ئامانجی تەقە و دەسڕێژ. ئەگەرچی خەڵکەکە دەتوانن بەهائەدین لە دەستی چەکدارەکان ڕزگار بکەن و بە هەر زەحمەتێک بووە بیگەیەننە نەخۆشخانە، بەڵام هەتا دەگەنە ئەوێ، بەهائەدین گیانی لە دەست داوە.

تەرمی بەهائەدین وەیسی تەنراو لە ناو سەهۆڵدا





جەمال کەسایەتییەکی بوێر و بەجەرگی هەبوو و لە هەموو خۆپیشاندان و چالاکییەکانی جوانرۆدا بەشداریی دەکرد، هەروەها ئاشقی فووتباڵ بوو و لە بەدواداچوونی یارییەکاندا زۆر پەرۆش بوو، بەڵام «لەبەر سەرهەڵدانەکەی کوردستان و ئێران، هیچ مەیلێکی بۆ بەدواداچوونی هەواڵەکانی فووتباڵ و تەنانەت مۆندیاڵ نەمابوو.

**جەمال ئەعزەمی؛**
**کرێکاری ماندوویی‌نەناس: برینداری گەڵارێزانی ۹۸ و گیانبەختکردووی سەرهەڵدانی ژینا**

جەمال ئەعزەمی، کرێکاری کارەباچی، کاتژمێر ۱۹ی رۆژی ۲۹ی گەڵارێزان، وەک هەمیشە لە کۆتایی رۆژدا لە شوێنی کارەکەیەوە (پرۆژەیەکی بیناسازی لە جوانرۆدا) بەرەو ماڵەکەی دەگەڕێتەوە. یەک لە هاورێیانی ئاگاداری دەکاتەوە کە لە ناوەندی شاردا خەڵکی راپەریو رژاونەتە سەر شەقامەکان و لەگەڵ هێزە ئەمنییەکاندا دەستەویەخە بوون. چەند دەقە دواتر دیسان هەواڵی گیانبەختکردنی عیرفان کاکایی و بەهائەدین وەیسی دەبیسێت. یەکسەر بەرەو ماڵی ئەم دوو گیانبەختکردووە دەڕوات و ئەو شەوە لەگەڵ بنەماڵەی گیانبەختکردوان و خەڵکی شاردا تا بەیانی هەر لەوێ دەمێنێتەوە. رۆژی ۳۰ی گەڵارێزان، جەمال کە هێشتا جلوبەرگی کاری لە بەر دانەکەندبوو، لەگەڵ هەزاران هاووڵاتیی دیکەی جوانرۆدا بەرەو گۆڕستانی گشتیی شار دەکەوێتە رێ تا تەرمی عیرفان کاکایی و بەهائەدین وەیسی ئەسپەردە بکەن. دوای ئەسپەردەکردنەکە لەگەڵ کۆمەڵێکی تر لە خەڵکدا لە شەقامی بێهداری دەکەونە بەر دەسرێژی هێزەکانی سوپای پاسداران.

**کەسێکی نزیک لەم هاووڵاتییە گیانبەختکردووە چۆنێتیی کوژرانی جەمال ئاوا دەگێڕێتەوە (شایەتحاڵی ژمارە ۳٤):**

«خەڵک لە شەقامەکانەوە پەنا بۆ شۆستەکان دەبەن و هەموو هەوڵ دەدەن خۆیان لە پشت دارەکان یان هەر شتێکی دیکەدا بشارنەوە تا نەکەونە بەر دەسرێژی هێزەکانی سوپاوە. جەمال لە تەنیشت دیواری دوکانەکانەوە، چەماوە و سەر روو لە خوار، بەرەو جەماوەری خەڵک هەڵدێت کە خۆیان لە ناو کۆڵانەکاندا حەشار داوە. لەپڕ لە پشتەوە و لە چەند هەنگاوێک دواترەوە دەنگی هاواری یەک لە هاووڵاتیان بەرز دەبێتەوە، ئاور دەداتەوە و تەحسین میری دەبینێ کە پێکراوە و کەوتووەتە سەر عەرزەکە. دەوەستێت و لەگەڵ هاورێیەکی دیکەیدا یەکسەر دەگەڕێنەوە تاکوو تەحسین رزگار بکەن. دەیانۆیست تەحسین لە بەردەم گوللەی هێزەکانی سوپا دوور بخەنەوە. هەر کە دەگەنە سەر تەحسین و هەوڵ دەدەن بەرزی بکەنەوە، خودی جەمال دەپێکرێت و رێک لە تەنیشت تەحسین میریدا دەکەوێت.»

**شایەتحاڵی ژمارە ۳٤ سەبارەت بە کاردانەوەی بنەماڵەی جەمال دەڵێت:**

«خەڵک تەلەفۆنیان بۆ بنەماڵەکەی کردبوو و وتبوویان جەمال بریندار بووە و بێن بە دوایدا. سەرەتا کەس نەیوتبوو کوژراوە، دوای کەمێک پشتراستیان کردبووەوە کە کوژراوە. دۆخی دەروونیی بنەماڵە هیچ باش نەبوو و نەیانتوانی وێنە لە تەرمەکەی هەڵبگرن. ئەو رۆژە حکومەت نیزامی [میلیتاریزەکردنی شار] بوو، نەیاندەهێشت هیچ کەس بۆ بەرێکردن و ئەسپەردەکردنی تەرمەکە بچێت. دوای برینداربوون بردبوویانە نەخۆشخانە، تەنها یەک گوللەی بەر کەوتبوو، بەڵام گورچیلە و جەرگی بڕیبوو. ئەوانەی تەرمەکەیان کفن کردبوو بە روونی دیبوویان کە گوللەکە بەر گورچیلەی



چەند خولەکێک دوای پێکرانی جەمال ئەعزەمی

کەوتبوو و زەبری بە جەرگیشی گەیاندبوو. جەمال لە کۆڵانێکی شەقامی بێهداری کوژرا.»

جەمال، ئەم کرێکارە خەباتگێڕ و کۆڵنەدەرە، هەم لە خۆپیشاندانەکانی گەڵاڕێزانی ٩٨ (نۆڤامبری ٢٠١٩) و هەم لە یەکەم خۆپیشاندانی جوانرۆ لە مانگی ڕەزەبەری ١٤٠١دا، بە گوللەی ساچمە بریندار بووبوو.

بە وتەی هاوڕێیانی، جەمال کەسایەتییەکی بوێر و بەجەرگی هەبوو و لە هەموو خۆپیشاندان و چالاکییەکانی جوانرۆدا بەشداریی دەکرد، هەروەها ئاشقی فووتباڵ بوو و لە بەدواداچوونی یارییەکاندا زۆر پەرۆش بوو، بەڵام «لەبەر سەرهەڵدانەکەی کوردستان و ئێران، هیچ مەیلێکی بۆ بەدواداچوونی هەواڵەکانی فووتباڵ و تەنانەت مۆندیاڵ نەمابوو.»



## جەوهەر فەتاحی؛
## جووتیاری تەمەن ٦١ ساڵ و باوکی پێنج منداڵ

جەوهەر فەتاحیی ٦١ ساڵان یەکێکی ترە لە کوژراوانی سەرکوتی ٣٠ی گەڵاڕێزانی جوانرۆ. ئەو جووتیار بوو و باوکی پێنج منداڵ (دوو کچ و سێ کوڕ)، هەروەها لە شەقامێکی شاردا (شەقامی سەنجابی) سەرقاڵی فرۆشتنی دەغڵودانیش بوو.

ئەویش هاوشێوەی جەماوەرێکی گەورەی شار لە ڕێورەسمی ئەسپەردەکردنی عیرفان کاکاییدا بەشداریی کرد، دوای نوێژی بەیانی لە ماڵ چووە دەرەوە و بەرەو شوێنی ئەسپەردەکردن لە گۆڕستانی حاجی برایم کەوتە ڕێ.



چەند خولەکێک دوای بریندارbوونی جەوهەر فەتاحی

**بە وتەی یەک لە خزمانی (شایەتحاڵی ژمارە ٣٥):**

جەوهەر فەتاحی لەو کەسانە بوو کە لە کەندنی قەبرەکەی عیرفان کاکاییدا بەشداریی کردبوو... دوای ڕێورەسمی ئەسپەردەکردن، لەگەڵ خەڵکدا دەگەڕێتەوە بۆ ناو شار. خۆم ئەو ڕۆژە لە جوانرۆ نەبووم، بەڵام بە وتەی ئەوانەی کە ئەو کاتە لەگەڵ جەوهەردا بوون، لە ساتەوەختی پێکران و شەهیدبوونی شەهیدان جەمال ئەعزەمی و ئیسماعیل گوڵعەنبەردا، بۆ ئەوەی تەرمەکانیان نەکەوێتە دەستی هێزە ئەمنییەکان، ئاراستەی شوێنی کوژرانی ئەو دوو شەهیدە دەگرێتە بەر تا تەرمەکانیان رابکێشێتە ناو یەکێک لە کۆڵانەکانەوە، بەڵام بە داخەوە خۆیشی لە شەقامی بێهداریدا دەپێکرێت و تووشی خوێنلەبەرچوونێکی زۆر دەبێت. لە گرتە ڤیدیۆییە بڵاوکراوەکانی ئەو چرکەساتەدا دیارە کە بەردی بە دەستەوە بووە. جەوهەر فەتاحی دوای ئەوەی دەپێکرێت، خوێنێکی زۆری لەبەر دەچێت. لە ناو یەک لە کۆڵانەکاندا ژنێک کە ئەو خوێنلەبەرچوونە زۆرەی دەبینێت، دەیباتە ناو ماڵەکەی خۆیانەوە، بەڵام خوێنلێچوونەکە هێندە زۆرە کە دۆخی خراپتر دەبێت. بەمەشەوە داوا لەو بنەماڵەیە دەکات نەیبەن بۆ نەخۆشخانە و یارمەتیی بدەن لەباتیی نەخۆشخانە، بگەڕێتەوە بۆ ماڵەکەی خۆی. پێی باشترە ئەگەر شتێکی بۆ روو بدات، لە ماڵەوە و لای بنەماڵەکەی بێت و تەرمەکەی نەکەوێتە دەستی هێزە ئەمنییەکان. جەوهەر فەتاحی دەبرێتەوە بۆ ماڵ، بەڵام تەوژمی خوێنلێچوونەکەی خێراتر و قورستر دەبێتەوە و دەچێتە حاڵەتی کۆماوە. بنەماڵەکەی بڕیار دەدەن بیبەنە نەخۆشخانە، بەڵام زۆر درەنگ بووە و هەوڵی دوکتورەکان بۆ ڕزگارکردنی بێئەنجام دەمێنێتەوە و دواجار گیان بەخت دەکات.»

**جەوهەر فەتاحی دوای ئەوەی دەپێکرێت، خوێنێکی زۆری لەبەر دەچێت. لە ناو یەک لە کۆڵانەکاندا ژنێک کە ئەو خوێنلەبەرچوونە زۆرەی دەبینێت، دەیباتە ناو ماڵەکەی خۆیانەوە، بەڵام خوێنلێچوونەکە هێندە زۆرە کە دۆخی خراپتر دەبێت. بەمەشەوە داوا لەو بنەماڵەیە دەکات نەیبەن بۆ نەخۆشخانە و یارمەتیی بدەن لەباتیی نەخۆشخانە، بگەڕێتەوە بۆ ماڵەکەی خۆی. پێی باشترە ئەگەر شتێکی بۆ روو بدات، لە ماڵەوە و لای بنەماڵەکەی بێت و تەرمەکەی نەکەوێتە دەستی هێزە ئەمنییەکان.**

## شایەتحاڵی ژمارە ٣٥ سەبارەت بە ڕاگرتنی تەرمەکەی لە ماڵەوە دەڵێت:

«بنەماڵەکەی ناهێڵن تەرمەکەی لە نەخۆشخانەدا بمێنێتەوە، یەکسەر وەری دەگرنەوە و دەیبەنەوە بۆ ماڵەوە. جەماوەرێکی زۆر لە بەردەم ماڵەکەدا کۆ دەبنەوە. تەرمەکە هەر لە ماڵەوە کفن و ئامادە دەکرێت بۆ ئەسپەردەکردن. بنەماڵە نەیاندەویست بە پەلە و خێرا ئەسپەردەی بکەن، بەڵام هێزێکی ئەمنیی زۆر چوونە بەر ماڵەکەیان و ڕایان گەیاند کە خەڵک بۆی نییە کۆ ببێتەوە و دەبێ هەر ئەمشەو تەرمەکە ئەسپەردە بکرێت. چەند جارێکیش بە مەبەستی ترساندنی خەڵک تەقەی هەواییان کرد. هەر بۆیە بە مەبەستی پاراستنی گیانی خەڵک، بنەماڵەکەی بڕیار دەدەن هەمان شەو تەرمەکەی لە گۆڕستانی حەسەن گایری جوانرۆ ئەسپەردە بکرێت. دوای ئەسپەردەکردنیش چەند جارێک هێزە ئەمنییەکان لەگەڵ براکەیدا پێوەندی دەگرن و داوا دەکەن سەردانیماڵیان بکەن و ئەندامانی بنەماڵەکەی وتوویژ بکەن و بڵێن کە بە دەستی هێزە ئەمنییەکان نەکوژراوە، بەڵکوو هێزەکانی سەر بە حیزبە کوردییەکان کوشتوویانن کە بنەماڵەکەی قبووڵیان نەکرد و وتیان لەم بابەتەدا تەنها هاوژین و منداڵەکانی دەتوانن بڕیار بدەن، نەک هیچ کەسێکی تر. دوای ئەوە، چیدی کەسێک پێوەندیی بە بنەماڵەکەیەوە نەکرد.»[٧]

## مەسعوود تەیمووری؛
## کۆڵبەرێک کە لە بەر چاوی باوکیدا پێکرا



مەسعووود تەیمووری و باوکی، مەحموود تەیمووری، ڕۆژی ٣٠ی گەلاڕێزان لە ڕێگەی گەڕانەوە لە گۆڕستان و ڕێورەسمی ئەسپەردەکردنی عیرفان کاکاییەوە، لە شەقامی بێهداری دەکەونە بەر هێرشی هێزەکانی سوپای پاسداران.پیش آمد، میگوید: «باوکی مەسعوود لە زگەوە بریندار بوو، کوڕەکەیشی هەر لەوێ (شەقامی بێهداری) شەهید بووبوو. چەکدارەکان هەر تەنها چەکی جەنگییان بەکار دەهێنا (ئاماژە بۆ قەناسە، یووزی، کلاشینکۆف و ناتۆ دەکات)، هێزەکانی سوپا خەڵکیان خافڵگیر کرد و هیچ ئاگادارکردنەوەیەکی پێشوەختە لە ئارادا نەبوو، تەنانەت نەماندەزانی لە ڕێگەکەماندا هێز جێگیر کراوە، ئەوان بۆسەیان دانابوو و بە تەمای کوشتن بوون. کاتێک باوکی مەسعوود پێکرا، کوڕەکەی و خەڵکەکەی تر هەوڵیان دا بریندارەکان ڕزگار بکەن، بەڵام هێزەکانی سوپا دەسڕێژیان لێ کردن و مەسعوود هەر لەوێ شەهید بوو. دواجار پێنج شەش کەس باوکیان هەڵگرت و بردیانە ناو ماڵێکەوە لەو نزیکەدا. سەرەتا بە هۆی بەردەوامبوونی تەقە و دەسڕێژی قورسی چەکدارەکانەوە نەیانتوانیبوو بیبەن بۆ نەخۆشخانە، نیوەهۆشیار بوو و دوای ئارامتربوونەوەی دۆخەکە، بە ئۆتۆمبیلێک بردیان بۆ نەخۆشخانە. ٢٧ ڕۆژ لە ئای‌سی‌یو بوو، بەڵام ئاگای لە شەهیدبوونی کوڕەکەی نەبوو. وتبوویان ئەویش بریندار بووە، بەڵام حاڵی باشە، وتبوویان دەستگیر کراوە. . ئەویش وای زانیبوو شتێکی ئەوتۆ نییە و دواجار هەر ئازاد دەکرێت. بەڵام دواتر زانیبووی کە کوڕەکەیان بردبووە نەخۆشخانە، بەڵام دوای چەند دەقەیەک گیانی لە دەست دابوو. خزمان و خەڵکەکە تەرمەکەیان لەگەڵ خۆیاندا بردبوو تا ئەسپەردەی بکەن، هێزە ئەمنییەکان بە دوو درۆن چاودێریی خەڵکیان کردبوو، دواجار خەڵک ئەسپەردەیان کردبوو.»

**مەسعوود کۆڵبەر بوو، سێ ساڵ لەمەوپێشیش لە کاتی کۆڵبەریدا بە تەقەی هێزە چەکدارەکانی حکومەت قاچی بریندار بوو، دوو مانگی تەواو لەژێر دەرماندا بوو.**

## شایەتحاڵی ژمارە ٣٦ هەروەها دەڵێت:

«مەسعوود کۆڵبەر بوو، سێ ساڵ لەمەوپێشیش لە کاتی کۆڵبەریدا بە تەقەی هێزە چەکدارەکانی حکومەت قاچی بریندار بوو، دوو مانگی تەواو لەژێر دەرماندا بوو. باوکیشی لە کاتێکەوە لە نەخۆشخانە هاتووەتەوە، هەر لە ماڵەوە چارەسەری بۆ دەکرێت، دەبێ دیسان بروات‌ەوە بۆ کرماشان و نەشتەرگەریی بۆ بکرێت، تا ئێستە دوو جار نەشتەرگەریی بۆ کراوە. دوای گیانبەختکردنی کورەکەی، هێزە ئەمنییەکان بە چەکی سارد و گەرم هێرشیان کردبووە سەر ماڵی خۆیان و خزمەکانیان و زۆرێک لە خزمانیان دەستبەسەر کردبوو، بە تایبەت لاوەکان. دوای ماوەیەک بە بارمتەی قورسی یەک و دوو میلیارد تمەنی ئازادیان کردن. ئەوان لە دادگادا ناچار کرابوون هەندێ کاغەز واژۆ بکەن، بەبێ ئەوەی مۆڵەتی خوێندنەوەیان پێ بدرێت. هەروەها بۆ وەرگرتنی ددانپێدانانی زۆرەملێ، گوشارێکی زۆریان خستبووە سەریان. باوکی مەسعوود دەڵێت لە پرسی کوشتنی کورەکەیدا هیچ هیوایەکی بە تۆمارکردنی داوای یاسایی و شکاتکردن نییە، لای کێ شکات بکات؟ ئەوان خۆیان کوشتوویانە... شەهید مەسعوود تەیمووری هاوژین و منداڵێکی وردی هەیە.»



### ئیسماعیل گوڵعەنبەر؛
### باوکی کچێکی دوو ساڵان کە نیشانگرەوەی سوپا سەری بە ئامانج گرت

ئیسماعیل گوڵعەنبەر لەدایکبووی ١٣٦٦ (١٩٨٧)، خێزاندار و باوکی کچێکی دوو ساڵان بوو. ئیسماعیل لە جوانرۆ کەبابخانەیەکی هەبوو. ئەو لەگەڵ هەزاران کەسدا کە رۆژی ٣٠ی گەلاڕێزان لە گۆڕستان دەگەڕانەوە، لە شەقامی بێهداری دەکەوێتە بەر گوللەی قەناسەی هێزەکانی سوپا. گوللە بەر سەری

دەکەوێت و دەستبەجێ گیانی بەخت دەکات.

## یەک لە نزیکانی ئیسماعیل گوڵعەنبەر (شایەتحاڵی ژمارە ٣٧):

«بۆ خۆم تەرمەکەم بینی، تەنها یەک گوللەی بەر کەوتبوو، رێک بەر سەری کەوتبوو. تەرمەکەی تەنها تەرمێک بوو کە هێزەکانی سوپا دەستیان بەسەردا گرت و بردیان. کاتژمێر ١١ی پێشنیوەرۆ کوژرا و کاتژمێر ١ی پاشنیوەرۆ برابووە کرماشان و کاتژمێر ٦ی ئێوارەی هەمان رۆژ لە کرماشان رادەستی بنەماڵەکەی کرایەوە.»

بنەماڵەی ئیسماعیل دوای بەدواداچوونی بەردەوام لە رێگەی خەڵکەوە تێ دەگەن کە تەرمەکەی براوەتە سەربازگەی نەجەفی ئەشرەفی سوپای پاسداران لە جادەی بێستوون بۆ کرماشان، تەرمەکە لەم سەربازگەیە وەردەگرنەوە:

**تەنها یەک گوللەی بەرکەوتبوو، ڕێک بەر سەری کەوتبوو. تەرمەکەی تەنها تەرمێک بوو کە هێزەکانی سوپا دەستیان بەسەردا گرت و بردیان.**



تەرمەکەی ئیسماعیل گولعەنبەر لە گەمارۆی هێزەکانی سوپای پاسداراندا

«مامۆستایەکی ئایینی کە لەگەڵ بنەماڵەکەیدا چووبوو بۆ وەرگرتنەوەی تەرمەکە، ڕۆیشتە ناو سەربازگەکە. تەرمەکەیان پێ دایەوە و بنەماڵەکەی لە بەردەم بێناکەی سوپادا چاوەڕێ مانەوە. هێزەکانی سوپا بە مەرجێک تەرمەکەیان پێ دابوونەوە کە لە گوند و بەبێ ئامادەبوونی بەربڵاوی خەڵک ئەسپەردە بکرێت. بنەماڵەکەی تەرمەکەیان بردەوە بۆ گوندی دۆڵەقووڵی هەزارخانی لە ناوچەی ئەڵیاخەیی و بە ئامادەبوونی چەند ئەندامێکی هێزە ئەمنییەکان هەر بە شەو ئەسپەردەیان کرد».



## تەحسین میری؛
## کۆڵبەرێکی ٤٦ ساڵان کە گیانبەختکردنی
## هەزاران بزەی ژیانی نغرۆ کرد

تەحسین میری، کۆڵبەری تەمەن ٤٦ ساڵ و باوکی ٥ منداڵ، یەکێکی تر بوو لەو هاووڵاتیانە کە ڕۆژی ٣٠ی گەڵارێزان لە کاتی گەڕانەوە لە ڕێورەسمی ئەسپەردەکردنی گیانبەختکردوان، لە کۆڵانی ئیساری ٥ی شەقامی بێهداریی جوانرۆدا کەوتە بەر دەسڕێژی گوللەی جەنگیی هێزەکانی سوپای پاسداران و کوژرا.

جەمال ئەعزەمی، یەکێکی تر لە گیانبەختکردوانی ئەو ڕۆژە، کاتێک تێ دەگات کە تەحسین بریندار بووە، لەگەڵ هاوڕێیەکی دیکەیدا بەرەو ئەو دەڕۆن تا ڕزگاری بکەن. تەحسین میری لە پشتەوە پێکراوە و کەوتووە. بەڵام خۆدی جەمالیش دەپێکرێت و لە پاڵ تەحسیندا دەکەوێت.

**تەحسین میری لە ناو هاوڕێ کۆڵبەرەکانیدا بەناوبانگ بۆو بە قسەخۆشی و پڕبوون لە ژیان، لە گرتە ڤیدیۆییە بڵاوکراوەکانی ڕێگەی کۆڵبەری لە کوێستانەکانی سەرسنووردا، لەگەڵ هاوڕێ کۆڵبەرەکانی دیکەیدا بە هەڵپەرکێی کوردی دۆخی دۆزەخێیانەی کۆڵبەرییان گۆڕیوە بۆ دۆخێک لە تەحەممولکردن بێت.**






تەحسین میری پێکراوە و کەوتووە

لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا [١٨] کە لە یەکەم ساتەکانی پێکرانی تەحسیندا گیراوە، چەندین کەس لە هاووڵاتیان لە مەودای نێوان دوو کۆڵانی بەرانبەردا خەریکن تەرمی خوێناویی تەحسین و جەمال بەرەو دوو لای کۆڵانەکان دەبەن. تەحسین میری دوای پێکران، بە یارمەتیی خەڵک دەبرێتە نەخۆشخانەی جوانرۆ، بەڵام هەمان رۆژ بنەماڵەکەی تەرمەکەی وەردەگرنەوە و بە ئامادەبوونی بەرچاوی هێزە ئەمنییەکان لە گۆڕستانی «حاجی برایم» ئەسپەردەی دەکەن.

تەحسین میری لە ناو هاوڕێ کۆڵبەرەکانیدا بەناوبانگ بوو بە قسەخۆشی و پڕبوون لە ژیان، لە گرتە ڤیدیۆییە بڵاوکراوەکانی رێگەی کۆڵبەری لە کوێستانەکانی سەرسنووردا، لەگەڵ هاوڕێ کۆڵبەرەکانی دیکەیدا بە هەڵپەڕکێی کوردی دۆخی دۆزەخییانەی کۆڵبەرییان گۆڕیوە بۆ دۆخێک لە تەحەمولکردن بێت.

## بورهان ئەلیاسی؛ دەسڕێژێک لە دڵی ٢٦ ساڵەیی



«... خەڵک دەیانوت گوللەکان هی قەناسە بووە. بورهان لاوێکی وەرزشکار، کرژ و چالاک و هەمیشەیش لایەنگری خەڵکی ستەملێکراو بوو.»

بورهان ئەلیاسی، لاوی ٢٦ ساڵان، لە رۆژی چلەی گیانبەختکردوانی جوانرۆدا کوژرا. ئەو دوای رێگریکردنی هێزە ئەمنییەکان لە بەرێوەچوونی رێورەسمی چلە، لەگەڵ ئاپۆرەی پڕهەژماری جەماوەردا بەرەو شار گەڕابووەوە، پێش گەیشتن بە شەقامی بێهداری، لە بەردەم دەرمانخانەی دوکتور فەوزاییدا کرایە ئامانجی گوللە. بورهان دوای گەرانەوە لە گۆڕستان دەچێت بۆ بانک، کاتێک لەوێ دێتە دەرەوە، قەرەباڵغیی ناو شەقامەکە سەرنجی رادەکێشێت و بەرەو خەڵکەکە دەچێت. بەپێی گێرانەوەی شایەتحاڵان، هێزە ئەمنییەکان خەریکی ئازاردانی منداڵێک بوون، بورهان هەرکە ئەم دیمەنە دەبینێت، بەرگری لە منداڵەکە دەکات، بەڵام هێزەکانی سوپا لە مەودای یەک دوو مەترییەوە تەقەی لێ دەکەن. دوو گوللەی جەنگیی بەردەکەوێت؛ یەکیان نێوان هەردوو سییەکەی، تۆزێک خوارتر لە دڵیەوە دەپێکێت و ئەوی دیکەیشیان بەر شانی راستی دەکەوێت.

خەڵکەکە بورهان دەبەن بۆ نەخۆشخانە، بەڵام دوای نزیکەی یەک کاتژمێر گیانی لە دەست دەدات.

**خزمێکی بورهان ئەلیاسی (شایەتحاڵی ژمارە ٣٨):**
«... لەگەڵ هەندێ لە خزماندا چووین بۆ نەخۆشخانە. یەکسەر پێش گەیشتنی هێزە ئەمنییەکان تەرمەکەمان وەرگرتەوە، ڕێک هاوکات لەگەڵ بانگی نیوەڕۆدا گەیشتمە نەخۆشخانە، نزیک کاتژمێر ١٢:٢٠ دەقە. وەفاتنامەیشیان بۆ نووسی.»

بنەماڵەکەی هەمان ڕۆژ (١٠ی بەفرانبار) تەرمی بێگیانی بورهان ئەلیاسی ئەسپەردە دەکەن:
«... هێزە ئەمنییەکان پێوەندییان لەگەڵ بنەماڵەکەی کرد و وتیان نابێ ڕێورەسمی سەرەخۆشیی بۆ بگرن، هەروەها بانگهێشتیان کردن بۆ ئیدارەی ئیتلاعات کە لە وەڵامدا وتیان بە هیچ شێوەیەک نایەین و سەرەخۆشی و پرسەیشی بۆ دەگرین؛ لە سەرپێڵی زەهاوەوە تا کوردستانی ئەودیو بۆ سەرەخۆشی دێن، ئێمە ناتوانین پرسەی بۆ نەگرین. وتبوویان دەی باشە سبەی وەرن و بەڵێننامەمان بۆ واژۆ بکەن، لە وەڵامدا وتیان بەڵێنێک نادەین، بەڵام دڵنیاتان دەکەینەوە کە لە ڕێورەسمەکەی ئێمەدا هیچ شتێک ناقەومێت.»
بەپێی وتەی شایەتحاڵان، هێزەکانی بەسیج و سوپای پاسداران تەقەیان لە بورهان کردبوو.

**(شایەتحاڵی ژمارە ٣٨):**
«... خەڵک دەیانوت گوللەکان هیی قەناسە بووە. بورهان لاوێکی وەرزشکار، کرژ و چالاک و هەمیشەیش لایەنگری خەڵکی ستەملێکراو بوو.»

ڕێورەسمی ئەسپەردەکردنی بورهان ئەلیاسی بە بەشداریی بەربڵاوی خەڵک


## بەشی حەوتەم

# جوانڕۆ؛ فەرماندەرانی تاوان و بکەرانی گۆڕینی شار بۆ کوشتارگە




زۆربەی کاربەدەستان و بەرپرسانی ڕێکخراوە و دامودەزگا جۆراوجۆرەکانی کۆماری ئیسلامی لە تاوانی جوانڕۆدا دەستیان هەبووە؛ لە کاربەدەستانی دەوڵەتییەوە لە ئاستی نیشتمانی، پارێزگا و ناوچەدا کە سیاسەتدانەر و بەڕێوەبەری دەستووره دەوڵەتییەکانن، هەتا هێزە ئەمنییەکانی وەک سوپای پاسداران، بەسیج و پۆلیسی ئینتیزامی کە تەقەیان لە خەڵک دەکرد و هۆکاری کوشتنی هاووڵاتیان و بریندارکردن و ئەشکەنجەدانی خەڵکی مەدەنی بوون. لە ئەندامانی هێزە ئەمنییەکانی سوپای پاسداران و وەزارەتی ئیتلاعاتەوە کە خەڵکی ڕاپەڕیویان دەستگیر، لێپرسینەوە و ئەشکەنجە دەکرد هەتا کاربەدەستانی دەزگای دادوەری کە فەرمانی دەستبەسەرکردنی نایاساییان بۆ هاووڵاتیان دەردەکرد.

ئەم کەسانە بەپێی ئەرک و بەرپرسایەتییان دەبێ ڕاپۆرتی ڕووداوەکان ڕادەستی دامودەزگای سەرووتر لە خۆیان بکەن.

## کاربەدەستانی سیاسی و ئەمنی:

ئەم کەسانە لە لایەن وەزیری ناوخۆوە، ئەحمەد وەحیدی، دیاری دەکرێن و بەپێی ئەرکەکەیان دەبێ ڕاپۆرتی خۆیان ڕادەستی وەزیر بکەن کە ئەویش لە لایەن ئیبراهیم ڕەییسی سەرکۆمارەوە دانراوە. ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، عەلی خامنەیی، هەمیشە لە دیاریکردنی وەزیری ناوخۆدا دەوری ڕاستەوخۆی هەیە.



### ئەندازیار سەعدی نەقشبەندی،

قایمقام (فەرماندار)ی جوانڕۆ وەکوو بەرپرسی سەقامگیرکردن و پاراستنی ئارامی و ئاسایشی شار و بەڕێوەبەری کۆبوونەوەکانی شۆرای سەقامگیرکردنی ئاسایش و چاودێریکردن بەسەر جێبەجێکردنی ڕێنومایییە پەسەندکراوەکان، لە ڕەوتی سەرکوتکردنی خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی ئەم شارەدا دەوری ڕاستەوخۆی هەبووە.




### موحەممەد پوورهاشمی،

جێگری سیاسی و ئەمنیی پارێزگای کرماشانئەو لە ڕێکەوتی ٢ی گەڵارێزان (٢٤ی ئۆکتۆبەر) لە وتووێژ لەگەڵ ڕاگەیاندنەکانی کۆماری ئیسلامیدا، حێزبە ئۆپۆزیسیۆنە کوردییەکانی دانیشتووی هەرێمی کوردستانی بە هۆکاری خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی ئەم شارە لە قەڵەم دابوو و داوای کردبوو دامودەزگا ئەمنییەکان بە قورسترین شێوە ڕووبەڕووی خۆپیشاندانەکان ببنەوە.

## کاربەدەستانی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی

ئەم کەسانە، هەرکەسە و بەپێی پێگەکەی دەبێ ڕاپۆرتی خۆی ڕادەستی عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی و فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی ئێران، بکات.



**عەمید (سەردار) موحەممەدنەزەر ئەعزەمی،**

فەرماندەی قەرارگای ڕۆژئاوای نەجەفی ئەشرەفی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی:

ئەم قەرارگایە ئەرکی فەرماندەیی سوپای پاسدارانی پارێزگاکانی کرماشان، ئیلام و هەمەدانی لە ئەستۆیە. لە ڕەوتی خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی جوانڕۆدا تەرمی یەک لە گیانبەختکردوان بە ناوی ئیسماعیل گوڵعەنبەر لە جوانڕۆوە گوازرایەوە بۆ بنکەی قەرارگای ناوچەیی نەجەفی ئەشرەف و دوای بەڵێنوەرگرتن لە بنەماڵەکەی لەمەڕ بەڕێوەنەبردنی ڕێورەسمی ئەسپەردەکردن لە جوانڕۆدا، تەرمەکەیان ڕادەستی بنەماڵەکەی کردەوە.



**عەمید (سەردار) کورووش ئاسیابانی**، فەرماندەی قەرارگای شەهید کازمی و جێگری فەرماندەی قەرارگای نەجەفی ئەشرەفی سوپای پاسداران:

بەپێی وتەی هاووڵاتیانی جوانڕۆ، ئەم کەسە دەوری ڕاستەوخۆی هەبووە لە کوشتن و سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکانی ئەم شارە لە چەند ساڵی ڕابردوودا و گەمارۆدانی شاری جوانڕۆیش هەر بە فەرمانی ئەو بووە.



**لیوا (سەرتیپ) بەهمەن ڕەیحانی**، فەرماندەی سوپای نەبیی ئەکرەمی کرماشان:

دەستبەسەرگەی دەزگای ئیتلاعاتی سوپای پاسدارانی کرماشان لە ناو سەربازگەی سوپای نەبیی ئەکرەمی کرماشاندایە و هەندێ لە هاووڵاتیانی جوانڕۆ دوای دەستبەسەرکران ڕەوانەی دەستبەسەرگەی ئەم دەزگا سەربازی-ئەمنییە لە نزیک مەیدانی نەوتی کرماشان کرابوون کە وەک وترا لە ناو سەربازگەی سوپای نەبیی ئەکرەمدایە.



**عەقید (سەرهەنگ) بەهمەن میرزایی،**

فەرماندەی سوپای جوانڕۆ:

سەرکوتکردنی قورسی خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی جوانڕۆ لەژێر فەرماندەیی مەیدانیی سوپای پاسدارانی جوانڕۆدا جێبەجێ کراوە و عەقید بەهمەن میرزایی وەکوو فەرماندەی سۆپای جوانڕۆ بۆ خۆی چاودێریی بەسەر کوشتنی هاووڵاتیاندا کردووە.



**عەمید (سەردار) ئەحمەدعەلی فەیزوڵڵاهی:**

لە کاتی خۆپیشاندانەکانی جوانرۆدا فەرماندەی یەکەی کۆماندۆی ئەنسارولڕەسوولی ئەم شارە بوو و لە گوڵانی ١٤٠٢دا (مەیی ٢٠٢٣) کرا بە فەرماندەی یەکەی سابیرینی سوپای پاسداران.

**کاربەدەستی وەزارەتی ئیتلاعات:**

لە ئێستەدا ئیسماعیل خەتیب وەزیری ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. وەزیری ئیتلاعات دەبێ

ڕاپۆرتی خۆی ڕادەستی خودی سەرکۆمار، واتە ئیبراهیم ڕەییسی، بکات. ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، عەلی خامنەیی، هەمیشە لە دیاریکردنی وەزیری ئیتلاعاتدا دەوری ڕاستەوخۆی هەیە.

**ئیمانی** (ناوی بچووک نەزانراوە)، سەرۆکی ئیدارەی ئیتلاعاتی جوانرۆ:

هیچ زانیارییەک لەسەر ناسنامەی ڕاستەقینەی ئەم کەسە لە بەردەستدا نییە، بەڵام هێزەکانی ئەم ئیدارەیە دەوری ڕاستەوخۆیان هەبووە لە سەرکوتکردن، ناسینەوە، دەستبەسەرکردن و ئەشکەنجەدانی خۆپیشاندەراندا.

**کاربەدەستانی پۆلیسی ئینتیزامی:**

کاربەدەستانی هێزی پۆلیسی ئینتیزامی لەژێر چاودێری و سەرۆکایەتیی وەزارەتی ناوخۆدان، ئێستا ئەحمەد وەحیدی وەزیری ناوخۆیە و دەبێ ڕاپۆرتی خۆی ڕادەستی سەرکۆمار ئیبراهیم ڕەییسی بکات.

**عەقید (سەرهەنگ) بێهرووز فەخری**، فەرماندەی پۆلیسی ئینتیزامیی جوانرۆ:

هێزەکانی سەر بە یەکەی تایبەت و ئیدارەی ئەماکنی ئەم دەزگایە لە ئەشکەنجەدان، دەستبەسەرکردن و بریندارکردنی خۆپیشاندەراندا دەوری سەرەکییان هەبووە.

**حسەین دەشتی**، فەرمانبەری ئیدارەی ئەماکنی جوانرۆ؛

**ئەکبەری** (ناوی بچووک نەزانراوە)، فەرمانبەری ئیدارەی ئەماکنی جوانرۆ:

بەپێی شایەتیی هەندێ لە دەستبەسەرکراوان، ئەم دوو فەرمانبەرەی ئیدارەی ئەماکن بە باتۆم و کێبڵ بە قورسی منداڵانی دەستبەسەرکراویان ئەشکەنجە داوە و هەڕەشەی دەستدرێژییان لێ کردووە.

**عەقید (سەرهەنگ) شەهرام حەیدەری**،

سەرۆکی پۆلیسی زانیاری و ئاسایشی گشتیی جوانرۆ:

ئەم کاربەدەستە کە لە ڕەوتی سەرهەڵدانەکەی ئەم شارەدا دەورێکی چالاکی هەبوو لە دەستبەسەرکردنی منداڵان و هاووڵاتیاندا، ڕۆژی ٢٩ی سەرماوەزی ١٤٠١ (٢٠ی دێسامبری ٢٠٢٢) لە کاتی ڕاوەدوونانی ژمارەیەک لە کاسبکارانی سەرسنووردا بریندار بوو و دوای چەند ڕۆژمانەوە لە نەخۆشخانە، گیانی لە دەست دا.

**کاربەدەستانی دەزگای دادوەری**:

بەرپرسان و فەرمانبەرانی دامودەزگا دادوەرییەکان لەژێر چاودێریی دەزگای دادوەری و وەزارەتی دادگوستەریدان و دەبێ ڕاپۆرتی خۆیان ڕادەستی ئەو ناوەندانە بکەن.

**ئەمیر بەهادوریی ئەمرایی**، جێگری دادوەری و سەرۆکی لقی ١٠٢ی دادگای کەیفەریی دووی جوانرۆ:

ناوبراو لە دادگاییکردن و سەپاندنی سزا بەسەر هاووڵاتیانی ڕاپەڕیودا، لەوانە چەند منداڵێکی دەستبەسەرکراو، دەوری هەبووە.

**مەنسوور وەیسی**، دادوەری ئێشکگر (خەفەر):

هەندێ لە هاووڵاتیانی دەستبەسەرکراو ڕایانگەیاندووە کە دوای دەستبەسەرکران بەبێ مۆڵەتی یاسایی، دەبرانە فەرمانگەی داد (دادگوستەری)ی جوانرۆ و ئەم بەرپرسە وەکوو دادوەری ئێشکگر بڕیاری دەستبەسەرکردنی کاتیی بۆ دەردەکردن.

**نەریمان شەفیعی**، سەرۆکی گشتیی فەرمانگەی داد (دادگوستەری)ی جوانرۆ:

ئەم کەسە وەک سەرۆکی دادگوستەریی جوانرۆ و هاوکاری دامودەزگا ئەمنییەکان، لە دەرکردنی بڕیاری دەستبەسەرکردنی کاتیی هاووڵاتیان و تازەکردنەوەی ئەو بڕیارە لە دەستبەسەرگە ئەمنییەکاندا دەوری هەبووە.

**حەبیبوڵڵا سێپێهرئایین**، داواکاری گشتیی جوانرۆ:

ناوبراو وەک داواکاری گشتیی جوانرۆ و هاوکاری دامودەزگا ئەمنییەکان، لە دەرکردنی بڕیاری دەستبەسەرکردنی کاتیی هاووڵاتیان و تازەکردنەوەی ئەو بڕیارە لە دەستبەسەرگە ئەمنییەکاندا دەوری هەبووە. بنەماڵەی هەندێ لە هاووڵاتیانی دەستبەسەرکراو لە کاتی سەردانکردنی دادگوستەریی ئەم شارەدا بە مەبەستی بەدواداچوون و ئاگاداربوونەوە لە دۆخی ئەندامانی دەستبەسەرکراوی بنەماڵەکەیان، ڕووبەڕووی بێڕێزی و هەڕەشەی ئەم کاربەدەستە بوونەتەوە.



# ئەنجامگیری و کۆتایی

ئەوەی لە ڕۆژانی ٢٩ و ٣٠ی گەڵاڕێزان و ١٠ای بەفرانباری ١٤٠١ لە جوانڕۆ رووی دا، بێگومان یەکێکە لە بێوێنەترین تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی دژ بە خەڵکی ئێران لە ماوەی سەرهەڵدانی شۆڕشگێڕانەی ژن، ژیان، ئازادیدا. ڕەهەندەکان و ئاستی سەرکوتکردنی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئەم شارە بچووک و کەمحەشیمەتە هێندە زۆر بوو کە بە جۆرئەتەوە دەتوانین وەک نموونەی ئاشکرای «تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی» ناوزەدی بکەین. واتە «کۆمەڵە کار و کردەوەیەکی دیاریکراو کە بە ئەنقەست لە لایەن دەوڵەتێکەوە، یان بە نوێنەرایەتیی دەوڵەتێک، وەك بەشێک لە سیاسەتێکی بەربڵاو یان ڕێکخراو، دژ بە خەڵکی مەدەنی لە کاتی شەڕ یان ئاشتیدا ئەنجام دەدرێت.»

«تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی» لە جوانڕۆ دەقاودەق بە ئاراستەی جێبەجێکردنی سیاسەتی سەرکوتکردنی خۆپیشاندانە جەماوەرییەکاندا ئەنجام دراوە. بەو پێیەی کە ناوەرۆکی توندوتیژئامێزی ئەم چەشنە کردەوانە بە پێشێلکردنی قورس و بەربڵاوی مافەکانی مرۆڤ دێتە ئەژمار، دەشێت لە بەستێنی جیهانی و لەژێر ناوی «تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی»دا بخرێتە بەر لێکۆڵینەوە یان بەدواداچوونی سەربەخۆی کەیفەرییەوە. بە تایبەت کە هێزە ئەمنی و چەکدارەکانی حکومەت دەستیان لە کۆمەڵە حاڵەتێکی فراوان و بەربڵاوی تاوانەوە گلاوە کە وا دیارە بە تەواوی مەبەستدار و سیستماتیک بووە، لەوانە کوشتن بە چەکوچۆڵی کۆمەڵکوژ، مرۆڤڕفاندن و بزرکردنی زۆرەملێ، پەنابردن بۆ کرداری توندوتیژی قورس لە دەستبەسەرکردنە هەڕەمەکییەکاندا، ئەشکەنجە، دەستدرێژیی سێکسی، توندوتیژیی سێکسی و ئازاردانی خەڵکی ڕاپەڕیو و تەنانەت تەقەکردنی بەئەنقەست لە مەمک، ئەندامی زاوزێ و چاوی کچانی خۆپیشاندەر.

پێشینەی لێکۆڵینەوە بۆ «تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی» لە هەندێ دادگای نێونەتەوەییدا، وەک دادگای نێونەتەوەیی کەیفەریی یوگوسلاڤیای پێشوو و دادگای نێونەتەوەیی کەیفەری بۆ ڕواندا، یان لێکۆڵینەوەی یاسایی لەژێر ئەهلییەتی دیوانی کەیفەریی نێونەتەوەییدا، دەتوانێت ئاسۆی لێکۆڵینەوەی یاسایی نێونەتەوەیی بۆ تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لە بەرانبەر خەڵکی ئێراندا، لەوانە خەڵکی جوانڕۆ، دیاری بکات.

جێگیربوونی یەکە جەنگییەکانی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی و بەکارهێنانی چەکوچۆڵی سووک و نیوەقورسی وەک دۆشکە، کلاشینکۆف، ژێ ٣ و قەناسە بۆ سەرکوتکردنی خەڵکی ڕاپەڕیو و هەروەها کۆنترۆڵکردن و گەمارۆدانی شار تا چوار مانگ دوای دەسپێکردنی سەرهەڵدانەکە، نیشاندەری ئەوەیە کە سەرکوتکردن و کوشتاری خەڵکی جوانڕۆ کردارێکی تەواو ڕێکخراو و پلانبۆدانراو بووە. ئەم بابەتەش بەڵگەیەکە بۆ سەلماندنی هەرچی زیاتری «تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی» لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە.



جـوانـڕۆ؛ ئاگری شەڕی دەسەڵات لە سەر دەستە بەتاڵەکان و سەنگەرەکانی ڕقی گەل

## ژێدەرەکان:

**١.** لە ڕەوتی سەرهەڵدانی شۆڕشگێڕانەی ١٤٠١دا (٢٠٢٢ و ٢٠٢٣)، واتە لە ٢٦ی خەرمانانەوە تا ٢٠ی بەفرانباری ١٤٠١

(١٧ای سێپتامبەری ٢٠٢٢ تا ١٠ای ژانڤییەی ٢٠٢٣) ٥٤٠ کەس، لەوانە ٧٤ منداڵ، لە سەرانسەری ئێراندا بە دەستی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کوژران و لایەنی کەم ٢٢ هەزار کەسیش دەستبەسەر کران. غوڵامحسەین موحسێنیی ئێژەیی، سەرۆکی دەزگای دادوەریی ئێران، لە ڕێکەوتی ٥ی پووشپەڕی ١٤٠٢دا (٢٦ی ژوەنی ٢٠٢٣) وتبووی: «لە ساڵی ڕابردوودا دادگوستەرییەکان جیا لە دۆسیە ڕۆتین و ئاساییەکانی خۆیان، لێکۆڵینەوەیان بۆ بیست و چەند هەزار دۆسیەی ئاژاوەکانیش کردووە و نزیک بە ٩٨ هەزار کەس لەوانەی کە لە زینداندا مابوونەوە و دوژمن دەیویست سووژەسازییان لێ بکات، کەوتنە بەر لێخۆشبوونی ڕێبەر و ئەو سووژەسازییە لە دەستی دوژمن دەرهێنرا»: https://www.irna.ir/news/85151575/

**٢.** حەوت کەس لە مەحکوومکراوان بە ئێعدام لە سێدارە دران. کۆمیساریای باڵای ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم ئێعدامانەی وەک «کوشتنی حکومەتی» لە قەڵەم دا. موحسین شکاری ٧ی سەرماوەز (٢٨ی نۆڤامبەری ٢٠٢٢)، مەجیدرەزا ڕەهنەوەرد ٢١ی سەرماوەز (١٢ای دێسامبەری ٢٠٢٢)، موحەممەدمێهدی کەرەمی و موحەممەد حسەینی ١٧ای بەفرانبار (٧ی ژانڤییەی ٢٠٢٣)، مەجید کازمی، ساڵح میرهاشمی و سەعید یەعقووبی ٢٨ی گوڵانی ١٤٠٢ (١٨ای مەیی ٢٠٢٣) لە سێدارە دران.

**٣.** جاوید ڕەحمان، ڕاسپێردراوی تایبەتی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری مافی مرۆڤ لە ئێراندا، ڕۆژی ٢٩ی ڕەشەمەی ١٤٠١ (٢٠ی مارسی ٢٠٢٣) لە شۆرای مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا وێڕای ئاماژەدان بە شێوازی هەڵسوکەوتی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە مانگەکانی پاش دەسپێکردنی خۆپیشاندانە جەماوەرییەکاندا، وتی کە ئەم هەڵسوکەوتانە دەشێت لە ڕیزی حاڵەتەکانی «تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی»دا پێناسە بکرێن. کوشتن، دەستبەسەرکردنی هەڕەمەکی و ڕەشبگیری، بزرکردن و بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ، ئەشکەنجەدان، دەستدرێژیکردن و توندوتیژیی سێکسی لەو حاڵەتانە بوون کە جاوید ڕەحمان لە قسەکانی خۆیدا ئاماژەی پێ کردن. ئەو وتی کە ڕەهەندەکان و قورسبوونی ئەم تاوانانە بە چەشنێک بووە کە «دەشێت بکەوێتە ناو بەستێنی ئەنجامدانی تاوانی نێونەتەوەیی و بەتایبەت تاوانی دژ بە مرۆڤایەتییەوە»: https://www.ohchr.org/en/news/2023

**٤.** لە خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی هەردوو شاری زاهیدان و خاش لە پارێزگای سیستان و بەلووچستاندا، لایەنی کەم ١٢١ کەس کوژران. کوشتاری خۆپیشاندەرانی شاری زاهیدانی پارێزگای سیستان و بەلووچستان لە ڕێکەوتی ٨ی ڕەزبەری ١٤٠١دا (٣٠ی سێپتامبەری ٢٠٢٢) بە «هەینیی خوێناوی» یان «هەینیی ڕەش» ناوزەد کرا. لەم ڕۆژەدا، خەڵکی نارازی وەک پەرچەکردارێک لە بەرانبەر دەستدرێژیکردنی فەرماندەیەکی پۆلیسی ئینتیزامیدا بۆ سەر کچێکی بەلووچ، دەیانویست گردبوونەوەیەکی نارەزاییانە ڕێک بخەن کە کەوتنە بەر دەسرێژی ڕاستەوخۆی هێزەکانی پۆلیس و لایەنی کەم ١٠٠ کەسیان کوژران. ڕۆژی ١٣ای گەڵاڕێزانی ١٤٠١یش (٤ی نۆڤامبەری ٢٠٢٢) هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شاری خاشدا بە گوللەی جەنگی ڕووبەڕووی خەڵکی ڕاپەڕیو، بەشداربوانی نوێژی هەینی و خەڵکی ڕاگوزەر بوونەوە کە لایەنی کەم ١٨ کەس، لەوانە دوو منداڵ، کوژران و بە دەیان کەس بریندار بوون. ڕێکخراوەی لێبوردنی نێونەتەوەیی ڕۆژی پێنجشەممە ١٩ای گەڵاڕێزانی ١٤٠١ (١٠ای نۆڤامبەری ٢٠٢٢) لە دووتوێی ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاند کە ژمارەی کوژراوانی هەینیی خوێناویی خاش ١٨ کەس بووە و هێزە ئەمنییەکان لە سەرکوتکردنی خەڵکی ئەم ناوچەیەدا «گوللەی جەنگیی کوشندە»یان بە کار هێناوە. ئەم دامەزراوە داکۆکیکارە لە مافەکانی مرۆڤ، لە دووتوێی بەیاننامەیەکدا جەختی کردەوە کە هێزە ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامی بە کەڵکوەرگرتن لە «سەرچەشنێکی کوشندە» لە سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکانی سیستان و بەلووچستاندا، «تەقەمەنی و گوللەی جەنگیی کوشندە» دژ بەم

خەڵکە بە کار دەهێنن و «سەرەوەی جەستە، سینگ و سەری خۆپیشاندەران بە مەبەستی کوشتار» دەکەنە ئامانجی گوللەکانی خۆیان. بەپێی ڕاگەیاندنی لێبوردنی نێونەتەوەیی، لە نێو لانیکەم ١٠٠ خۆپیشاندەر، بینەر و نوێژکەری کوژراو لە سیستان و بەلووچستاندا کە ئەم ڕێکخراوەیە ناسنامەی تۆمار کردوون، لایەنی کەم ١٦ «منداڵ» دەبینرێت:

/https://www.amnesty.org/en/documents/mde13/6193/2022/en

لە خۆپیشاندانەکانی شارەکانی کوردستانیشدا لایەنی کەم ١٢٥ هاووڵاتیی کورد کوژراون کە ١٢ کەسیان منداڵ بوون:

/https://kurdistanhumanrights.org/fa/press-releases-fa/2023/08/28/p28845

**٥.** ڕێکخراوەی لێبوردنی نێونەتەوەیی دوای تێپەڕینی شەش مانگ بە سەر خۆپیشاندانە دژەحکومییەکانی ئێران و لە ڕاپۆرتێکی هەمەلایەنەدا، ئاوری لە توندوتیژیی دژ بە منداڵان لە ناو خۆپیشاندانەکان و لە دوای خۆپیشاندانەکان دایەوە. ئەم ڕاپۆرتە لەسەر بنەمای وتووێژکردن لەگەڵ قوربانیان و شایەتحاڵانی مەیدانی لە پارێزگاکانی سەرانسەری ئێراندا، لەوانە ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات، ئێسفەهان، گوڵستان، کرماشان، خوراسانی ڕەزەوی، خووزستان، لوڕستان، مازەندەران، سیستان و بەلووچستان، تاران و زەنجان، ئامادە کراوە:

/https://www.amnesty.org/en/latest/news/2023/03

**٦.** مادەی ٢٧ی یاسای بنچینەیی ئێران (دەستوور) دەڵێت: «پێکهێنانی گردبوونەوە و خۆپیشاندان بەبێ هەڵگرتنی چەک، بە مەرجی ئەوەی دژ بە بنەماکانی ئیسلام نەبێت، ڕێگەپێدراو و ئازادە».

**٧.** پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان یەکێکە لە پەیماننامەکانی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لەسەر بنەمای جارنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ دارێژراوە. پەیماننامە یان کۆنڤانسیۆنی نێونەتەوەیی پێوەندیدار بە مافە مەدەنی و سیاسییەکانەوە بریتییە لە پێشەکییەک و ٥٣ مادە کە لە ڕێکەوتی ١٦ی دێسامبری ١٩٦٦دا لە لایەن کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەند کرا و لە لایەن نوێنەری خاوەن دەسەڵاتی دەوڵەتی ئێرانەوە لە ڕێکەوتی ٤ی ئاوریلی ١٩٦٨دا لە نیویۆرک ئیمزا کرا و دوای پەسەندکرانی لە ئەنجومەنی شۆرای نیشتمانیی ئێران لە کۆبوونەوەی ڕۆژی سێشەممە ٢٣ی گەلاڕێزانی ١٣٥١دا (١٤ی نۆڤامبەری ١٩٧٢) لە کۆبوونەوەی ڕۆژی چوارشەممە ١٧ی گوڵانی ١٣٥٤دا (٧ی مەیی ١٩٧٥) لە لایەن ئەنجومەنی پیران (سینا)ی ئێرانیشەوە پەسەند کرا. لە مادەی حەوتەمی ئەم پەیماننامەیەدا ئاوا نووسراوە: «نابێ هیچ کەسێک بخرێتە بەر ئازار و ئەشکەنجە یان سزای ستەمکارانە یان سزای پێچەوانەی مرۆڤایەتی یان سووکایەتییەوە.» لە خاڵی یەکەمی مادی نۆهەمیشدا وتراوە کە «هەموو کەس مافی ئازادی و ئاسایشی تاکی هەیە. نابێ هیچ کەسێک بە شێوەی هەڕەمەکی دەستگیر یان دەستبەسەر بکرێت و نابێ ئازادیی هیچ کەسێک زەوت بکرێت، مەگەر بەپێی بەڵگە و لەسەر بنەمای ڕێسای دادگاییکردن کە یاسا دیاریی کردبێت.».

**٨.** سێپتامبەری ساڵی ١٩٩٠ی زایینی (خەرمانانی ١٣٦٨) لە هەشتەمین کۆنگرەی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا پرەنسیبە بنەماییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەمەڕ بەکارهێنانی هێز و دەسەڵات لە لایەن حکومەتەکانەوە دژ بە هاووڵاتیان پەسەند کرا. مادەی ١٣ی ئەم دەقە دەڵێت کە حکومەتەکان لە بەرانبەر گردبوونەوەی نارەزاییانەی هاووڵاتیاندا بۆیان نییە پەنا بۆ هێز ببەن و چەکی گەرم بە کار بهێنن، لە کاتێکیشدا کە ناچارن چەک بە کار بهێنن دەبێ کەمترین مەترسی و لێکەوتەی هەبێت. مادەی ١٤یش لەسەر ئەو بابەتە پێ دادەگرێت کە حکومەتەکان تەنها کاتێک دەتوانن لە ڕووبەڕووبوونەوەدا چەک بە کار بهێنن کە هیچ ڕێگایەکی تر بۆ کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە نەمابێتەوە، ئەوەش تەنها چەکی زۆر کەممەترسیدار ڕێگەپێدراوە.

**٩.** مادەی ٧ی پێڕەوی دادگای نێونەتەوەیی تاوان لە ڕۆما، هەرکام لەم کردارانەی ژێرەوە ئەگەر بە شێوەیەکی بەربڵاو و ڕێکخراو و پلان بۆدانراو و وەک بەشێک لە هێرشکردن بۆ سەر گرووپێکی بێچەک ئەنجام بدرێن، لە ڕیزی

«تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی»دا لە قەڵەم دەدات: ئەلف) کوشتن، ب) لەناوبردن، ج) بەکۆیلەکردن، د) دەرکردن یان ڕاگواستنی ئیجباریی جەماوەر، هـ) بەندکردن یان شێوازەکانی تری بێبەشکردنی قورس لە ئازادیی جەستەیی کە پێشێلکەری پرەنسیپە بنەماییەکانی یاسای نێونەتەوەیی بێت، و) ئەشکەنجە، ز) دەستدرێژیی سێکسی، بەکۆیلەکردنی سێکسی، لەشفرۆشیی ئیجباری، دووگیانکردنی ئیجباری، خەساندنی ئیجباری، یان هەرچەشنە توندوتیژییەکی سێکسیی دیکە لە هەمان ئاستدا. ح) ئازاردان و چاودێریکردنی گرووپ یان کۆمەڵێکی دیاریکراو بە هۆکاری سیاسی، ڕەگەزی، نەتەوەیی، ئەتنیکی، کولتووری، ئایینی، جێندەری. هەروەها لەم مادەیەدا روون کراوەتەوە کە هەر تاوانێکی تر کە لە دووتوێی سەڵاحییەت و ئەهلییەتی ئەم دادگایەدا بگونجێت یان وەکوو کردارێکی ڕێگەپێنەدراو بە فەرمی باسی لێ کرابێت، وەکوو بزرکردن و بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ و ئیجباریی تاکەکان، تاوانی ڕەگەزپەرستانە یان هەر کردارێکی نامرۆڤانەی هاوشێوە کە بە مەبەستی سەپاندنی بەئەنقەستی ئازار و ئێشی سەخت یان زەبرگەیاندنی جیدی بە جەستە یان تەندروستیی جەستەیی و دەروونیی تاکەکاندا ئەنجام بدرێت، دەچێتە ریزی ئەو جۆرە لە تاوانەوە. هەر لەم مادەیەدا ئەوەیش روون کراوەتەوە کە مەبەست لە «هێرشکردنەسەر گرووپێکی بێچەک»، کۆمەڵەکردارێکە کە وەک لێکەوتە یان لە درێژەی سیاسەتی دەوڵەتێک یان ڕێکخراوەیەکدا بۆ ئەنجامدانی ئاوا هێرشێک ئەنجام دەدرێت و بریتییە لە ئەنجامدانی بەردەوامی کردارگەلێک دژ بە کۆمەڵەخەڵکێکی بێچەک. لەم مادەیەدا سەپاندنی بەئەنقەستی کێشە و گرفت بەسەر barودۆخی ژیانی خەڵکدا، لەوانە بێبەشکردن لە خواردن و دەرمان بە شێوەیەکی پلان بۆدانراو و بە مەبەستی پاکتاوکردنی بەشێک لە کۆمەڵەخەڵکێک، وەک حاڵەتی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی لە قەڵەم دراوە.

**١٥.** پرەنسیبی ئەهلییەتی جیهانی یان ئەهلییەتی دادوەریی جیهانی پرەنسیبێکی یاساییە کە ڕێگا بە دەوڵەتەکان یان ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان دەدات دژ بە تۆمەتبارێک، بەدەر لەوەی کە لە کوێ تاوانی کردووە، سەر بە کام نەتەوەیە و لە کام وڵات دەژی، ئیدیعای ئەهلییەتی کەیفەری و یاسایی بکەن. ئەو تاوانانەی دەکەونە ناو چوارچێوەی ئەهلییەتی جیهانییەوە، وەک تاوانی دژ بە کۆی مرۆڤایەتی لە قەڵەم دەدرێن. ئەم پرەنسیبە ڕێگا بە دادگای ناوخۆی وڵاتان دەدات بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە تاوانەکە لە کامە جوگرافیادا رووی داوە و تۆمەتبار هاووڵاتیی کامە وڵاتە، لە دادگا ناوخۆییەکاندا دادگایی بکەن. بۆ وێنە دادگاکانی وڵاتی سوێد لە ساڵی ٢٠١٠ی زایینییەوە و بە پشتبەستن بە پرەنسیبی ئەهلییەتی جیهانی، تۆمەتبارانی ناسوێدی دەخەنە بەر لێکۆڵینەوەی یاساییەوە و تا ئێستا لێکۆڵینەوەیان بۆ ١٠ دۆسیە کردووە. یەک لەوانە حەمید نووری لە کاربەدەستانی پێشووی دەزگای دادوەریی ئێران بوو کە دادگای ستۆکهۆڵم دوای بەڕێوەبردنی ٩٢ کۆبوونەوە، بە تاوانی بەشداریکردن لە ئێعدامی زیندانیانی سیاسی لە ساڵی ١٣٦٧دا (١٩٨٨) سزای زیندانی هەتاهەتایی بۆ بڕییەوە.

**١١.** بازاڕچە سنوورییەکان هەندێ ناوەندی کرینی کاڵان کە لای گۆمرگەکان و لە نزیک خاڵی سفری سنووری نێوان ئێران و وڵاتانی دراوسێی وەک تورکیا و ئێراق و پاکستاندا کراونەتەوە. لەم بازارانەدا کاڵای جۆراوجۆر دەفرۆشرێن و لەو جۆرە شوێنانەن کە گەشتیاران هەمیشە لە سەفەرەکانیاندا بۆ شارە سنوورییەکان سەردانیان دەکەن. بازاڕە سنوورییەکان لە زۆربەی شارەکانی پارێزگاکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، کوردستان و کرماشاندا کراونەتەوە کە بەشێکی بەرچاوی کاڵاکانی ناو ئەو بازارانە لە لایەن کۆڵبەرەکانەوە هاوردە دەکرێن. بازاڕی سنووریی جوانڕۆ لە بەناوبانگترین بازاڕە سنوورییەکانی ڕۆژئاوای ئێرانە.

**١٢.** مامۆستا مەلا موحەممەد ڕەبیعی، نووسەر، شاعیر و بێژەری ڕادیۆی کوردیی کرماشان و تاران و هەروەها ئیمام جومعە و وتاربێژی مزگەوتی جامیعی شافیعی لە شاری کرماشان بوو. مامۆستا ڕەبیعی یەکێک بوو لە قوربانیانی کوشتنە سیاسییەکانی دەیەی حەفتای هەتاوی (نەوەدەکان) کە بە «کوشتنە زنجیرەییەکان» بەناوبانگ بوو. مامۆستا ڕەبیعی کاتژمێر ١٢:٣٠ی نیوەڕۆی یەکشەممە ١٢ی سەرماوەزی ١٣٧٥ (٢ی دیسامبەری ١٩٩٦) بە مەبەستی ڕۆیشتن بۆ شوێنی کارەکەی لە تەلەڤیزیۆنی کرماشاندا لە ماڵ چووە دەرەوە و ئیدی قەت نەگەڕایەوە. نزیک کاتژمێر یەکی شەو لە نزیک تێرمیناڵی سنە بۆ تاراندا تەرمەکەی لە کەنار ئۆتۆمبیلەکەیدا دۆزرایەوە؛ مێزەرەکەی لە ژوور سەری و چاویلکە و عەباکەیشی لەسەر سنگی و بەرەو قیبلە دانرابوو. وەک

پەرچەکردارێک لە ئاست کوشتنی مامۆستا رەبیعی و لە رۆژی ئەسپەردەکردنی لە ١٣ای سەرماوەزدا (٣ی دیسامبەر)، ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیانی کرماشان خۆپیشاندانیان کرد کە بەرەورووی سەرکوتی توندئاژۆیانەی یەکەی دژەشۆڕش بوویەوە و نارەزاییەکان بەرەو شارەکانی دەوروبەر تەشەنەی سەند. چەندین شار بۆ ماوەی چەند رۆژێک چوونە حاڵەتی مانگرتنەوە و ژمارەیەکی زۆر لە خۆپیشاندەران دەستبەسەر و بریندار بوون. لە کرماشاندا ئەفسەرێکی پۆلیس گیانی لە دەست دا و لە شاری ڕوانسەری پارێزگای کرماشانیشدا خوێندکارێکی لاو بە دەسرێژی گوللە کوژرا:

https://www.iranrights.org/fa/memorial/story/71619/mohammad-rabii

**١٣.** رۆژی هەینی ٢٤ی گەلاڕێزانی ساڵی ١٣٩٨ (١٥ای نۆڤامبەری ٢٠١٩) دوابەدوای گرانکردنی کتوپڕی نرخی سووتەمەنی لە ئێراندا، زنجیرە خۆپیشاندانێکی نارەزاییانە شەقامەکانی چەندین شاری ئێرانی تەنی کە بۆ ماوەی سێ رۆژ لە ٢٩ پارێزگادا درێژەی کێشا. ئەم سەرهەڵدانە کە رووبەرووی سەرکوتی قورسی دەسەڵات بوویەوە، بە «گەلاڕێزانی خوێناوی» ناوبانگی دەرکرد. بە وتەی رێکخراوەی لێبوردنی نێونەتەوەیی، ٣٠٤ کەس و بە وتەی ئاژانسی هەواڵنێریی رۆیتەرز ١٥٠٠ کەس لەم سەرهەڵدانە سەرانسەرییەدا بە دەستی هێزەکانی حکومەت کوژران. لە خۆپیشاندانەکانی شاری جوانرۆدا شەش هاووڵاتی بە ناوەکانی کاوە موحەممەدی، حەمزە نەقدی، موبین عەبدوڵڵاهی، جەبار تەجارە، عەلی فیرووزبەخت و هاشم مورادی گیانیان بەخت کرد:

/https://www.radiozamaneh.com/482099

**١٤.** لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا کە لە لایەن خودی هێزەکانی سوپای پاسدارانەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو کرایەوە، بە روونی دەبینرێت کە ئەو چەکدارانە سەنگەرەکانی خەڵک بە هاواری «اللّٰەاکبر»ـەوە دەرووخێنن: https://t.me/KurdistanHRN/6910

**١٥.** لەو دیمەنانەدا کە لە خۆپیشاندانەکانی رۆژی دووشەممە ٣٠ی گەلاڕێزان (٢١ی نۆڤامبەر) لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو کرایەوە، چەندین هێلیکۆپتەری سوپای پاسداران دەبینرێت کە هاوکات لەگەڵ سەرکوتکردنی خۆپیشاندەراندا لە بنکەی سوپای ئەم شارەدا دەنیشنەوە:

https://twitter.com/KurdistanHRN/status/1594837194581180417?t=_CvSt9VhJCZ3uV24R69zgg&s=35

**١٦.** لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا کە رۆژی دووشەممە ٣٠ی گەلاڕێزان (٢١ی نۆڤامبەر) لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو کرایەوە، ئیسماعیل گوڵعەنبەر (یەک لە گیانبەختکردوان) کەتووە و چەندین کەس هەوڵ دەدەن یارمەتیی بدەن، بەڵام دەسرێژ لە خەڵکەکە دەکرێت و رێک لەم کاتەدا ژنێک لە پشتەوە و لە تەنیشت هاوژینەکەیدا دەپێکرێت و دەکەوێت (لە لای چەپی ڤیدیۆکەوە، چرکەی حەوتەم):

https://twitter.com/KurdistanHRN/status/1594609212222578689

**١٧.** لە گرتەیەکی ڤیدیۆیی رۆژی ٣٠ی گەلاڕێزاندا (٢١ی نۆڤامبەر) پەیمان سوهرابی‌راد دەبینرێت کە بریندار بووە و کەوتووە (سەرەوەی ڤیدیۆکە لە لای چەپەوە، چرکەی سێهەم): https://www.radiozamaneh.com/766671/

**١٨.** لە ڤیدیۆکانی رۆژی ٣٠ی گەلاڕێزاندا (٢١ی نۆڤامبەر) تەحسین میری دەبینرێت کە پێکراوە و خەڵکەکە هەوڵ دەدەن یارمەتیی بدەن (خولەکی ١:٢٦):

https://twitter.com/KurdistanHRN/status/1594677747191791616

# جوانرۆ

لە خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی سەرهەڵدانی ژن، ژیان، ئازادیدا، شاری بچووک و کەمحەشیمەتی جوانرۆ لە پارێزگای کرماشاندا، یەک لە توندوتیژئامێزترین فۆرمەکانی سەرکوتکردنی هێزە سەربازی و ئەمنییەکانی ئەزموون کرد؛ ٨ کەس، لەوانە منداڵێکی ١٦ ساڵان، گیانیان بەخت کرد و لایەنی کەم ٨٠ کەس، لەوانە منداڵان، بە سەختی بریندار بوون. هێزەکانی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بە چەکی جەنگی و نیوەقورس دەسڕێژیان لە خەڵک کرد، برینداران کەوتنە بەر پەلامار و لێدانی هێزەکانەوە و تەنانەت ئەوانەیش کە دەیانویست یارمەتیی برینداران بدەن، دەسڕێژیان لێ کرا. ژمارەیەکی بەرچاو لە برینداران نەیانتوانی بۆ دەرمان سەردانی نەخۆشخانە و ناوەندە پزیشکییەکانی شار بکەن، چونکوو هێزە ئەمنییەکان لە ناو و دەوروبەری ناوەندە پزیشکییەکاندا بە مەبەستی ناسینەوە و دەستبەسەرکردنی خەڵکی ڕاپەڕیو جێگیر کرابوون. ڕاپۆرتی «جوانرۆ؛ ئاگری شەڕی دەسەڵات لە سەر دەستە بەتاڵەکان و سەنگەرەکانی ڕقی گەل» گێڕانەوەیەکی بەڵگەنامەییە لەم سەرکوتە کەموێنەیە کە دیمەنێکی پوخت و ورد لە ڕەهەندەکانی پێشێلکردنی بەربڵاوی مافەکانی مرۆڤ پێشکەشی خوێنەر دەکات، پێشێلکارییەک کە دەشێت وەک نموونەی ڕوونی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی پێناسە بکرێت.

kurdistanhumanrights.org

iranhumanrights.org